# بەبەرهەمی
# لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا

نامەیەکە

نەرمین عومەر ئەحمەد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی
پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت
پ.ی.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید

(٢٧٠٩)ی کوردی

(٢٠١٠)ی زایینی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
کتێبخانەی کۆلێج

# بەبەرهەمی
# لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا

نامەیەکە

نەرمین عومەر ئەحمەد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید

(٢٠١٠)ی زایینی (٢٧٠٩)ی کوردی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم نامەیە بە چاودێریی من لە زانكۆی سلێمانی ئامادەكراوەو بەشێكە لە پێویستییەكانی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردیدا.

پ.ی.د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید

ڕۆژ: ٧/١٢/ ٢٠٠٩

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

پ.ی.د. دڵشاد عەلی محەمەد

ڕۆژ: ٢٩/١٢/ ٢٠٠٩

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوێژو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

پ.ی. د. تاڵب حسین علی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٢٨ / ٩ / ٢٠١٠

پ.ی.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد
ئەندام
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠١٠

پ.ی. د. محەمەد عەبدولفەتاح حمە سەعید
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠١٠

پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی
ئەندام
ڕۆژ: ٢٨/ ٩ / ٢٠١٠

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.ی. د. محمد دلێر ئەمین محەمەد
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ٥/ ١٠ / ٢٠١٠

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# پێشکەشە بە

هەموو ئەو کەسانەی

خۆشمدەوێن

خۆشیاندەوێم



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# سوپاس و پێزانینم بۆ

✍ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. محەمەدی مەحوی، کە هەمیشە هاندەرم بووە بۆ خوێندن، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بەوپەڕی لەخۆبووردووییەوە ئەرکی سەرپەرشتیی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆ.

✍ بەڕێز پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعروف فەتاح، کە لە دەستپێکی ئەم کارەدا ڕێنیشاندەرم بوو.

✍بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. دڵشاد عەلی محەمەد، لێپرسراوی خوێندنی باڵا، کە بە دڵسۆزییەوە بۆ وەرگرتن لە خوێندنی باڵا پشتیوانی کردووم .

✍ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.هۆگر مەحموود فەرەج، هەمووکات هاندەرم بووەو ئامادەبووە بۆ یارمەتیی دانم بەبۆچوون و سەرنجە بەنرخەکانی.

✍ بەڕێزان سەرجەم مامۆستایانم لە بەشی کوردی، لە هەردوو قۆناغی بەکالۆریۆس و ماجستێر، بۆ دڵسۆزیی و لە خۆبووردووییان.

✍بەڕێزان پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. تەها ساڵح ئەمین و مامۆستا بێخاڵ لەتیف، بۆ هاوکارییان لە وەرگێڕانی پوختەی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی.

✍ بەڕێزان هاوڕێیانم (م. فەرهاد تۆفیق، م. تریفە عومەر، م. سازان زاهیر)، بۆ دڵسۆزیی و هاوکاریی بەردەوامیان

✍ بەڕێزان هاوڕێیانم ( م. کاروان عمر، م. ئاڤێستا کەمال، م. ئومێدقادر )، بۆ هاوکارییان لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا.

✍ بەڕێزان هاوڕێیانم لە کتێبخانەی بەشی کوردی و کۆلێژی زمان، بۆ هاوکاریی و بەدەنگەوە هاتنی بەردەوامیان.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# هێماکان

| | |
|---|---|
| / -/ | پاشگر |
| /- / | پێشگر |
| >> << | زاراوە |
| { } | نیشانەی واتایی |
| / / | وشە |
| * | واتای نادروست |
| ~ | یان |
| < | دەبێتە |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# لیستی زاراوەکان

| بەزمانی ئینگلیزی | بەزمانی کوردی |
|---|---|
| *Reference* | ئاماژەبەند |
| *Unproductive* | بێبەرهەم |
| *Productivity* | بەبەرهەمیی |
| *Semantic Productivity* | بەبەرهەمیی سیمانتیکی |
| *Syntactic Productivity* | بەبەرهەمیی سینتاکسی |
| *Phonological Productivity* | بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژی |
| *Morphological Productivity* | بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی |
| *Encoding* | بەجفرەکردن |
| *Blocking* | بەربەستکردن (بلۆککردن) |
| *Producing* | بەرهەمهێنان |
| *Nominalization* | بەناوکردن |
| *Clipping* | پارچەکردن(پەرتکردن) |
| *Suffix* | پاشگر |
| *Fully Productive* | پڕ بەرهەم |
| *Prefix* | پێشگر |
| *Performance* | توانا |
| *Competence* | توانست |
| *Pragmatic Competence* | توانستی پراگماتیکی |
| *Grammatical Competence* | توانستی ڕێزمانی |
| *Syntactic Competence* | توانستی سینتاکسی |
| *Morphological Competence* | توانستی مۆرفۆلۆژی |
| *Blending* | تێکەڵکردن |
| *Pattern* | تەرز |
| *Decoding* | جفرەلێکدانەوە |
| *Creativity* | داهێنان |
| *Language Creativity* | داهێنانی زمانیی |
| *Rule- governed creativity* | داهێنانی یاسا-جڵەوگیر(داهێنانی یاسا سەروەر) |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| *Rule-change creativity* | داهێنانی یاسا- گۆڕ |
| *Well-forming* | دروست – داڕشتن |
| *back- formation* | دروستکردنی وەگەڕاوە |
| *Out put* | دەرکردە |
| *Transparency* | ڕوونیی (شەفافیەت) |
| *Constraints* | ڕێگرەکان (کۆتوبەند) |
| *Aesthetic constraints* | ڕێگری ئیستاتیکی/ جوانکارییانە) |
| *Pragmatic constraints* | ڕێگری پراگماتیکی |
| *Semantic constraints* | ڕێگری سیمانتیکی |
| *Syntactic constraints* | ڕێگری سینتاکسی |
| *Phonological constraints* | ڕێگری فۆنۆلۆژی |
| *Morphological constraints* | ڕێگری مۆرفۆلۆژی |
| *Language-acquisition* | زمانوەرگرتن / زمانپژان |
| *Head* | سەر |
| *Intuition* | سەلیقە |
| *Inflection* | شکاندنەوە |
| *Frequency* | فرەجاریی |
| *Type Frequency* | فرەجاریی چەشن |
| *Token Frequency* | فرەجاریی هێمایی |
| *Well- formedness* | فۆڕمدروستی |
| *Acronyms* | کورتکراوەکان |
| *Generality* | گشتگریی |
| *Affix* | لاگر |
| *Compounding* | لەیەکدان |
| *Denominalization* | لەناوخستن |
| *Modularity* | مۆدولارێتی |
| *Oddities* | ناوازەکان |
| *Agent –noun* | ناوی کارا |
| *Semi-Productive* | نیمچەبەبەرهەم |
| *Derivation* | هەلگواستن |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| *Conversion* | هەلگەڕانەوە |
| *Potential Words* | وشە ئەگەرییەکان |
| *word manufacturing* | وشە دروستکردن |
| *Existing Words* | وشە هەبووەکان |
| *Regularity* | یاسابەندیی |
| *Rule- governed* | یاسا-جڵەوگر(یاسا سەروەر) |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# پێرستی ناوەڕۆك


| بـــابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٢-١ |
| ١/٠ ) ناونیشانی نامەکە | ١ |
| ٢/٠ ) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە | ١ |
| ٣/٠ ) کەرەستەو سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نامەکەدا | ١ |
| ٤/٠ ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | ٢ |
| ٥/٠ )گرفتی نامەکە | ٢ |
| ٦/٠ ) ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە | ٢ |
| ***بەشی یەکەم : داهێنان و بەبەرهەمیی زمان*** | **٢٦-٣** |
| ١/١ ) مۆرفۆلۆژی لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا | ٣ |
| ١-١/١ ) مۆدولاریی مێشك | ٤-٣ |
| ٢-١/١ ) توانست و توانا | ٥-٤ |
| ٣-١/١ ) توانستی ڕێزمانیی | ٥ |
| ٤-١/١ ) توانستی مۆرفۆلۆژییانە | ٦-٥ |
| ٥-١/١ ) پەیوەندیی نێوان توانست و بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژیدا | ٦ |
| ٢/١ ) داهێنان و بەبەرهەمیی زمان | ٦ |
| ١-٢/١ داهێنانی زمانیی | ٧ |
| ٢-٢/١) داهێنانی یاسا-جڵەوگر (یاسا سەروەر) | ٨-٧ |
| ٣-٢/١) پوختەی خەسڵەتی یاسا-جڵەوگری زمان | ٨ |
| ٤-٢/١ ) داهێنانی وشە | ٨ |
| ١-٤-٢/١ ) وشە سادە نوێیەکان | ٨ |
| ٣-٤-٢/١ ) داهێنانی بێبەرهەم | ٩ |
| ٥-٢/١ ) (ئەنالۆژیی) | ١٠-٩ |
| ٣/١ ) بەبەرهەمیی زمان | ١١-١٠ |
| ١-٣/١ ) بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژی | ١١ |
| ٢-٣/١ ) بەبەرهەمیی سینتاکسی | ١١ |




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| ١/٣-٢ ) بەبەرهەمیی سیمانتیکی | ١٢ |
| ١/٣-٤) بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی | ١٤-١٣ |
| ٤/١ ) جیاوازیی نێوان داهێنان و بەبەرهەمی | ١٥-١٤ |
| ٥/١ )چەمکە سەرەکییەکانی بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی | ١٥ |
| ١/٥-١) چەمکی یاسابەندیی | ١٦-١٥ |
| ١/٥-٢) چەمکی فرەجاریی | ١٦ |
| ١/٥-٣) چەمکی گشتگریی | ١٧ |
| ٦/١) دەرکەوتنی بەبەرهەمی | ١٧ |
| ١/٦-١ ) بەبەرهەمی لە فۆرمدا | ١٨-١٧ |
| ١/٦-٢) بەبەرهەمی لە واتادا | ١٨ |
| ٧/١ ) ڕێگرەکانی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا | ١٩-١٨ |
| ١/٧-١) ڕێگرە فۆنۆلۆژییەکان | ١٩ |
| ١/٧- ٢) ڕێگرە مۆرفۆلۆژییەکان | ٢٠-١٩ |
| ١/٧- ٣) ڕێگرە سیمانتیکییەکان | ٢٠ |
| ١/٧- ٤) ڕێگرە سینتاکسییەکان | ٢١-٢٠ |
| ١/٧- ٥ ) ڕێگرە پراگماتیکییەکان | ٢٢-٢١ |
| ١/٧- ٦) بلۆککردن | ٢٤-٢٢ |
| ١/٧-٧ ) ڕێگری ئیستاتیکی | ٢٤ |
| ٨/١ ) پلەکانی بەبەرهەمی | ٢٥-٢٤ |
| ١/٨-١) پڕ بەبەرهەم | ٢٥ |
| ١/٨-٢ ) نیمچە بەبەرهەم | ٢٥ |
| ١/٨-٣ ) بێبەرهەم | ٢٦-٢٥ |
| ***بەشی دووەم: پرۆسەکانی وشەبەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا*** | **٦٤-٢٧** |
| ١/٢ )جۆرەکانی وشە | ٢٧ |
| ٢/١-١ ) وشەهەبووەکان یان ڕاستەقینەکان | ٢٨-٢٧ |
| ٢/١-٢) وشە ئەگەرییەکان یان لە توانادابووەکان | ٢٩-٢٨ |
| ٢/٢ ) بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا | ٢٩ |
| ٢/٢-١) ئەو پرۆسانەی لەگەڵ گۆڕانی زماندا داهێنراون / داهێنانی یاسا- گۆڕ/ | ٣٠-٢٩ |




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| ٢/٢-١-١ ) كورتكراوەكان | ٢١-٢٠ |
| ٢/٢-١-٢ ) پێكەوەگۆكردنەوە يان تێكەڵكردن | ٢١ |
| ٢/٢-١-٣ ) پارچەكردن (پەرتكردن) | ٣٢-٣١ |
| ٢/٢-١-٤ ) دروستكردنی وەگەڕاوە | ٣٢ |
| ٢/٢-٢ ) پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان | ٣٣-٣٢ |
| ٢/٢-٢-١) پرۆسەكانی هەڵگواستن | ٣٤-٣٣ |
| ٢/٢-٢-١-١) هەڵگواستنی ناو | ٤٨-٣٤ |
| ٢/٢-٢-١-٢)هەڵگواستنی ئاوەڵناو | ٥١-٤٨ |
| ٢/٢-٢-١-٣) هەڵگواستنی ئاوەڵكردار | ٥٢-٥١ |
| ٢/٢-٢-١-٤) هەڵگواستنی كردار | ٥٤-٥٢ |
| ٢/٢-٣) پرۆسەی وشەلەیەكدان | ٥٩-٥٤ |
| ٢/٢-٤) مۆرفۆلۆژیی شكاندنەوە | ٦٤-٥٩ |
| ٣/٢) هەڵگەڕانەوە | ٦٤ |
| ***بەشی سێیەم : بەبەرهەمیی لە چەند پرۆسەیەكی مۆرفۆلۆژییانەدا*** | ١٠٦-٦٥ |
| ١/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی هەڵگواستن | ٦٥ |
| ١/٣-١) گۆڕانی فۆنۆلۆژی – | ٦٦-٦٥ |
| ١/٣-٢) گۆڕانی پۆلەڕەگەز/ كاتەگۆری | ٦٧-٦٦ |
| ١/٣-٣) گۆڕانی سیمانتیكی | ٦٨-٦٧ |
| ٢/٣) نیشانە واتاییەكانی لاگر | ٦٩-٦٨ |
| ٣/٣) نیشانە واتاییە جیهانییەكان | ٦٩ |
| ٣/ ٤) نیشانە واتایی و پۆلە ڕەگەزە سەرەكییەكان لە پرۆسەكاندا | ٧١-٧٠ |
| ٥/٣) بەبەرهەمیی هەندێك لە پاشگرە داڕێژەكانی ناوی خاوەنپیشە | ٧١ |
| ٥/٣-١) /-گەر/ | ٧٢-٧١ |
| ٥/٣-١-١) ڕێگرەكانی بەبەرهەمیی پاشگری /-گەر/ | ٧٣-٧٢ |
| ٥/٣-١-٢) ڕێگەخۆشكەرەكانی بەبەرهەمیی پاشگری /-گەر/ | ٧٣ |
| ٥/٣-٢) /-ەوان/ | ٧٦-٧٤ |
| ٥/٣-٢-١) ڕێگرەكانی بەبەرهەمیی /-ەوان/ | ٧٦ |
| ٥/٣-٢-٢) ڕێگەخۆشكەرەكانی بەبەرهەمیی /- ەوان/ | ٧٧ |




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| ٣/٥-٣/ /-چی/ | ٧٨ |
| ٣/٥-٣-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-چی/ | ٧٩ |
| ٣/٥-٣-٢)ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی/چی/ | ٨٠-٧٩ |
| ٣/٥-٤) /-ەر/ | ٨١-٨٠ |
| ٣/٥-٤-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-ەر/ | ٨٢ |
| ٣/٥-٤-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-ەر/ | ٨٢ |
| ٣/٥-٥) جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی خاوەنپیشە | ٨٣-٨٢ |
| ٣/٦)بەبەرهەمیی هەندێك لەو پاشگرانەی ناوی شوێن دادەڕێژن | ٨٣ |
| ٣/٦-١) /-گە/ ~ /-گا/ | ٨٤-٨٣ |
| ٣/٦-١-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-گە/ ~ /-گا/ | ٨٥ |
| ٣/٦-١-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-گە/ ~ /-گا/ | ٨٥ |
| ٣/٦-٢) /-ستان/ | ٨٦-٨٥ |
| ٣/٦-٢-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-ستان/ | ٨٦ |
| ٣/٦-٢-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-ستان/ | ٨٧-٨٦ |
| ٣/٦-٣) /-خانە/ | ٨٧ |
| ٣/٦-٣-١)ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-خانە/ | ٨٧ |
| ٣/٦-٣-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-خانە/ | ٨٨ |
| ٣/٦-٤) /-دان/ | ٨٨ |
| ٣/٦-٤-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-دان/ | ٨٩-٨٨ |
| ٣/٦-٤-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-دان/ | ٨٩ |
| ٣/٦-٥) جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی شوێن | ٨٩ |
| ٣/٧) بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی نابەرجەستە | ٩٠ |
| ٣/٧-١) /-یی/ | ٩١-٩٠ |
| ٣/٧-١-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /- یی/ | ٩١ |
| ٣/٧-١-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-یی/ | ٩٢ |
| ٣/٧-٢) پاشگرەکانی دیکەی ناوی نابەرجەستە | ٩٣-٩٢ |
| ٣/٨) پوختەی بەبەرهەمیی پرۆسەکانی هەلگواستن | ٩٥-٩٤ |
| ٣/٩) بەبەرهەمیی پرۆسەی وشەلەیەکدان ـ | ٩٥ |




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| ١-٩/٣) لێکدراو بە پێی هەبوونی سەری واتایی | ٩٦- ٩٧ |
| ٢-٩/٣) بەبەرهەمیی لێکدراو بەپێی هەبوونی سەری واتایی | ٩٧ |
| ٣-٩/٣) تەرزەکانی لێکدراو بە پێی ڕیزبوونی دەرخەرو دەرخراو | ٩٨ |
| ٤-٩/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی ناوی لێکدراو | ٩٨ |
| ١-٤-٩/٣) بەبەرهەمیی تەرزی /ناو+ڕەگ/ | ٩٩ |
| ١-١-٤-٩/٣) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی تەرزی / ناو+ڕەگ/ | ٩٩ |
| ١-١-٤-٩/٣) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی تەرزی /ناو+ڕەگ/ | ١٠٠ |
| ٢-٩٤/٣) بەبەرهەمیی /-کردن/ لە داڕشتنی کرداری ناویی لێکدراودا | ١٠٠-١٠٣ |
| ١٠/٣) بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە | ١٠٣ |
| ١-١٠/٣) بەبەرهەمیی کۆی ناو | ١٠٣-١٠٦ |
| ئەنجام | ١٠٧- ١٠٨ |
| سەرچاوەکان | ١٠٩- ١٢٢ |
| الخلاصه | ١١٣ |
| Abstract | ١١٤-١١٥ |




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# پێشەکی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# پێشــەکــی

**١/٠ ) ناونیشانی نامەکە:**

ناونیشانی نامەکە "بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا"یە. مۆرفۆلۆژی وەك پێکهاتەیەکی ڕێزمان پرۆسەو یاساکانی بۆ دارشتنی وشەو بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی قسەپێکەرانە. بەمجۆرە لەم لێکۆڵینەوەیەدا قورسایی خراوەتەسەر ئەو یاسایانەی لەو پرۆسانەدا هەن‌و بەکاردەهێنرێن. ئەم هەوڵدانەش لە ڕێگەی خستنەڕوو و شیکردنەوەی بەبەرهەمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا جێبەجێدەبێت؛ سنوری لێکۆڵینەوەکە زمانی کوردی (زاری کرمانجیی ناوەڕاست)ە .

**٢/٠ ) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لێکۆڵینەوە لە بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی لە زمانی کوردیدا، بابەتێکی نوێیەو خستنەڕووی تواناو ئەدگاری پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی زمان و ڕۆڵیانە لە گەشەپێدان و فراوانکردنی فەرهەنگی زماندا. ئەم هۆیە مەبەستی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە، وەك ناوەڕۆکی نامەیەکی زانستیی و هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە هەنگاوێك بۆ لێکۆڵینەوە لە بەبەرهەمی بە شێوەیەکی فراوانتر چ لە مۆرفۆلۆژیداو چ لە سەرجەم ئاستەکانی دیکەی زماندا.

**٣/٠) کەرەستەو سەرچاوەی بەکارهاتوو لە نامەکەدا:**

لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە زاری کرمانجی ناوەڕاست‌و کەرەستەو داتاکان لەم زارە وەرگیراون، چ ئەوانەی لە سەرچاوە زمانەوانییەکانەوە وەرگیراون، چ ئەوانەی لە قسەکردنی ڕۆژانەوە وەرگیراون.

سەبارەت بە سەرچاوەکانیش، سەرچاوە زمانەوانییە کوردییەکان و سەرچاوەی بیانیش لە بواری زانستی زمانی بەرهەمهێناندا، بۆ لایەنی تیۆری بەکارهێنراون.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم لێکۆڵینەویەدا، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانە پەیرەوکراوە.

### ٥/٠ ) گرفتی نامەکە:

گرفتی نامەکە، بە نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی- کوردییەوە پەیوەستە، تابتوانرێت لە ڕێیەوە ئاماری تەواوی بەرهەمی هەر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی بخرێتەڕوو؛ بۆیە کارکردنەکە تەنها لەسەر ئەو داتایانە بووە، کە لە سەرچاوە زمانەوانییەکان و قسەکردنی ڕۆژانەوە وەرگیراون.

### ٦/٠ ) ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە:

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پوختە ، نامەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:**

بەناونیشانی "**داهێنان و بەبەرهەمیی زمان**" ە، بریتییە لە خستنەڕووی ئەدگاری داهێنان و بەبەرهەمیی پرۆسەو یاساکان لە زماندا و پەیوەندییان بە ئاستی مۆرفۆلۆژیی زمانەوە، دواتر بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی و جۆرو ڕێگرەکانی و پلەکانی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا خراونەتەڕوو.

**بەشی دووەم:**

بەناونیشانی " **پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشە لە زمانی کوردیدا**"یەو تایبەتە بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژی و نامۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیو ڕۆڵیان لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی وشەکانی زمانی کوردیدا.

**بەشی سێهەم :**

بە ناونیشانی "**بەبەرهەمیی چەند پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژییانە**"یە، بریتییە لە توێژینەوەو خستنەڕووی بەبەرهەمیی چەند پرۆسەیەکی دەستنیشانکراوی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی لە ئاستی هەلگواستن و لەیەکدان و مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەدا؛ لە کۆتایشدا ئەنجامەکان پێشکەشکراون.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# بەشی یەکەم
# داهێنان و بەرهەمی زمان

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# داهێنان و بەبەرهەمیی زمان

## ١/ ١) مۆرفۆلۆژی لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا:

لێکۆڵینەوە لە بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی، بەشێکە لە زانستی زمانی بەرهەمهێنانو بە لایەنەکانی مۆدولارێتی و توانستو توانای قسەپێکەرانی زمانەوە لە بەرهەمهێنانی وشەو دەربڕاوی نوێدا پەیوەستە. "ئامانجی سەرەکیی زانستی زمانی بەرهەمێنان، تێگەشتنە لە سروشتی زانیاریی(معرفة)ی زمان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی لەلایەن منداڵەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەدا پرسیاری سەرەکیی ئەم تیۆرییە لە بارەی دروستەی وشەوە ئەوەیە، کە پێویستە قسەکەر چ جۆرە زانیارییەکی لەسەر وشەکانی زمانەکەی هەبێت، تا لە قسەکردندا بەکاریانبهێنێت. هەوڵەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بوونە هۆی سەرهەڵدانی لقە تیورییەکانی لیکسیکۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی"[1] .

بە بۆچوونی چۆمسکی ( زانینی زمانێك بەسادەیی ئەوەنییە توانات هەبێت لیستێکی درێژ لە ڕستە بەکاربهێنیت، کە پێشتر بیستراون، بەڵکو زانینی زمانێك پێویستی بە هەبوونی توانستە بۆ داهێنان و تێگەشتن لە ژمارەیەکی گەورە لە دەربڕاو لەو زمانەدا، کە ڕەنگە هەندێکیان پێشتر نەبیسترابن یان نەبووبن)[2]. ئەم زانینەش ڕووی داهێنان و بەرهەمهێنانە لە زمانداو ئەدگارێکی سەرەکییە لە گشت زمانێکدا. بۆ تێگەشتن لە ئەدگاری داهێنەرانەی زمان پێویستە سەرچاوەی ئەو داهێنانە بخرێتە ڕوو، کە ئەویش پەیوەستە بە ئەدگاری مۆدولارێتیی مێشك و توانستی قسەپێکەرانی هەر زمانێکەوە.

ڕوونکردنەوەی مۆدولارێتیی مێشك و پەوەندیی بە زمانەوە و خستنەڕووی جۆرەکانی توانست دەمانگەیەنێتە ڕاستیی ئەدگاری داهێنان و بەبەرهەمیی زمان بەگشتیی و مۆرفۆلۆژی بەتایبەتی. ئەم کارەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی زانستی زمانی بەرهەمهێنان.

### ١-١/١ ) مۆدولاریی مێشك /Modularity/:

زانایان[3] لەسەر ئەوەکۆکن، کە مێشکی مرۆڤ مۆدولارییە، مەبەست لەوەیە، کە لە چەند پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆز پێکهاتووە. هەر پێڕەوە بۆ خۆی سەربەخۆ کاردەکات. ئەمەش ئەوە

[1] Katamba,(2006:5)

[2] Cook & Newson , (1996: 24-77)

[3] بۆزانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: Fodor, (1983)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەگەیەنێت، کە دەتوانین بەجیا لەهەر یەکێکیان بکۆڵینەوە وەك پێڕەوی ( بیر، ئاڕاستەکردن، دووان ، بینین ..هتد).

لەم بارەیەوە کریستاڵ (Crystal) دەڵێت: " ئەم زاراوەیە لە گفتوگۆکرن سەبارەت بەزمان، بە دوو ڕێگای کەمێك جیاواز لەیەك بەکاردەهێنرێت، لەلایەکەوە باس لە مۆدولاریی مێشك دەکرێت و مەبەست لێی ئەوەیە، کە مێشك مۆدولارییەو لە ژمارەیەکی جیاواز لە پێڕەو(مۆدول) پێکهاتووە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وەك پێڕەوی زمان و بینین. لەلایەکی دیکەوە بەتایبەت لە تیوری (GB- حوکمکردن و بەستنەوە) دا خراوەتەڕوو، کە پێڕەوەی زمان بۆخۆی مۆدولارییە، بەو واتایەی لە ژمارەیەك لقەمۆدولی تر پێکدێت و زۆر بە وردیی کاردەکەن "[1].

لەبەرئەوەی زمان مۆدولێکی مێشکە، پێڕەوێکە، پێڕەوەکە ناونراوە ڕێزمان. ڕێزمانیش بنەمای مۆدولاریی مێشکەو لەچەند پێڕەوێکی بچووکتر پێکهاتووە، کە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆی و سینتاکس و واتان. ئەم مۆدولانە هەریەکەیان سەربەخۆن و دەتوانرێت سەربەخۆ لێیان بکۆڵرێتەوە. لێرەوە ئەو ڕاستییە دێتە ئاراوە، کە دەکرێت لە دیاردەیەك لە دیاردەکانی مۆرفۆلۆژی یان سینتاکس بکۆڵرێتەوە.

### ٢-١/١ ) توانست و توانا:

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوی مۆدولاریی مێشك و پەیوەندیی بە توانای بەبەرهەمییەوە لە زماندا پێویستە باس لە >> توانست و توانا << بکرێت، چونکە توانست ڕاستەوخۆ بە مۆدولی زمانەوە لە مێشکدا پەیوەستە.

" توانست ( توانا گشتییە زمانییەکەیە) هەمبەر بە توانا ( بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە هەرکەسێك). توانست ئەو زانینە ناوەزییە شاراوەیەی قسەکەری زمانی دایکە، کە لە پرۆسەی زمانوەرگرتنەکەیدا ( زمانپژان و زمانفێربوون) بە بێ ئاگابوونی خۆی وەریگرتوون. توانا:ئەو دەربڕاوانەن، کە قسەکەرانی زمانێك لەسەر بناغەی توانست بەرهەمیان دەهێنن"[2]

---

[1] Crystal, (2003:297)

[2] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٦: ١٣)

" لای چۆمسکی ، توانست ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە نەك توانا؛ زانیاریی زمانێك پێوستی بە دەسەڵاتشکاندنەوە بەسەر پێڕەوێکی ئاڵۆز لە یاسا هەیە، کە توانای بە جفرەکردن و جفرەلەیەکدانەوەی ژمارەیەکی بێ سنوور لە دەربڕاو بە مرۆڤ دەدات" [1].

## ٣-١/١) توانستی ڕێزمانی / Grammatical Competence/:

"چۆمسکی دوو جۆر لە توانستی دیاریکردووە، کە(توانستی ڕێزمانی، توانستی پراگماتیکی)ن. **توانستی ڕێزمانی:** کۆزانیاری قسەپێکرانی زمانێکە دەربارەی ڕێزمانی زمانەکەیان، توانستی ڕێزمانی قسەپێکەرانی زمانێك لە دوو جۆر سەلیقەدا ڕەنگدەداتەوە" [2]

١- سەلیقەی قسەپێکەرانی زمانێك لە دروستدارشتنی ڕستەکان.

٢- سەلیقەی قسەپێکەران لە دروستەی ڕستەدا.

" ئەرکی زمان هەوڵدانە بۆ نیشاندانی ڕووی داهێنان لە توانستی ڕێزمانیدا بۆ دارشتنەوەی گونجاوی کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و سیمانتیکی" [3] .واتە زانیاری بەرامبەر ڕستەکانی زمان لە چێوەی ڕێزماندا چوار لایەن دەگرێتەوە ، توانستی ( فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکسی ، سیمانتیکی ).

## ٤-١/١ ) توانستی مۆرفۆلۆژییانە / Morphological Competence/:

توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێك لە سەلیقەی زمانییان لەبارەی دروستەمۆرفۆلۆژییەکان و دروستدارشتنیاندا دەردەکەوێت.

سەبارەت بە دروست – دارشتن، بۆ نموونە قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی دەزانن، کە هەردوو وشەی /van , can/ فۆرمێکی تایبەتیان هەیە کاتێك دەکرێن بە کۆ /cans , vans/، بەلام وشەی /man/ بەو شێوەیە نییە و کاتێك دەکرێت بە کۆ دەبێت بە /men/.

" یەکێك لە یاساکانی ئەم پێڕەوە یاساکانی وشە دارشتنە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە قسەپێکەرانی زمانێك پەیوەست نین سەرجەم وشەکانی زمانەکەیان لەبەر بێت، کە دەیزانن. توانستیان

---

[1] Katamba,( 2006:8)
[2] Radford , (1988:20)

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەو ئەدگارەی تێدایە، کە تەحەکوم بکات بە یاساکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ و لەیەکدانەوەی واتای وشە نوێیەکان یان نەبیستراوەکان، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە"[1]

## ١/١- ٥ ) پەیوەندیی نێوان توانست و بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا:

ئەم پەیوەندییە لە توانستی مۆرفۆلۆژییانەی قسەپێکەرانی زماندا دەردەکەوێت، بەتایبەت لەو بەشەدا، کە پەیوەستە بە سەلیقەی قسەپێکەرانەوە لە دروست دارشتنی وشەکاندا. ئەمەش بەشێکە لە داهێنانی یاسا-جلەوگری زمان. " توانست وەك ڕێزمانی بەرهەمهێنان گوزارشتە لە داهێنانی یاسا-جلەوگری زمان "[2] ، لە بواری بەبەرهەمیدا توانست یارمەتیی قسەپێکەرانی زمان دەدات بۆ دروست - دارشتنی وشەکانی زمان، ئەمەش بەئاشکرا لە پرۆسەی لاگرلکاندن و پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی دیکەدا دەردەکەوێت.

## ٢/١ ) داهێنان و بەبەرهەمیی زمان:

هەردوو زاراوەکە بە شێوەیەکی فراوان لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێن. ئەم دوو زاراوەیە لە هەندێك لە لێکۆڵینەکاندا وەك هاوواتای یەکتر بەرچاودەکەون.
زۆر جار زاراوەی >>داهێنان<< تەنها بە سینتاکسەوە دەبەسترێتەوە، بەڵام پێکهاتەی سینتاکس وشەو مۆرفیمەکانن، بەو جۆرەش لە ڕێگەی سینتاکسەوە داهێنان دەبێتە تایبەتمەندییەکی مۆرفۆلۆژی. زاراوەی بەبەرهەمی و داهێنان لە مۆرفۆلۆژیدا بەکارهێنانی لەیەك جیاوازیان هەیە، بۆیە پێویستە بوار و سنووری هەر یەکێکیان بخرێتەڕوو. پێویستە لەسەرەتادا مەودای ئەو دوو زاراوەیە لە زماندا بەگشتیی و دواتر لە مۆرفۆلۆژیدا بە تایبەتیی بخرێتەڕوو.

### ١-٢/١ ) داهێنانی زمانی /Language Creativity/:

لە تیوری ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی >>داهێنان<< بۆ چۆمسکی دەگەڕێتەوەو مەبەست لێی هەموو زمان بووە، واتە زمانی مرۆڤ لە بنچینەدا داهێنانە.

[1] Katamba, ( 2006:5)
[2] J. Newmeyer, (2002:20)

" بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە زمانەوانیدا بۆ ئەو واتا دیارە دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندیی بە توانای بەکارهێنەرانی زمانەوە لە بەرهەمهێنان و تێگەشتنی ژمارەیەکی بێشومار لە ڕستە هەیە، کە زۆربەی ئەو ڕستانە پێشتر نەبیستراون و بەکارنەهێنراون. داهێنان وەك توانایەکی زمانی بۆ بەبەرهەمیی لە تەرزەکاندا دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێی ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەنگ و دروستەوە، دەکرێت ژمارەیەکی دیارینەکراو لە ڕستە بەرهەمبهێنرێت "[1] ئەم جۆرەی داهێنان بە داهێنانی یاسا-جڵەوگر دەناسرێت.

## ٢-٢/١) داهێنانی یاسا- جڵەوگر(یاسا سەروەر) / Rule- governed creativity/:

ئەم جۆرەی داهێنان بە مۆدولاریی مێشکەوە دەبەسترێتەوە، ئەبستراکتەو بەشێکە لە توانستی زمانیی. "وەك چۆمسکیی ئاماژەی بۆکردووە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکرێت هەندێك ڕۆشناییمان لەبارەی تێگەشتن لە هەڵسوکەوتی یاسا-جڵەوگر بداتێ. هەروەها توانای سەربەستیی و داهێنان لە چوارچێوەی پێڕەوێکی یاسادا، کە لە بەشێکیدا لای کەم ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستەیی مێشکی مرۆڤە"[2]
واتە زمان هەڵسوکەوتێکی یاسا-جڵەوگرە. بۆیە لە چوارچێوەی پێڕەوی زماندا، داهێنان ڕێگەپێدراوە، چونکە بە بۆچوونی چۆمسکی ناکرێت بە ڕەهایی باس لە داهێنان بکرێت.
" هیچ قسەکردنێك سەبارەت بەداهێنان نابێت، ئەگەر پابەندبوون نەبێت "[3] واتە داهێنان لە زماندا هەڕەمەکیی نییەو بە کۆمەڵێك یاساو ڕێساوە پابەندە، ئەمەش داهێنانی یاسا-جلەوگری زمانە، کە لە چوارچێوەی ڕێزماندایە.
" داهێنان ئەدگارێکی تایبەتە بە مرۆڤ ، کە مرۆڤ لە ئامێرەکان و بێگومان گیاندارانی دیکەش جیادەکاتەوە، بەلآم ئەم ئەدگارە یاسا-جڵەوگرە، ئەو دەربڕاوانەی بەرهەمیاندەهێنێت، دروستەیەکی ڕێزمانیی دیاریکراویان هەیە، کە لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە بە دروست - دارشتن ناسراون ڕێکدەکەون"[4]

---

[1] Crystal, (2003:116)
[2] Smith, (2004: 184)
[3] سەرچاوەی پێشوو
[4] Lyons , (1981: 230)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ١-٢/٣ ) پوختەی ئەدگاری یاسا- جڵەوگریی زمان:

چۆمسكی خەسڵەتی یاسا-جڵەوگریی زمان بەم جۆرە دەخاتەڕوو :

"- كۆمەڵێك یاسای سینتاكسی ئەوە دیاریدەكەن، كە چۆن ڕستە لە فرێز و فرێزیش لە وشە دادەڕێژرێت:

- كۆمەڵێك یاسای مۆرفۆلۆژی ئەوە دیاریدەكەن، كە چۆن وشەكان لە مۆرفیمەكان دادەڕێژرێن.

- كۆمەڵێك یاسای فۆنۆلۆژی ئەوە دیاریدەكەن، كە چۆن وشەو فرێز و ڕستەكان گۆدەكرێن.

– كۆمەڵێك یاسای سیمانتیكی ئەوە دیاریدەكەن، كە چۆن وشەو فرێزو ڕستەكان واتاكانیان لێكدەدرێتەوە ."[١]

### ١-٢/٤ ) وشە داهێنان :

لە سەر ئاستی وشەدا دوو جۆر داهێنان دەخرێنەڕوو:

١- داهێنانی یاسا- جلەوگر، كە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان و بەبەرهەمییاندا دەردەكەوێت.

٢- داهێنانی یاسا-گۆڕ

داهێنانی یاسا-گۆڕ ئەو جۆرەی داهێنانە، كە بەشێكە لە توانای زمانیی و لە زمان بەكارهێناندا دەردەكەوێت /Language use/. ئەم جۆرەی وشە داهێنان لە ئەنجامی گۆڕانی بەردەوامی زمانەوە دێتە ئاراوە، باوەر (Bauer)، جگە لە ئەنالۆژی، دوو جۆری دیكەی داهێنانی یاسا-گۆڕ دەخاتەڕوو[٢]:

### أ) وشە سادە نوێیەكان:

لێرەدا (Bauer )، ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو، كە "وشەسادە نوێیەكانی زمان بەجۆرێك پێكدێن، كە لە بەبەرهەمی جیاوازە، دەكرێت ئەمە ناوبنێین داهێنان"[٣] ، ئەم بۆچوونە لەگەڵ بۆچوونی توێژەرەوانی دیكە یەكدەگرێتەوە، كە مۆرفۆلۆژی وەك ئەو بوارە دەبینن، كە مامەڵە لەگەڵ پێكهاتەكاندا دەكاتو داهێنانی وشە سادە نوێیەكان بەهیچ جۆرێك بابەتی

---

[1] Radford , (1988 : 18)
[2] Bauer, (2001:63)

[3] سەرچاوەی پێشوو: ل ٦٢



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

مۆرفۆلۆژی نییه. ئەرەنۆف (Aronoff)[1]، ئەم جۆرانەی داهێنان بە (( -ناوازەکان - oddities) ناودەبات، وەك : تێکەڵکردن و کورتکردنەوە و پارچەکردن(پەرتکردن)... هتد.

ئەم جۆرانەی وشەدروستکردن، داهێنانێکە لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانیەتو پێداویستیی بۆ هێنانەدی وشەی نوێ بۆ بیروشتی نوێ هاتوونەتەئاراوە.(بڕوانە: ٢/٢-١/١/ ل ٢٩) ئەم جۆرەی وشەداهێنان لە زماندا بەردەوام لە گەشەکردندایەو بەپێی زمانەکان و پێویستی، جۆری نوێ دێتە ئاراوە.

## ب) داهێنانی بێبەرهەم:

ئەو وشە نوێیانەن، کە لەلایەن تاکە کەسەوە دادەهێنرێن، بە تایبەتی لە هۆنراوەو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا دەردەکەوێت، زۆربەی کات ئەم وشانە نایەنە ناو زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوەو دووبارەنابنەوە؛ ئەمەش پەیوەندیی بە لایەنی واتایی و داڕشتنی ئەو وشانەوە هەیە.

ئەم دوو جۆرەی داهێنانی یاساگۆڕ، لە هەردوو ڕووی چۆنیەتیی دروستبوونیان و ڕادەی دووبارەبوونەوەیانەوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە بەبەرهەمی جیادەبنەوە.

## ٢/١- ٥ ) ئەنالۆژی /Analogy/[2]:

ئەنالۆژی جۆرێکی دیکەی وشە داهێنانە، کە لە ئەنجامی گۆڕانی مێژوویی زمانەوە دێتەئاراوە. زۆرێك لە زمانەوانەکان بۆچوونیان وەهایە، کە وشە نوێیەکانی زمان بە مۆدیلی ئەنالۆژی دروستدەبن، بەلام ئەم بۆچوونە لەگەڵ بنەماکانی تیوری بەرهەمهێناندا یەك ناگرێتەوە.

" تیوری بەرهەمهێنان لەوشە داڕشتندا، وادادەنێت کە وشە داڕشتن بە یاسا حوکمدەکرێت، ئەمەش لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە، کە وشەی ئەگەریی لە زماندا هەن، هەروەها هەندێك ڕایەڵ بۆ دیاریکردنی ئەو داڕێژانەی، کە وشەی ئەگەریی دادەڕێژن هەیە. جیاوازیی لە نێوان ئەمانەدا بە پێی یاسا دیاریدەکرێت."[3] بۆ نموونە وشەی /beigeness/ وشەیەکی ئەگەرییە، بە ڕەچاوکردنی ئەو یاسایەی کە پاشگری /ness-/ دەچێتە سەر هەر ئاوەڵناوێك

---

[1] Aronoff,(1981:20)

[2] لە زمانەوانیی کوردیدا، بەرامبەر /ئەنالۆژی/ هەردوو زاراوەی >> پێوانە<< و >>چونیەکی<<یش بەکاردەهێنرێن.

[3] Bauer ,( 2004: 76)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بۆ دارشتنی ناو، بەلام لە لایەکی ترەوە /beigeity/ وشەیەکی ئەگەریی نییە، هەرچەندە ئەم پاشگرە /-ity/ دەگرێت بخرێتە سەر ناوەڵناوو بیکاتە ناو وەك /liberality- lucidity/، بەلام ناوەڵناوی /beige/ ناچێتە هیچ یەکێك لەو پۆلە بناغانەی ، کە یاسای وەرگرتنی /-ity/ دەیانگرێتەوە.

هەرچەندە تارادەیەك پێشبینیکردنی ئەنالۆژی گرانە، لەگەڵ ئەمانەشدا ناتوانین بڵێین لە زماندا نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی دیکەی گەشەپێدانی گەنجینەی وشەکانی زمانە و بەشێکە لە داهێنانی- یاساگۆڕ لە زماندا .

" جیاکردنەوەی ئاشکرای نێوان بەبەرهەمی و داهێنان، زیاتر ئەو جیاکردنەوەیەیە، کە بەپێی بنەمای دارشتن بە یاساو دروستکردنی ئەنالۆژییانەیە، هەندێك جار وشەی نوێ دروستدەکرێت، کە دروستکردنەکە بە ڕوونی لەسەربنەمای شێوەی تاك وشەی ترە، لەجیاتی لەسەربنەمای یاسا گشتییەکە" [1] بۆنموونە لە زمانی فەرەنسیدا وشەی تایبەت بۆ زەمینی مانگ دارێژراوە، کە بەئاشکرایی لە مۆدێلی زەوی دەچێت:

| | | |
|---|---|---|
| (۱) | Terre | زەوی |
| | Atterrir | سەرزەوی |
| | Lune | مانگ |
| | Allunir | سەرمانگ |

دروستکردنی ئەم وشەیە بە پێی یاسا نەبووە، چونکە لە زمانی فەرەنسیدا یاسایەکی لەو شێوەیە نییە، کە بەبەرهەم بێت. مۆدێلەکانی ئەنالۆژی بەگشتی بێبەرهەمن و بە بەشێك لە مۆرفۆلۆژی ئەژمارناکرێن.

## ۳/۱) بەبەرهەمیی زمان:

زاراوەی بەبەرهەمی هەندێك جار بەجۆرێك بەکاردەهێنرێت، کە داهێنان دەگرێتەوە. واتە توانای زمانە مرۆییەکانە بۆ بەکارهێنانی هۆکاری سنووردار لە پێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراوو بێ سنوور لە دەربڕاو، بەلام بە شێوەیەکی گشتیی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بەبەرهەمی وەك ئەدگارێکی مۆرفۆلۆژییانە دانراوە، هەرچەندە هەندێك

---

[1] Haspelmath, (2002: 101)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لێکۆڵینەوە ئاماژە بۆ بەبەرهەمیی سینتاکسی و بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکیش دەکەن.

### ١-٣/١) بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژی/ Phonological Productivity /:

دەتوانین لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا بە دوو جۆر بەبەرهەمی جیابکەینەوە:

١- فۆنیمەکانی هەر زمانێك لە بەشداریکردنیان لە پێکهێنانی مۆرفیم و وشەکانی زماندا بەبەرهەمن، هەروەها ڕوونیی (شەفافیەت)ی فۆنۆلۆژی، ڕێگە بەبەرهەمی لە داڕشتنی مۆرفیم و فرێز و ڕستەکاندا دەدات .

٢- لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا قسەپێکەرانی زمانێك زانیاریی زیاتر لەوەیان هەیە، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەمەش مەبەست لە هێزو ئاوازو تۆنە؛ واتە بوونی هێزو ئاوازو تۆن لە زماندا ڕێگەیەکی دیکەی بەبەرهەمییە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا[١].

### ٢-٣/١ ) بەبەرهەمیی سینتاکسی /Syntactic Productivity/:

"بەبەرهەمیی سینتاکسی، کەبە >>داهێنانی سینتاکسی<<یش ناودەبرێت، بریتییە لە توانای قسەپێکەرانی زمان بۆ بەرهەمهێنان و تێگەشتن لەو ڕستانەی پێشتر نەیگوتوون یان نەیبیستوون، ئەمەش بۆ توانستی زمانیی ئەو قسەپێکەرانە دەگەڕێتەوەو لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زانینی تاکە زمانێك زانینی سەرجەم یاساکانی ئەو زمانەیە"[٢]

یاسابەندیی و فراوانکاریی، دوو چەمکی سەرەکیی بەبەرهەمیی سینتاکسن. چەمکی یاسابەندیی بە یاساڕێزمانییەکانی زمانەوە بەندە. مەبەست لە فراوانکاریش بەکارهێنانی تەرزەکانە بەچەشنی نوێ، مەبەست بەکارهێنانی تەرزە سینتاکسییەکانە بۆ گوزارشتە نوێ و داهێنراوەکان.

لەئاستی سینتاکسدا لە چەندین بواردا لێکۆڵینەوە لە بەبەرهەمی دەکرێت، وەك بەبەرهەمیی دۆخی ڕێزمانیی، بەبەرهەمیی ڕێژەی کردار واتە تێپەرو تێنەپەڕو بەبەرهەمیی مۆرفۆسینتاکسی .... هتد[٣]

---

[1] www.linguistics.ucla.edu.
[2] Barðdal, (2008: 29)

[3] سەرچاوەی پێشوو : ل ٢٩-٣١



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٢-٣/١)بەبەرهەمیی سیمانتیکی /Semantic Productivity/:

بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، بەگشتی وەك بەبەرهەمیی ڕێزمانیی ناودەبرێت و لە بەرامبەریشدا بەبەرهەمیی سیمانتیکی باسدەکرێت، کە ئەم جۆرەی بەبەرهەمی بە ڕوونیی (شەفافیەت) ی سیمانتیکییەوە پەیوەستە. " یەکێکە لە ئەدگارەکانی پەیوەندییە سیمانتیکییەکان، مەبەست لەو پەیوەندییە سیماتیکییە نوێیانەیە، کە ڕەنگە لە نێوان وشەکاندا بێتەدی"[1] . بەبەرهەمیی سیمانتیکی لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە هاووتایی و فرەواتاییدا.

هەروەها بەشێك لە بەبەرهەمیی سیمانتیکی لە زماندا لە ئیدیەمەکاندا دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی بوونی ئیدیەم جۆرێك لە داهێنانو بەبەرهەمییە لە زماندا، لەناوخودی ئیدیەمەکانیشدا ئەدگاری بەبەرهەمیی هەیە. بوونی چەند ئیدیەمێك بۆ هەمان واتا ئەدگاری بەبەرهەمیی ئیدیەمەکانە.

ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە ئیدیەمەکانەوە دەخرێتەڕوو، بە دیاریکردنی ئیدیەمە ڕەسەنەکەو پاشان بەپێی گۆڕانی کۆمەڵ و زمان، ئیدیەمی دیکە بۆ هەمان واتا لە زماندا دروستدەبێت، ئەمان بە جێگرەوەی ئیدیەمە ڕەسەنەکە دادەنرێن. ئەمەش بە ( semantically productive idiom variants) ناودەبرێت.

" دەکرێت تاکە وشەکانی ئیدیەمێك بۆ وشەی نوێ بگۆڕدرێن، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی واتای ئیدیەمیی نوێ، کە لە ئیدیەمە ڕەسەنەکەو وشە نوێیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە"[2]

(٢)

break the ice
shatter the ice

نموونەی لەم شێوەیە لە ئیدیەمەکانی زمانی کوردیدا لەم ئیدیەمانەی خوارەوەدا دەبینرێت.

(٣) لەپەل‌وپۆکەوتووە.

لەدەست‌وقاچ کەوتووە.

(٤) سەرکوتی کرد.

سەرکوێری کرد.[3]

---

[1] Murphy, (2003:27)
[2] W. Gibbs,(1994: 283)

[3] بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە: شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩: ٥٨-٦٠)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٤-٣/١ )بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی /Morphological Productivity/:

وەك پێشتر ئاماژەی بۆكرا، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا بەشێكە لە توانست و داهێنانی یاسا-جلەوگری زمان. بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا بەچەند چەشنێك خراوەتەڕوو، هەندێك جار لە ڕووی چۆنیەتی و هەندێك جار لە ڕووی چەندێتییەوە باس لە بەبەرهەمی دەكرێت. هەروەها دیاریكردنی ئەوەی، چی بەبەرهەمە، واتە ئایا یاساكان، یان تەرزەكان، یان وشەكان، یان لاگرەكانن، كە بەبەرهەمن. لەم ڕووەوە باوەر (Bauer:2001) بۆچوونی وایە، كاتێك دەڵێین بەبەرهەمی، ئەوا مەبەست لەگشت ڕێزمانە، بەتایبەت، كە مۆرفۆلۆژی بەشێكە لە ڕێزمان و ئێمەش لە بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی دەدوێین.

پێناسەی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا بەپێی ئەو خستنەڕووانەی، كە لەپێشەوە ڕوونكرانەوە، چەند جۆرێكە، بەڵام ئەوەی بۆ زمانەوانەكان گرنگە زیاتر جیاكردنەوەی بەبەرهەمییە لە داهێنانی - یاساگۆڕو زۆر كاتیش لەو ڕوانگەیەوە بەبەرهەمی پێناسەدەكرێت. " بەبەرهەمیی لە مۆرفۆلۆژیدا، دەكرێت بەوجۆرە پێناسە بكرێت، كە ڕادەی گونجاویی لاگرێكە بۆ بەكارهێنانی لە داڕشتنی وشەی نوێ لە زماندا "[1] .

ئەم پێناسەیە، بەبەرهەمی بە لاگرەكانەوە و توانای دووبارەكردنەوەیان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا دەبەستێتەوە. ئەم بۆچوونە لای زۆر لە زمانەوانەكان دووبارە دەبێتەوە، چونكە ڕادەی بەبەرهەمیی لاگرەكان لەهەموو زمانەكاندا ، لەگشت جۆرەكانی دیكەی وشە بەرهەمهێنان زیاترە، كەموكوڕیی ئەم پێناسەیە لەوەدا دەردەكەوێت، كە ئاماژە بە پرۆسەیەكی بەبەرهەم لە زۆر لە زمانەكاندا ناكات، كە ئەویش پرۆسەی لەیەكدانە.

"بەبەرهەمی لە پێڕەوی پەیوەندیكردندا ئەو تایبەتمەندیەیە، كە ڕێگە بە داڕشتن و شیكردنەوەی هێمای نوێ دەدات، گرنگیی بەبەرهەمی لە زانستی زمانی نوێدا جەختی لێكراوە، بەتایبەتی لەلایەن چۆمسكییەوە، لەگەڵ ئاماژەدانی تایبەت بۆ كێشەی بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە .

ئەو ڕاستییەی، كە منداڵ لە تەمەنێكی زووی گونجاودا توانای ئەوەی هەیە، دەربڕاوی وا بەرهەمبهێنێت، كە پێشتر بە هیچ جۆرێك نەیبیستوون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە زمان فێربوون تەنها لە ڕێگەی لاساییكردنەوەو لەبەركردنەوە نابێت"[2]

---

[1] Spencer ,( 2001:237)
[2] Lyons ,( 1981: 22)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەستنەوەی بەبەرهەمی بە تیوری بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە جێگەی گرنگیپێدانەو یەکێکە لەو بەڵگانەی، کە دەیسەلمێنێت زمان یاسا-جلەوگرە، لە تاقیکردنەوەکەی (wug-test)[1]دا ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت.

"بەبەرهەمی ئەدگارێکی داهێنانی مۆرفۆلۆژییانەیە، ئەدگارێکی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە، کە ڕێگە بە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ دەدات، بەڵام مەرج نییە هەموو وشە بەرهەمهێنانێک بەبەرهەم بێت، بۆئەوەی نیشانیبدەین، کە بەبەرهەمە، پێویستە لە قسەکردنی گشتیدا فرەجاربێت، بەرهەمهێنان لەلایەن تاکە کەسەوە، بەڵگەی بەبەرهەمی نییە، کۆمەڵێک هەلومەرجی جیاواز هەن، کە یارمەتی بەبەرهەمی دەدەن: چەشنی فرەجاریی بناغە گونجاوەکان، ڕوونیی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکی، سروشت، و هتد.

بەڵام ئەمانە یارمەتیدەری بەبەرهەمین نەک خودی بەبەرهەمیی خۆی. دەکرێت بەبەرهەمی لە داهێنان جیابکرێتەوە، هەرچەندە گرانە، کە هێڵێکی جیاکەرەوەی تەواو لە نێوانیاندا بکێشین، بەڵام دەتوانین بڵێین بەبەرهەمیی یاسا-جلەوگرەو داهێنان - یاساگۆڕە لەڕێی ئەنالۆژییەوە. بەکورتی بەبەرهەمی لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا توانای فرەجارییانە"[2]
ئەم پێناسەیەی باوەر (bauer) تاڕادەیەکی زۆر گشت لایەنەکانی بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی دەخاتەڕوو، هاوکات لە ئەدگارێکی دیکەی زمانی جیادەکاتەوە، کە ئەویش >>داهێنانی – یاساگۆڕە<<.

## ٤/١ ) جیاوازیی نێوان داهێنانو بەبەرهەمی:

کێشانی هێڵێکی جیاکەرەوەی تەواو لە نێوان بەبەرهەمیوداهێناندا ئاسان نییە، چونکە ئەم دوو دیاردەیە لە زماندا تێهەڵکێش و تەواوکەری یەکترن. بەتایبەت لەو ڕووەوە، کە داهێنانی زمانی، تەنها یەک جۆر داهێنان نییە. بەبەرهەمی بەشێکە لە داهێنانی یاسا-جلەوگر، بەڵام دەکرێت لە چەند خاڵێکدا لە داهێنانی یاساگۆڕ جیاوازبێت:

---

[1] لە ساڵی ١٩٨٥ ژنە فەیلەسوف(jean berko)تاقیکرنەوەیەکی لەسەر کۆمەڵێک منالی تەمەن نێوان ٤-٧ ساڵان ئەنجامدا، وێنەی گیاندارێکی خەیاڵیی پیشانی منالەکان دا وپێی وتن ئەم گیاندارە ناوی /wug/ە پاشان وێنەی چەند دانەیەک لە هەمان گیانداری پیشانی منالەکان دا و لێی پرسین ئەمانە چین ، منالەکان وتیان /wugs/، واتە منالەکان بێ ئەوەی پێشتر ئەو گیاندارەیان بینیبێت، توانیان کۆی ناوەکە بلێن بە پێی یاسای بەکارهێنانی مۆرفینی /s/ی کۆ لە زمانی ئینگلیزیدا.
بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Pinker: word and rules:1999)

[2] Bauer : (2001: 98)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١- بەبەرهەمی، بابەتی فرەجارییە، واتە لەڕووی بوونی پلەوە، بەبەرهەمی لە داهێنانی ياساگۆڕ جیادەبێتەوە.

٢- بەبەرهەمی ئەبستراکتەو بەشێکە لە توانستی مۆرفۆلۆژییانە، لەکاتێکدا داهێنانی ياساگۆڕ بەشێکە لە تواناو لە ئەنجامی گۆڕان و پێویستیی زمانەوە هاتووەتەئاراوە، وەك کورتکردنەوەو وردکردنەوەو.....هتد.

٣- زۆر جار داهێنانی ياسا-گۆڕ بە ئەدەب و هۆنراوەوە دەبەسترێتەوە، واتە ئەو وشە نوێیانەی لەلایەن شاعیرو ئەدیبەکانەوە بەرهەمدێن و بە ئاشکرایی هەستیان پێ دەکرێت، ئەوانە وشەداهێنانی یاسا-گۆڕن و زۆر جار بە (ڕێگەپێدراوی شاعیرانە)[1] ناودەبرێن.

٤- مۆدێلی ئەنالۆژی، بەشێکی سەرەکیی داهێنانی یاسا- گۆڕە.

## ٥/١ )چەمکە سەرەکییەکانی بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی:

چەمکی بەبەرهەمی لە زماندا چەمکێکی فراوانەو زۆر لایەن دەگرێتەوە، بەڵام لە مۆرفۆلۆژیدا بەگشتی لە سێ چەمکی سەرەکیدا کۆدەکرێتەوە:

### ١-٥/١ ) چەمکی ياسابەندیی /Regularity/:

لە زانستی زمانی نوێدا، ياسابەندیی چەمکێکە لە هەموو ئاستەکانی زماندا باسی لێوەدەکرێت. " فۆڕمەکانی زمان کاتێك بە ياساگشتییەکانی زمانەوە پەیوەستن ئەوا ياسابەندن"[2]

بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی /girl, boy/ ياسابەندن، چونکە بەپێی یاسایەکی گشتیی کۆی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا کۆ وەردەگرن /girls, boys/، بەڵام/ man / ياسابەند نییە، چونکە بەپێی یاساگشتییەکە نابێت بە کۆ /men/[3].

"واتایەکی دیکەی ياسابەندیی لە مۆرفۆلۆژیدا ئەوەیە، کە پرۆسەیەك ياسابەندە ئەگەر تەنها پرۆسەبێت، لە هێنانەدی زۆربەی فۆڕمە زمانییەکاندا بەکاردەهێنرێت"[4]. بۆ نموونە

---

[1] Haspelmath, (2002: 101)

[2] Crystal, (2003:393)

[3] زۆرکات منالّ لەم جۆرە بارانەدا هەڵەدەکات و بەپێی ياساگشتییەکە دەڕوات، بۆنموونە بۆکۆی /man/ دەڵێت /mans/، ئەم دیاردەیە بە ( هەڵەی داهێنەرانە) لای منالآن ناودەبرێت

[4] Bauer, (2001:54)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کۆ بە /s-/ لەزمانی ئینگلیزیدا، هەر بەوشێوەیە لە زمانی کوردیدا کۆی ناو بە پاشگری /-ان/ پرۆسەیەکی یاسابەندە.

## ٢-٥/١ ) چەمکی فرەجاریی /Frequency/:

### ١-٢-٥/١ ) فرەجاریی چەشن /Type Frequency/:

"ئەم جۆرەیان هەندێك جار بە /فرەجاریی فەرهەنگی/ ناودەبرێت. گرنگیی بە ژمارەی ئەو یەکە زمانییە هەبووانەی دەکەونە چوارچێوەی پرۆسەیەکەوە دەدات.
بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا فرەجاریی چەشن بۆ پاشگری /-ric/ یەکە، چونکە ئەم پاشگرە تەنها لەیەك وشەدا دەبینرێت/*bishopric*/.یاخود فرەجاریی چەشن بۆ /-ter/ دووە، چونکە تەنها لە دوو وشەدا دەبینرێت"[1].
فرەجاریی چەشن ئاماژەیە بۆ ژمارەی وشە جیاوازەکان لە پۆلێکدا، زۆرجار ناکرێت فرەجاریی چەشن لە زماندا بە تەواویی بڕیاری لێ بدرێت وەك لەو وشانەی پێشەوەدا کرا.

تەنها لە هەندێك باردا دەتوانرێت فرەجاریی چەشن بڕیاری لەسەربدرێت، بۆ نموونە وەك ئەو وشانەی لە (*The Oxford English Dictionary*)دا ڕیزکراون.
ئەم جۆرەی فرەجاریی لە دەرەوەی فەرهەنگیش دەکرێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی فرەجاریی لاگرەکانی شکاندنەوەش سوودی لێوەربگیرێت.

### ٢-٢-٥/١) فرەجاریی هێمایی /Token Frequency/:

"هەندێك جار بە /دەقە فرەجاریی/ناودەبرێت." گرنگیی بە ژمارەی جارەکانی دووبارەبوونەوەی وشەیەکی داڕێژراو لە بەکارهێناندا دەدات"[2]. ئەمەش زیاتر لە دەقێکی نووسراودا دیاریدەکرێت و ئاماژەیە بۆ ژمارەی دەرکەوتنی وشەیەك لەو دەقەدا.
لەم جۆرەی فرەجارییدا دەکرێت ژمارەی دووبارەبوونەوەی لاگرێك، یان پرۆسەیەك لە چوارچێوەی دەقێکدا دیاریبکرێت.

---

[1] Bauer, (2001: 54)
[2] Haspelmath, (2002: 137)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەرچەندە فرەجاریی یەکێکە لە چەمکەکانی بەبەرهەمی، بەڵام بە بۆچوونی (بـاوەر) دەستنیشانکردنی تەواوی فرەجاریی لە بەبەرهەمیدا تەنها لە ڕابردوودا دەبێت، چونکە ڕادەی بەبەرهەمی و چالاکیی پرۆسەو لاگرەکان جێگیرنییەو گۆڕانی بەسەردادێت.
بۆ نموونە ڕەنگە پرۆسەیەك پلەی فرەجاریی زۆر بەرزبێت، بەڵام لە ئێستادا بەبەرهەم نەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە[1]. ئەم گۆڕانەش بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی زمانەوە دەبێت.

## ٣-٢-٥/١) چەمکی گشتگریی /Generality/:

هەردوو چەمکی فرەجاریی‌و یاسابەندیی هۆکاری سەرەکیی چەمکی گشتگریی مۆرفۆلۆژین. لێرەشەوە دەگوترێت ئەو وشە دارشتنەی زیاتر گشتگرە زیاتر بەبەرهەمە. کەواتە ئەم سێ چەمکە بەناویەکدا چوون‌و تەواوکەری یەکترن.
"پەیوەندیی نێوان ئەم سێ چەمکە لەدیاریکردنی پلەکانی بەبەرهەمیدا دەردەکەوێت. پلەی بەرزی بەبەرهەمی پلەی بەرزی یاسابەندییە، پلەی بەرزی یاسابەندیی، پلەی بەرزی فرەجارییەو لە ئەنجامیشدا ئەمانە دەبنە هۆی پلەی بەرزی گشتگریی"[2].

## ٦/١ ) دەرکەوتنی بەبەرهەمی:

بەگشتی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا، لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت

## ١-٦/١ ) بەبەرهەمی لە فۆڕمدا:

( مەبەست لە بەبەرهەمیی فۆڕم، فۆڕمدروستییە. بەواتایەکی دیکە یاسابەندی و گشتگریی لە ڕووی فۆڕمەوە. بەبەرهەمی لە فۆڕمدا لەو لاگرانەدا دەردەکەوێت، کە بەشێوەیەکی فراوان لە دارشتنی وشەی نوێدا بەکاردەهێنرێن، هاوکات لاگرێکی دیکە هەیە، هەر واتای ئەم لاگرەی هەیە، بەڵام بەکارهێنانی کەمترە)[3].
بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا /ness-/ی دارێژی ناوی نابەرجەستە لە ئاوەڵناو، بە شێوەیەکی زۆر فراوان بەکاردەهێنرێت‌و بەبەرهەمە، بەڵام/ity-/ کەمتر بەکاردەهێنرێت.

---

[1] Bauer ,(2001:47 )
[2] Barðdal, (2008: 21)
[3] McCarthy,( 2002:85)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم جیاوازیی بەکارهێنانی فۆرمەش زۆربەی کات بە لایەنی فۆنۆلۆژییەوە پەیوەستەو ڕێگرە فۆنۆلۆژییەکان ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن.
لە زمانی کوردیدا پاشگری/-ی/ دارێژی ناوی نابەرجەستە، لەگەڵ زۆربەی ناوەڵناوەکاندا دێتو لە گشت لاگرەکانی دیکەی ناوی نابەرجەستە بەبەرهەمترە.
سەبارەت بە پرۆسەی وشەلەیەکدان، بوونی تەرزی جیاواز بۆ دارشتنی پۆلە ڕەگەزێکی دیاریکراو، بەبەرهەمی لە فۆرمدا دێنێتە ئاراوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا چەندین تەرز بۆ دارشتنی ناوی لێکدراو، یان ئاوەڵناوی لێکدراو .... هتد هەن.

## ٢-٦/١ ) بەبەرهەمی لە واتادا:

مەبەست لە بەبەرهەمی لە واتادا، واتادروستییە. هەندێك جار بەبەرهەمی لە فۆرمدا لەگەڵ بەبەرهەمی لە واتادا هاوتەریب دەبن، بەبەرهەمیی واتا وا دەکات فۆرمێك بەبەرهەمبێت، بۆنموونە لاگری پێشوو /-ness/، کە لەڕووی فۆرمەوە بەبەرهەمە، هەر بەوجۆرەش لەڕووی واتاوە بەبەرهەمە، بە واتایەکی تر لەڕووی واتاوە یاسابەندە، بەلام هەندێك جار لایەنی واتا لە بەردەم بەبەرهەمیی فۆرمێکدا ڕێگرە، زۆرکات لایەنی واتایی لە ڕێی دیاریکردنی نیشانەواتاییەکانی بناغەو لاگرەوە پلەی بەبەرهەمیی پاشگرێك دیاریدەکات.بڕوانە(٣/٢-ل ٦٨)

## ٧/١ ) ڕێگرەکانی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا /Restrictions/:

پرۆسەی وشەدارشتن لە زماندا ڕەها نییە، چەندین هۆکاری زمانیی و نازمانیی کاردەکەنە سەر ڕادەی بەبەرهەمیی ئەم پرۆسانە. ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەرچەندە کۆمەڵێك لێکچوونیش لە نێوان زمانەکاندا هەن.
کۆمەڵێك ڕێگر پلەی بەبەرهەمیی ئەو پرۆسانە دیاریدەکەن، هەندێك زمانەوانی وەك پلاگ (Plag) ڕێگرەکانی تەنها بە دوو جۆر جیاکردووەتەوە، ڕێگری دروستەیی، کە تێیدا باس لە دروستەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی دەکات، ئەوانەی تریان بریتین لە ڕێگرە پراگماتیکییەکان[1].

[1] Plag, (2003:64)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

زمانــەوانانی دیکــەی وەك (Baure:2001, Katamba:2003, Štekauer:2005) ڕێگرەکانی پەیوەست بە دروستەوە، هەریەك بەجیاواز باسدەکەن وجگە لـەم ڕێگرانـە، ڕێگری جوانکاریی(ئیستاتیکیی) دەخەنەڕوو، بۆ زیاتر خستنەڕووی هەریەك لەو ڕێگرانەو ڕۆڵیان لە دیـاریکردنی ڕادەی بەبەرهـەمی لەمۆرفۆلۆژیـدا، لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـە شـێوازی دەسـتەی دووهەمی زمانەوانان ئەو ڕێگرانە دەخرێنەڕوو.

## ١-٧/١) ڕێگرە فۆنۆلۆژییەکان /Phonological constraints/:

ڕێگـرە فۆنۆلۆژییـەکانی بـەردەم بەبەرهـەمی لـە پرۆسـە مۆرفۆلۆژییـەکانی وشەداڕشـتندا، بەگشتیی ئەم لایەنانە دەگرێتەوە، لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانەکان لەم ڕووەوە.

١- ڕێگرەکانی پەیوەست بە دروستەی سەگمێنتیەوە.

٢-ڕێگرەکان پەیوەست بە دروستەی سەروسەگمێنتیەوە[1]

"یاسـاکانی وشەداڕشـتن لەکاتێکـدا دەکەونـە ژێرکاریگـەریی فۆنۆلۆژییـەوە، کـە ناڕێزمـانیی دەرکردەکانیان بەشێوەیەکی تایبەت پشت بەفۆڕمی فۆنۆلۆژیی بناغەکە دەبەستێت "[3].

واتە فۆڕمی فۆنۆلۆژیی بناغەکە بڕیاری ڕێزماندروستیی، یان ناڕێزمانیی دەرکـردەی پرۆسـەی وشەداڕشتن دەدات.

لەزمانی ئینگلیزیدا پاشگری کرداریی /en-/ تەنها دەچێتە سەر ئەو بناغانەی کۆتاییان بەم فۆنیمانە هاتووە (/k/, /t/, /s/, /d/)، بەڵام نابێت بناغەکە کۆتایی بەیەکێك لە فۆنیمەکانی (/n/, /l/)، یان ڤاوڵ هاتبێت[2].

سەبارەت بە ڕۆڵی هێز، لە زمانی ئینگلیزیدا، پاشگری /al-/ تەنها دەچێتە سەر ئەو کارانەی، کە هێزی سەرەکیی لەسەر دوا بڕگەیانە.

(٥)

try - trial
deposit - *deposita

هێز لە پرۆسە مۆڕفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا، ڕێگرنییە، بەڵام دوا فۆنیمی بناغە بڕیار لەسەر وەرگرتن یان وەرنەگرتنی لاگرێك دەدات، ئەمەش بەهۆی یاسای فۆنۆلۆژیی

---

[1] Štekauer(2005:59)

[2] سەرچاوەی پێشوو : ل ٦٠

[3] Plag, (2003:78)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پێکەوەنەهاتنی دوو ڤاوڵەوە. وەك لە بەشی دووهەم و سێهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەیبینین، لە زمانی کوردیدا لایەنی فۆنۆلۆژی، زۆر کەم لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕێگرە، هەروەها کاتێك لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەدا ئەم لایەنە دەردەکەوێت، زمانەکە زۆر بەئاسانییو لەڕێی دروستبوونی ئەلۆمۆرفەکانەوە چارەسەریدەکات، بۆنموونە ئەلۆمۆرفەکانی ناسراویی ناو.

## ٢-٧/١ ) ڕێگرە مۆرفۆلۆژییەکان / Morphological constraints/:

ڕێگرە مۆرفۆلۆژییەکان بە جۆری پێکهاتەی بناغەکانەوە پەیوەستن. " تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی بناغە، دەکرێت لە بەردەم جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەکاندا ببنەڕێگر، زۆر جار مۆرفیمە ڕەسەنەکان، جیاواز لە مۆرفیمە بیانییەکان هەڵسوکەت دەکەن، هەندێك لاگر لەوانەیە تەنها بە بناغە ڕەسەنەکانەوە بلکێن، یان بە پێچەوانەوە تەنها بەو بناغانەوە بلکێن، کە سەرچاوەکانیان زمانێکی بێگانەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، پاشگری /-ant/ تەنها دەچێتە سەر ئەو بناغانەی سەرچاوەکەیان زمانی فەرەنسییە/ assailan /entrant "[1]

"هەندێك یاسای وشە- دارشتن بەرامبەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی بناغە هەستیارن. دارشتن بلۆکدەکرێت، کاتێك بناغەکە دروستەیەکی تایبەتیی ناوەوەی هەیە.
دارشتنی ئاوەڵکردار لە زمانی ئیتاڵیدا بە پاشگری /-mente/ بەبەرهەمترە لە هاوتاکەی لە زمانی ئینگلیزیدا بە/-ly/، کە تەنها لەگەڵ سادەدا بەکاردەهێنرێت. هەروەها دەچێتە سەر ئاوەڵناو بەڵام ناچێتە سەر بناغەی لێکدراو"[2]

## ٣-٧/١ ) ڕێگرە سیمانتیکییەکان / Semantic constraints/:

سیمانتیك لەگشت زمانەکاندا کاردەکاتەسەر جێبەجێکردنی پرۆسەکانی وشەدارشتن ، بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا پرۆسەی دارشتنی وشەی لێکدراو، لە:

(٦)

Adjective+ P.P(V-ed)

---

[1] Katamba (2003:77)
[2] Štekauer, (2005:60)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەرکردەکە ناوەڵناوێکی لێکدراوە، پرۆسەکە کاتێک ڕێگەی پێدەدرێت، کە ئەو ڕەگەی /-ed/ بۆزیاددەکرێت،خاوەنێتیی جێگیر، یان (خاوەنێتی ڕەسەن)بێت، ئەم بناغەیە، کە ناوە دەبێتە سەرو تەواوکەرێکی بۆزیاددەکرێت، بۆ نموونە:

(٧)

Blue-eyed
Green- roofed

چاوی کەسێك بەشێکی بنەڕەتیی و تەواوکەرە لە لاشەی کەسەکە، یان بنمیچ بەشێکی پێویستە لە پێکهاتەی خانوودا، واتە بەشێکی بنچینەییە، بۆیە دەتوانرێت بەم جۆرە وشەی لێکدراویان لێپێکبهێنرێت، بەلاّم ئەم وشەیەی خوارەوە لەڕووی واتاییەوە ڕێگەپێنەدراوە :

(٨)

*Tow-carred

(خێزانێك دوو ئوتۆمبیلیان هەبێت)، لێرەدا بوونی (ئوتۆمبیل)بەشێکی بنەڕەتی نییە، بۆیە ئەم فۆرمە ڕێگەپێنەدراوە[1].

"لە زۆر باردا، واتای لاگر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی وشەدارشتندا، چونکە دەبینین هەندێك پێکهاتە (بناغە+ لاگر ) هیچ واتایەك نادات، بۆ نموونە ئەم دارشتنە لە زمانی ئەڵمانیدا بێواتایە، کاتێك پاشگری ناوی مێ /in-/دەخرێتە سەرناوی / Baum/ - /درەخت/، چونکە دەزانین، کە درەخت لەڕووی ڕەگەزەوە جیانەکراوەتەوە."[2]

"بەگشتی دەتوانین بڵێین، کە لە لاگرەکانی هەڵگواستندا لایەنی واتاش لە هەڵبژاردنی ئەو بناغانەی پێیانەوەدەلکێن، ڕۆڵدەبینێت "[3]

## ٤-٧/١ ) ڕێگرە سینتاکسییەکان / Syntactic constraints/:

یاساکانی وشەدارشتن بە تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی بناغەوە پەیوەستن، بەگشتیی بناغە لە پۆلە ڕەگەزە سەرەکییە ڕێزمانیەکاندا ئەندامە - وەك ناو، کردار... بۆ نموونە لاگرێکی وەك /-able/ بە کردارەوە دەلکێت، بەلاّم بە ناو یان ناوەڵناوەوە نالکێت:

---

[1] Katamba,(2003:79)
[2] Haspelmath,(2002:105)
[3] Štekauer,(2005:161)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(٩)

readable
*dog-able, *nice-able, *over-able

یاسای وشە- دارشتن هەموو کاتێك دەرناکەوێت، بۆ نموونە لە پێشناوەکان و ئارتیکڵەکاندا ، هەروەها وشەدارشتن هەستیاریی بەرامبەر لقەکاتیگۆرییەکان هەیە، بۆ نموونە /-abl/ دەچێتە سەر کاری تێپەر، بەلاّم ناچێتە سەر کاری تێنەپەڕ[1].

(١٠)

drinkable
*dieable

لەزمانی کوردیدا، پاشگری/-ەر/ تەنها بە ڕەگی کرداری تێپەڕەوە دەلکێت:

(١١) نووسەر، دانەر،

## ١/٧-٥ ) ڕێگرە پراگماتیکییەکان / Pragmatic constraints/:

"وشەنوێیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، کە لەلایەنی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکیەوە دروست دارێژراون. دەبێت بەسوودیش بن، ئەمەیە مەبەست لە ڕێگری پراگماتیکی. زمانی ئەڵمانی پاشگری ناوی مێی/ in-/بۆ زیندەوەرە بچوکەکان بەکارناهێنێت، بۆ نموونە مێی کرم /*wurmin/.

ئاشکرایە، کە ئەم بۆشاییە لە فەرهەنگی زمانی ئەڵمانیدا بۆ ڕێگری پراگماتیکی دەگەڕێتەوە، بۆ زیندەوەری وەك کرم جیاکردنەوەی نێرومێ سوودی نییە"[2] دەبێت لە دەرەوەی زمان پێویستی بۆ ئەو فۆرمە زمانییە هەبێت، ئەگەرنا ئەم فۆرمە لە زمان بەکارهێناندا زیادەیە.

## ١/٧- ٦) بلۆككردن / Blocking/:

ئەرەنۆف(Aronoff )، پێناسەی بلۆككردن دەکات بەوەی، کە " نەهاتنی فۆڕمێکە بەهۆی بوونی فۆڕمێکی ترەوە" [3]

---

[1] Štekauer,(2005:26)
[2] Haspelmath,(2002:102)
[3] Aronoff , (1981: 41 )



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

( زۆرجار بەبەرهەمیی پاسایەکی وشەدارشتن دەرناکەوێت، چونکە لەلایەن وشەیەکی (هەبوو)لەزمانەکەدا، کە هەمان واتای ئەوی هەلگرتووە بەتالدەکرێتەوە، واتا وشە(هەبوو)ەکە، هەمان ئەو واتایەی هەلگرتووە، کە وشە نوێ دارێژراوەکە هەیەتی، بۆ نموونە ناوێك نییە بۆ کرداری /steal/، کە بە /-er/ کۆتایی هاتبێت /stealer*/ چونکە وشەی /thief/لە زمانەکەدا هەیە، مۆرفۆلۆژییانە دەگوترێت، کە ئەو پاسایە بلۆککراوە. "زمان وا بەباش دەزانێت، کە چەند وشەیەکی بۆ هەمان واتا نەبێت، ئەمەش بلۆککردنی سیمانتیکییە و لەبەردەم بەبەرهەمیدا رێگرە)[1]

(١٢)

| بلۆککەر | بلۆککراو | بناغە |
|---|---|---|
| Typist | typer | to type |
| Well | googly | good |

وەك لە نموونەکاندا ئاشکرایە، گرنگ نییە، ئەگەر وشە بلۆککراوەکە لەلایەنی فۆنۆلۆژییەوە پەیوەندیی بە وشە بلۆککەرەکەوە هەبێت یان نا. ڕاستییەك دەربارەی بلۆککردن ئەوەیە، کە حاڵەتی بەدەر هەیە، بۆ نموونە زمانی ئەڵمانی چەندین جووتە هاوواتای هەیە.

(١٣)

Piety - piousness
Curiosity - curiosness

بوونی هاوواتا لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت، هەر بەو شێوەیەش زۆر کات لە زمانی کوردیدا بوونی وشەیەك نەبووەتە هۆی بلۆککردنی وشەیەکی دیکەی هاوواتای، بەڵام باری واش هەیە، کە وشەیەك بە هۆی بوونی وشەیەکی دیکەوە بلۆککراوە، وەك بلۆککردنی وشەی /درۆکەر/، کە فۆرمدروست و واتادروستە، بە هۆی هەبوونی /درۆزن/ەوە، کە هاوواتایەتی.
هەروەها بلۆککردن لە شکانەوەشدا دەکرێت، بۆ نموونە مۆرفۆلۆژییانە دەوترێت، کە دەمی ڕابردووی /goed/ بلۆککراوە لەلایەن /went/، فۆرمی بەراوردی /bader/ لەلایەن /worse / بلۆککراوە .

---

[1] Haspelmath,(2002:103)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یەکێکی دیکە لە هۆکانی بلۆککردن هۆی رامیاری، یان کۆمەڵایەتییە، واتا بەهۆی گۆڕانە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕەنگە وشەیەك بلۆکبکرێت و بەکارهێنانی نەگونجاو بێت[1].
فۆڕمێك، کە هەیە ڕێگە لە دارشتنی فۆڕمێکی نوێ دەگرێت، لێرەشەوە ئەگەری دروستبوونی هاوواتا کەمدەبێتەوە.

## ٧-٧/١ ) ڕێگرەجوانکارییەکان(ئیستاتیکییەکان) / Aesthetic constraints/:

دیاریکردنی ڕێگری ئیستاتیکی لە مۆرفۆلۆژیدا ئاسان نییە، چونکە بۆچوونی تاکەکەس لەسەر لایەنی ئیستاتیکیی وشە مەرج نییە وەکیەك بێت. تاکەکەس دەتوانێت جۆرێك لە وشە دابرێژێت، کە بەلای کەسانی دیکەوە ناقۆڵایە. ئەم وشانە لەرووی ڕێزماوە تەواون و هەروەها بەباشی تێیان دەگەین، بەڵام قسەپێکرانی زمان لایان پەسەندنییە. لەزمانی فەرەنسیدا وشەیەکی درێژی وەك (*oppositionnellement*)[2] لەرووی ئیستاتیکییەوە وەك وشەیەکی ناقۆڵا دەبینرێت. واتە هەندێك کات درێژیی وشە لەرووی ژمارەی فۆنیم و برگەکانەوە ئەو ڕێگرە دروستدەکات.

## ٨/١ ) پلەکانی بەبەرهەمی /Degrees of Productivity/:

ئەو ڕێگرانەی لە پێشەوە خرانەڕوو، دەبنە هۆکار بۆ دیاریکردنی پلەی بەبەرهەمی لەمۆرفۆلۆژیدا، "بۆ هەندێك زمانەوان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، یان بەبەرهەمن یان نا، بەڵام هەندێکی دیکە پلە بۆ بەبەرهەمی دادەنێن ، لەناو ئەمانەدا هەن وادەبینن، کە پلەی بەبەرهەمی هەمیشە لە گۆڕاندایە. هەندێکی دیکە پلەکانی بەبەرهەمی بۆ پڕبەرهەم، بێبەرهەم، نیمچە بەبەرهەم جیادەکەنەوە"[3]
جیاکرنەوەی بەبەرهەمی بۆ سێ پلە، کارێکی گونجاوەو دەکرێت بەم جۆرە ئاسانتر ئەوە جیابکرێتەوە، کە چی بەبەرهەم و چی بێ بەرهەمە.

---

[1] ڕەنگە هەمان هۆ ببێتە دارشتن و داهێنانی وشەی نوێ، ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی گرنگ لەمەدا دەبینن ، بۆنموونە بلۆککردنی وشەی بەرێز و دارشتنی وشەی ڕێزدار لە بەرامبەریدا ، هەروەها وشەی گەڕ بەرامبەر خول ..... هتد، ئەم جۆرە بلۆککردنە نابێتە هۆی لەچالاکیی کەوتنی وشەکان، چونکە ئەم بارە زۆرکات کاتیی و ناوچەییە و ئەو وشانە وەك خۆیان بە چالاکیی دەمێننەوە.
[2] بە واتای ئۆپۆزسیۆن

[3] Bauer,(2001:16)

کێشەی جیاکردنەوەی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا بۆ سێ پلە، زیاتر پەیوەستە بە پلەی نیمچە بەبەرهەمەوە ، واتە چی بە نیمچەبەبەرهەم دابنرێت.
بەخستنەڕووی ئەوەی پڕبەبەرهەمە لەگەڵ بێ بەرهەم، ئەو کات دەکرێت نیمچە بەبەرهەمیش دیاریبکرێت.

## ١-٨/١ ) پڕبەرهەم /Fully Productive/:

پلەی پڕبەبەرهەم لە بناغە کراوەکانی زماندا ڕوودەدات، کە سەرجەم دەرکردە ئەگەرییەکانی لەلایەن قسەپێکەرانی ئەو زمانەوە پەسەندکراون، هەروەها پێشبینی بەرهەمی زیاتری لێدەکرێت.
"کاتێك یاسایەك زۆر بەبەرهەمە ئەو وشە نوێیانەی بەم یاسایە بەرهەمدەهێنرێن ، زۆر بە ئاشکرایی لەلایەن قسەکەرو گوێگرو فەرهەنگنووسانەوە هەستیانپێدەکرێت. ئاوەڵناوی ئینگلیزی کە بە پاشگری/less-/ دادەڕێژرێت بەتەواوی سەربەستە، ئەگەر قسەکەر، یان نووسەرێك وشەیەکی نوێی بەم پاشگرە دارشت بۆ گوێگر، یان خوێنەر جێی سەرنج نییە"[1]

## ٢-٨/١ ) نیمچە بەبەرهەم / Semi-Productive/:

ئنیمچەبەبەرهەمیش لە بناغەکراوەکانی زماندا ڕوودەدات، تەنها هەندێك لە دەرکردەکانی لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەوە پەسەنددەکرێن و ڕێگرەکانی بەبەرهەمی ڕۆڵی ئاشکرا لە سنووردانان بۆ تەرزو یاساکانی ئەم پلەیە دەبینن.

## ٣-٨/١ ) بێبەرهەم /Unproductive/:

پۆلی بناغە، کە داخراو بوو، ئەوا دارشتن بێ بەرهەمە. ئەم جیاکردنەوەیە لە سەر بنەمای پۆلی بناغەکانە( پۆلی کراوە و پۆلی داخراو). دیارە ئەمە جیاکردنەوەیەکی گشتگرە و ئەو بناغانەش باسدەکرێن، کە هیچ ڕۆڵێکیان لە وشە دارشتندا نییەو بێبەرهەمن.
هەروەها لە پۆلە کراوەکانیشدا دەکرێت پرۆسە، یان تەرزێك هەبێت، کە بێبەرهەم بێت، بەلام بۆ جیاکردنەوە لەگەڵ پۆلی داخراوەکان ئەم جۆرە بە >>تاکوتەرا<< ناودەبرێن.

---

[1] Haspelmath, (2002: 100)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم جیاکردنەوەیە لەسەر بنەمای یاسایە، دەکرێت لێرەدا ئەوە بخرێتەڕوو، کە دەکرێت جیاکردنەوەی پلەکانی بەبەرهەمی بە پێی یاسا بە چەند جۆرێك بێت :

١- بە پێی جۆری یاساکان ( دارشتن ، لەیەکدان )

٢- لە یاساکانی لاگرلکاندندا بە پێی دارشتنی یاساکە بە (پێشگر، ناوگر، پاشگر)، واتە جۆری لاگرەکە .

٢- بەپێی یاساکانی دارشتنی ( ناو، ناوەڵناو، کار، ناوەڵکردار)، "بۆنموونە ناوداڕێژی /-ness/ لە زمانی ئینگلیزیدا بەبەرهەمە ، هەروەها پێشگری دارشتنی کردار/-re/ بەبەرهەمە، بەڵام پاشگری ناوداڕێژی /-th/بە گشتی بێبەرهەمە، پاشگری ناو داڕێژی /-dom/لاوازە لە بەرهەمدا"[1]

٣- بەپێی ئەرکی لاگرەکان، واتا لەناو ئەو لاگرانەدا، کە بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن، دیاریکردنی ئەوەی کامیان بەبەرهەمەو کامیان بێبەرهەمە.

---

[1] Trask, (2007: 233)

# بەشی دووەم

# پرۆسەکانی
# بەرهەمهێنانی وشە لە زمانی کوردیدا

CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

# پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشە لە زمانی کوردیدا

## ١/٢) جۆرەکانی وشـــە:

لێکۆڵینەوەو ڕوونکرنەوەی بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی هەر زمانێك، دیاریکردنی تواناو سنووری پرۆسەکانی وشەدارشتنە لەو زمانەدا، بەڵام دیاریکردنی وردی ئەو سنوورە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە پێشکەوتنی زمان سنووری نییە. زمانەوانەکان لە هەر سەردەمێکدا لێکۆڵینەوەی پەسنیانە(سینکرۆنیانە) بۆ ئەو پرۆسانە ئەنجامدەدەن، دەکرێت لەو ڕێگەیەشەوە وشە هەبووەکان و وشە ئەگەرییەکان لە زماندا بخرێنەڕوو. هەوڵدان بۆ دیاریکردنی سنوور لە نێوان ئەو دوو جۆرەی وشەدا، بەشێکی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژی و لیکسیکۆلۆژییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سنوورە بەتەواویی دیاریناکرێت، بەڵام بە دۆزینەوەی پلەی بەبەرهەمی و خستنەڕووی هۆکارو ڕێگرەکانی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا تا ڕادەیەکی باش دەکرێت ئەو سنوورە دەستنیشانبکرێت. ئەمەش لە پرۆسەیەکەوە بۆ پرۆسەیەکی دیکە جیاوازەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

### ١-١/٢)وشە هەبووەکان یان ڕاستەقینەکان /Existing Words/:

ئاشکراکردن و خستنەڕووی لیستێکی وشە ئاڵۆزەکانی زمان کارێکی گرانە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم لیستە لە ئەو وشانەی، کە بۆ زۆربەی قسەپێکەران ناسراون و ئەو وشانەش، کە نوێن و نەبیستراون پێکدێت. زانایانی مۆرفۆلۆژی، ئەم دوو جۆرەی وشەیان بە >>وشە هەبووەکان<< و >> وشە ئەگەرییەکان<< داناوە[1].

"ئەگەر بەبەرهەمی گرنگیی بە هاتنەدی و پەیدابوونی وشەتازەداڕێژراوەکان بدات. کەواتە دەکرێت ئەوە بزانرێت، کە شتێکی نوێیە، یان نا. هەروەها بەڵگەی ئەوەیە، کە دەتوانین لەگەڵ لیستێك کە تازەنین و چەسپاون، بەراوردیان بکەین"[2] .

[1] محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١٨٢)

[2] Bauer,(2001:34)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

جگە لە فەرهەنگی زمان بۆ دیاریکردنی سنوور لە نێوان وشە هەبووەکان و وشە ئەگەرییەکان، قسەپێکەرانی زمانیش بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورە دەبنە پێوەر، واتە زانیاریی قسەپێکەران سەبارەت بە وشەکانی زمانەکەیان و ڕادەی بەکارهێنانی ئەو وشانە، ئەو سنوورە دیاریدەکەن، بەڵام ئەم بۆچوونە پەسەندناکرێت، چونکە ڕادەی ڕۆشنبیریی و ئاست و چینی قسەپێکەران جیاوازن، بۆ نموونە زۆر لەو وشانەی، کە چەسپاون و بوونەتە بەشێك لە فەرهەنگ لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بەکاردەهێنرێن‌و پێیان ئاشنان، ڕەنگە قسەپێکەرانی چینێکی دیکەی کۆمەڵ ئاگاداری نەبن ولایان نامۆبن، بە بۆچوونی ئێمە ئەمە بەسەر ئەو وشانەشدا دەچەسپێت، کە بوونەتە زاراوە، چونکە بەکارهێنانی زاراوە لەبوارێکی تایبەت و چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە. بۆنموونە زاراوەکانی بواری زانستی زمان‌و زمانەوانی بەشێوەیەکی فراوان لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئەم زاراوانە بۆ کەسانی دەرەوەی ئەم بوارە مەبەست و واتایان ئاشکرا نییەو زۆرجاریش نەبیستراون.

فەرهەنگ و وشە بەلێکسیمبووەکان لە هەر زمانێکدا، ڕێگایەکی جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرەی وشەن. بۆ نموونە فەرهەنگی (*Oxford English Dictionary*). هەرچەندە فەرهەنگیش سنووری تەواوی نێوان ئەو دوو جۆرەی وشە نییە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، پێشکەوتنی زمان سنووری نییە.

## ٢-١/٢ ) وشە ئەگەرییەکان یان لەتوانادابووەکان /Potential Words/:

"وشە ئەگەرییەکان، وەك ئەو وشانە پێناسە دەکرێن، کە لەلایەنی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و دروستەوە یاسابەندن "[1] . واتە ئەو وشانەی دەکرێت، بەپێی پێوستی لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە دابڕێژرێن. ئەمانەش"هەموو ئەو وشانەن، ئەگەر هاتوو داڕێژران، ئەوا لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە فۆڕمدروستن، ئەم فۆڕمدروستییەش بە پابەندبوون بە یاساکانی وشەدارشتنی ئەو زمانەوە دێتەدی"[2] .

مۆرفۆلۆژیی زمان لێکۆڵینەوەیە لەو زانیارییانەی، کە قسەپێکەرانی زمان دەربارەی دروستەی وشە ئاڵۆزەکانی زمانەکەیان هەیانە. ئەم زانیارییانەش، هاوکاریی قسەپێکەران لە داڕشتنی وشەنوێیەکاندا دەکەن. وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، ئەو تەرز، یان یاسایانەی زمان، کە

[1]Haspelmath,(2002:39)
[2] Plag ,(2003:6)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەتوانرێت بۆ دارشتنی وشەی نوێ بەکاربهێنرێن پێیان دەوترێت >>بەبەرهەم<< ئەمەش نەك تەنها وشەدارشتن، بەڵکو شکاندنەوەش دەگرێتەوە.

" ئەوە ئاشکرایە، کە زانینی زمانێك، لەنێوان ئەو شتانەی دیکەدا کە هەن، زانینی یاساکانی وشەدارشتنە. قسەپێکەران نەك تەنها توانای ئەوەیان هەیە یەکە پرواتاکان جیابکەنەوە کە وشەکانی لێپێکدێت، بەڵکو دەتوانن وشەی نوێش دابرێژن، هەروەها تێگەشتن لە واتای ئەو وشانەی نامۆن و پێشتر بەرچاویان نەکەوتوون، ئەگەر سەیری هەردوو وشەی /grestifier, Disperidate/لە زمانی ئینگلیزیدا بکەین، وەك دوو وشەی ئەگەریی دەیانبینن. چۆن زانیمان ئەمانە دوو وشەی ئەگەریین؟ بەشێك لەوەلامەکە پەیوەندیی بە سروشتی فەرهەنگی ئاوەزیی ئەو زمانەوە هەیە.

ئەو فەرهەنگە کۆمەڵێك (کۆتومەرجی فۆنۆتاکتیکیی)هەیە، کە وەك پالێوەر(فلتەر)ێك وەهان، کە لەرووی فۆنۆلۆژییەوە، تەنها رێگە بە وشەی دروست دارێژراو دەدەن. پێش ئەوەی هەر وشەیەك بچێتە فەرهەنگەوە".[1] هەروەها لایەنی واتایی کۆتومەرجی تایبەتیی خۆی بۆ دارشتنی وشە نوێیەکان هەیە، ئەمە جگە لە ئاستەکانی دیکەی زمان، وەك لە بەشی یەکەمدا روونکرانەوە.

## ٢/٢) بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا:

دووجۆر پرۆسەی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا دەخرێتەروو:

### ٢/٢-١ ) ئەو پرۆسانەی لەگەڵ گۆرانی زماندا داهێنراون[2] / داهێنانی یاساگۆر/:

ئەم پرۆسانە لای زۆر لە زمانەوانان[3] بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژی دانانرێن، چونکە بەشێکن لە توانا نەك توانست، واتا یاساکانیان داهێنراو و تایبەتن، پێویستە فێریان ببین بۆئەوەی بەکاریان بهێنین، بەلام لێرەدا دەکرێت وەك دیاردەی بەبەرهەمیی زمان لەرووی گەشەکردنی فەرهەنگی زمانەوە بخرێنەروو، نەك وەك بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی، بەتایبەت کە لە ئێستادا زۆر لەم دیاردانە لە زمانی کوردیدا دەبینرێن.

---

[1] Katamba,(2006:83)

[2] ئەم پرۆسانە بە /word manufacturing/ (وشە دروستکردن—تصنيع الكلمات)یش ناودەبرێن:
Booij,(2005:20)

[3] بۆ زانیاریی زیاتر، بروانە: سەرچاوەی پێشوو



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

" لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆسانە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکاردەهێنرێن، بەڵام ناکەونە ناو مۆرفۆلۆژییەوە، چونکە ئەم وشە نوێ بەرهەمهاتووانە، لایەنی شێوازبەندانەی واتایی و دەنگیی ئاشنا لای قسەکەران پێشاننادەن" [1]

واتە شێوازی دارشتنیان تایبەتە، وەك لە بەشی یەکەمدا خرایەڕوو، بەشێکن لە داهێنانی - یاساگۆڕی زمان.

"ئەگەر زانیمان (CD) کورتکراوەی (Compact Disc)ە، ئەوا ئەم زانینە بەرهەمی توانستی زمان وەرگرتن(language Acquisition)نییە، بەڵکو ئەو زانیارییەمان پێگوتراوە "[2]. ئەمانە چەندین پرۆسەن، کە بوونیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە.

## ٢/٢-١-١ ) کورتکراوەکان /Acronyms/:

" ئەو وشانەن، کە لە پیتی یەکەمی چەند وشەیەکی دیکەوە دارێژراون"[3]، واتە دەستەواژەیەکی چەند وشەیی بۆ پیتی یەکەمی وشەکانی ئەو دەستەواژەیە کورتدەکرێتەوە، وەك وشەی/Radar/لە زمانی ئینگلیزیدا، کەکورتکراوەی دەستەواژەی / radio detecting and ranging/، کە سەیری ئەم وشەیە دەکەین، دەبینین مەرج نییە تەنها یەك پیت لەو وشەیە وەربگیردرێت، زۆرکات لایەنی فۆنۆلۆژیی لەم پرۆسەیەدا کاریگەریی هەیەو پێویست دەکات زیاتر لە پیتێك وەربگیرێت، وەك لەم وشەیەدا برگەی یەکەمی وشەکە وەرگیراوە/Ra/ .

ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا هەیەو لە چەندین بواردا سوودی لێبینراوە. بۆ نموونە :

(١) ا- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ی.ن.ك یاخود ینك

ب- پارتی دیموکراتی کوردستان پ.د.ك

پ- کرمانجیی خواروو ك. خ

ج- کرمانجیی ژووروو ك.ژ

---

[1] Haspelmath,(2002:25)

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

[3] Fromkin, (2002:95)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٢-١-٢/٢ ) پێکەوەگۆکردنەوە یان تێکەڵکردن /Blending/[1]

ئەمەش" تێکەڵکردنی بەشێکی چەند وشەیەکی جیاوازە، وەك وشەی /smog/ کە تێکەڵکراوی هەردوو وشەی /smoke, fog/"[1]. ئەم پرۆسەیە بە جۆرێکی تایبەت لە پرۆسەی لەیەکدان دادەنرێت و یاساکەی بەم جۆرەیە، کە ئەمە شێوازی باوی تێکەڵاوکردنە :

(٢)

A B + C D → A D

لە زمانی کوردی و لە زوربەی زمانەکانی دیکەدا، ئەم پرۆسەیە لە زمانی میدیاکان و زاراوە زانستییەکاندا بڵاوو بەبەرهەمە.

بۆنموونە وشەی ڕۆڤار تێکەڵکردنی وشەی ڕۆژنامەو گۆڤارەو دەکرێت وشەیەکی وەك ڕادیۆن لە هەردوو وشەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن دابڕێژرێت .

(٣)

ا- ڕۆژنامە + گۆڤار ⟵ ڕۆڤار

ب- ڕادیۆ + تەلەفزیۆن ⟵ ڕادیۆن

### ٣-١-٢/٢ ) پارچەکردن (پەرتکردن)[2] /Clipping/[3]:

لابردنی بەشێك لە وشەیەك و کورتکردنەوەی بۆ تەنها برگەیەك، ئەم ڕێگایە پشت بە دروستەی برگەیی وشە دەبەستێت نەك دروستەی مۆرفۆلۆژیی. " لەم پرۆسەیەدا پەیوەندیی نێوان وشە دروستکراوەکەو بناغەکەی، لە کەمیی پێکهاتەی فۆنەتیکیی وشە دروستکراوەکەدا دەردەکەوێت"[4]

(٤)

Demo (← demonstration)
lab (← laboratory)

---

[1] Plag ,(2003:13,122)

[2] ئەم زاراوەیەم لە د. هۆگر مەحمود فەرەج، وەرگرتووە.

[3] ئەم پرۆسە نوێیانەی وشەدروستکردن لە زماندا بەبەشێك لە ئابووریکردن لە زماندا دادەنرێن، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:
Harley : English Word, 2006

[4] سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٦



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا بەبەرهەم نییە، بەڵام کورتکردنەوەی ناوی تایبەتی تاکەکەس یەکێکی دیکەیە لە جۆرەکانی کورتکردنەوە، کە لە زمانی کوردیشدا پەیڕەو دەکرێت، چ بۆ ئەو ناوانەی لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، چ بۆ ناوە ڕەسەنە کوردییەکان.

(٥)

شادان > شادە

سۆزان > سۆزە

ئەحمەد > ئەحە

## ٢/٢-١-٤ ) دروستکردنی وەگەڕاوە /back- formation/:

ئەم پرۆسەیە لەو ڕووەوە، کە یاسایەکی تایبەتی نییە، لەو پرۆسانەی پێشتر جیاوازە، بەڵام هەر بەوشێوەیە، لە ئەنجامی گەشەو گۆڕانی زمانەوە دروستبووە، (محەمەد مەحوی:٢٠٠٩:١٦٢) زاراوەی >>دروستکردنی وەگەڕاو<< ی بەرامبەر بەم پرۆسەیە داناوە. "لەم پرۆسەی وشە دروستکردنەدا وشەی کورت لە وشەیەکی درێژ لەسەر بناغەی لەیەکچوون و ئەنالۆژیی نێوان وشە کورت و وشە درێژەکەی زمانەکە خۆی دادەهێنرێت"[1]. بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، هەندێك وشە بە لابردنی /ing-/ وشەی نوێیان لێوە دروستدەکرێت[2] :

(٦)

Airconditioning ⟶ Aircondition

Window- shoping ⟶ Window- shop

لە زمانی کوردیدا دەکرێت بگوترێت وشەی / گریە/ لە ناوی کرداریی / گریان/ەوە، بە ڕێگای دروستکردنی وەگەڕاوە، وەرگیراوە.

## ٢/٢-٢) پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان:

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتین لە پرۆسەی وشەداڕشتن، کە هەڵگواستن و لەیەکدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە، کە لە سینتاکسدان :

[1] محەمەد مەحوی (٢٠٠٩: ١٦٣)

[2] Štekauer,(2005:434)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(٧)




### ١-٢-٢/٢ ) پرۆسەکانی هەلگواستن/Derivation/:

" ئەرکی سەرەکیی پرۆسەکانی وشەهەلگواستن، ئەوەیە، کە ئەو توانایە بەبەکارهێنەرانی زمان بدات، لێکسیمی نوێ بەرهەمبهێنن، کە بۆ پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەگەڕێنەوە. وەك ناو، کردار، ئاوەڵناو. هەندێك جار لێکسیمە بەرهەمهاتووەکان بۆ پۆلە ڕەگەزێکی جیاواز لە بناغەکەیان دەگەڕێنەوە، هەروەها باری وا هەیە، کە پۆلەڕەگەزی هەلگوێزراوەکە ناگۆڕێت"[2].

بەگشتی وشە بەسەر دوو پۆلدا دابەشدەکرێت:

١- پۆلە داخراوەکان

٢- پۆلە کراوەکان

لە زۆربەی زمانەکاندا، ناو، کردار، ئاوەڵناو پۆلی کراوەن، وشە ئەرکییەکانی وەك جێناوو پێشناوەکانوپاشناوەکان ... هتد پۆلە داخراوەکانن .

هەندێك زمان چوار پۆلی سەرەکیی کراوەیان هەن، چوارهەمیان ئاوەڵکردارە، کە دەکرێت بە ڕێگای یاسابەندیی /regular/ فراوان بکرێت .

بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا دەکرێت ئاوەڵکردار لە ئاوەڵناوەوە بە زیادکردنی پاشگری /-ly/ فراوانبکرێت .[3]

---

[1] پرۆسەی /هەلگەڕانەوە- Conversion/بەبەشێك لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دادەنرێت، بەلاَم ناچێتە ناو هیچ یەك لەو دوو جۆرەوە.

[2] Booij,(2005:52)

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣

(٨)

Slow +ly = slowly

لەزمانی کوردیدا، ئاوەڵکردار وەك دانەی سەربەخۆ لەزماندا هەیە، وەك ئاوەڵکرداری شوێن و کات و چونیەتی، هەروەها وەك دارێژراو لە پۆلەڕەگەزەکانی دیکەی وەك ناوو ئاوەڵناوەوە بەرهەمدەهێنرێت.

**پرۆسەکانی وشەهەڵگواستن لە زمانی کوردیدا بەگشتی ئەم پرۆسانە دەگرێتەوە:**

**یەکەم : پرۆسەی هەڵگواستنی ناو**

**دووهەم: پرۆسەی هەڵگواستنی کردار**

**سێهەم: پرۆسەی هەڵگواستنی ئاوەڵناو**

**چوارهەم: پرۆسەی هەڵگواستنی ئاوەڵکردار**

### ٢/٢-١-١-١ ) پــرۆسەی هەڵگواستنی ناو:

هەڵگواستنی ناو لە زمانی کوردیدا، پرۆسەیەکی فراوان و بەبەرهەمە. ئاشکرایە پێشکەوتنی کۆمەڵ و پەیوەندییەکان و داهێنانەکان هاندەری مرۆڤن بۆ ناولێنانی ئەو شتە نوێیانەی دەبن بەبەشێك لە کەرەستەو پێویستیی.....هتدی ئەو کۆمەڵە. یەکێك لە ڕێگاکانی ئەم ناولێنانانە هەڵگواستنی ناوە لە پۆلەوشە کراوەو سەرەکییەکانی دیکەی زمانەوە. ئەم پرۆسەیە بە یاریدەی لاگرەکانی هەڵگواستن ئەنجامدەدرێت، کە لە شێوەی پێشگرو پاشگردا دەردەکەون و لە هەندێك زماندا لە شێوەی ناوگریشدا هەن.

لەزمانی کوردیدا پرۆسەی هەڵگواستنی ناو /بەناوکردن/ بەمجۆرەیە:

١- هەڵگواستنی ناو لە ناو

٢- هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵناو (لەئاوەڵناوخستن)

٣- هەڵگواستنی ناو لە کردار (لەکردارخستن)

٤- هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵکردار(لەئاوەڵکردارخستن )

ئەم پرۆسانە لە ڕووی بەبەرهەمییەوە جیاوازیی بەرچاویان هەیە، واتە پلەی بەبەرهەمیی ئەم پرۆسانە وەکیەك نین، ئەمە جگە لەوەی لەناو خودی پرۆسەیەکدا، لاگرەکان لەڕووی بەبەرهەمییەوە جیاوازن و هەروەها جیاوازی لە پلەی بەبەرهەمیی پێشگرو پاشگردا هەیە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ا) تەرزەکانی هەڵگواستنی ناو لە ناو بەیاریدەی پاشگر:

### ١/١ ) ئەو پاشگرانەی ناوی خاوەنپیشە[١] دادەرِێژن:

**ناو + /-گەر/[٢]**

**(٨) /ئاسنگەر ، مسگەر، زێرینگەر/**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەرناو، ناوەکەش ناوی کانزایە، بەڵام بە تێپەرِبوونی کات ئەم پاشگرە بۆ دارِشتنی وشەی دیکەش بەکارهێنراوە، کە بناغەکەیان ناوی کانزا نین وەك /جادووگەر، رِۆژنامەگەر..../. هەروەها جگە لە ناو، چووەتە سەر ناوەڵناو، وەك / نوێگەر، تازەگەر/[٣]، هەرچەندە پێشتر ئەوە خراوەتەرِوو، کە تەنها دەچێتە سەر ناو[٤].

لە بەشی سێهەمدا لەرِێی رِوونکردنەوەی نیشانە واتاییەکانی /-گەر/ دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئایا ئاساییە ئەم پاشگرە بەم شێوەیە بەکاربهێنرێت، یان چی لە بەکارهێنانی بۆ دارِشتنی وشەی نوێ رِێگرە.

**ناو + /-ساز/**

**(٩) /دانساز، چەخماخساز، فلیمساز... /**

کۆمەڵێك زاراوەی وەك /دەنگسازی، وشەسازی، رِستەسازی، واتاسازی/ لە بواری زمانەوانیدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام ناتوانین بڵێین وشەساز یان رِستەساز ، چونکە کەسی پسپۆر لەو بوارەدا خۆی یاساکان دروستناکات، تەنها لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا دەکات و پسپۆرە تیایدا.

**(١٠) ئەو مامۆستایە لە رِستەسازیدا پسپۆرە.**

---

[1] لێرەدا پێویستە ئەوە بخرێتە رِوو، کە پیشە بەو واتایەش بەکاردەهێنرێت، کاتێك کەسێك بەردەوام دەبێت لە کردەوە، یان خوویەك دەڵێن (کردویەتی بە پیشە ، یان پیشەی هەموو رِۆژێکیەتی ) بۆ نموونە /قومارچی/ ناکرێن بڵێین ئەمە پیشەیە بەڵکو بەردەوامیی ئەو کەسە لە قومارکردن وایکردووە ببێت بەبەشێك لە ژیانی یان هەر خوویەکی دیکە، وەك :

درۆکردنی کردووە بە پیشە .

[2] ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩:١٠٨)

[3] وشەکانی /رِۆژنامەگە، تازەگەر، نوێگەر/، کەمتر بەکاردەهێنرێن و بە شێوەیەکی فراوان لەناو چینە رِۆشنبیرەکاندا وشەی /رِۆژنامەگەریی، تازەگەریی، نوێگەریی/ بەکاردەهێنرێن. هەروەها وشەی /شانۆگەریی/ هەیە، بەڵام /شانۆگەر/ نییە، لە بەرامبەردا /شانۆکار/ بۆ ئەکتەری شانۆ بەکاردەهێنرێت.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨

★ ئەو ڕستەسازە .

**ناو + /-بەند/**

(١١) /ناڵبەند/

ئەم پاشگرە جگە لەناوی پیشە، ناوی شتومەکیش دادەڕێژێت، وەك:

(١٢) / کەمەربەند، مێخەکبەند ، عاشقبەند/

(صباح ڕەشید)،ئەم پاشگرەی بەپێی ئەو بناغانەی پاشگرەکەیان دەچێتەسەر، بە چەند هاوبێژێك داناوە:

١- دەچێتە سەر ناوو ناوی پیشە دروستدەکات.

(١٣) /ناڵبەند/

٢-دەچێتە سەر ناو، داپۆشینی ئەو شوێنە دەگەیەنێ .

(١٤) / ڕووبەند/

٣- دەچێتە سەرناو، بەستنی ئەو شوێنە دەگەیەنێت.[1]

(١٥) / کەمەربەند/

بەلاّم بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە /-بەند/جومگەی یەکەمی کرداری لێکدراوی /بەندکردن/ەو هاوواتای /بەستن/ە، ئەم کردارە یەکێکە لەو کردارانەی جومگەی یەکەمی دەتوانێت واتای هەموو کردارەکە بگەیەنێت. لەم جۆرە وشانەدا /-بەند/ وەك پاشگر دەردەکەوێت، بەلاّم پاشگر نییەو دەکرێت بڵێین فرەواتایە، نەك هاوبێژی یەکتربن، چونکە هەموو ئەم واتایانە لە /-بەند/دا کۆبوونەتەوە:

بەند = {+پێوەتوندکردن، + پێوەبەستن، +پێوەوەستان،+ داپۆشین، + پێوەکردن }

/ناڵبەند/ ئەو کەسەی ناڵ لە چوار پەلی ولاّخ دەدات.

**ناو+ /-ەوان/**

(١٦) /ئاشەوان، پاسەوان، باخەوان، ڕەزەوان، دەرگاوان، گاوان، مەلەوان، شاخەوان، زمانەوان، کەشتییەوان، دەریاوان، فڕۆکەوان/.

---

[1] صباح رشید (٢٠٠٠:٧٨)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**ناو+ /-چی/**

(١٧) /چایچی، توونچی، حەمامچی، تەنەکەچی، بەلوعەچی، پینەچی، لەحیمچی، بۆیاخچی، شوشەچی، تۆڕنەچی، تالآنچی، ساختەچی، قومارچی، ماستاوچی، ڕەواچی، خانچی.... هتد/ بۆچوون وایە[1]، کە ئەم پاشگرە لە زمانی تورکییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە. بەگشتی لاگرەکانی زمانی بێگانە ئەدگاریان وایە، کە کەمتر لەگەڵ وشەی ئەو زمانەدا کە چوونەتەناوی، یەکدەگرن. ئەم پاشگرە جگە لە ناوی خاوەنپیشە، ناوەڵناوو ئیدیەمیش دادەڕژێت:/ساختەچی، ماستاوچی، تەزویرچی، تالآنچی، ... /

**ناو+/-کەر/[2]**

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، /-کەر/ پاشگرنییە، بەڵکو پاشگرەکە /-ەر/ە، لەو وشانەدا، کە کرداری ناویی لێکدراون لە(ناو+کردن)پێکهاتوون، کاتێك دەگۆڕێت بۆ ناوی خاوەنپیشە/-ەر/ دەچێتەسەری بەهۆی نەهاتنی دوو ڤاوڵەوە، بزوێنی کورتی /ە/ی /کە/ دەڕواتوپاشان پاشگری /-ەر/ وەردەگرێت.

(١٨) نانکردن نانەدەکەم نان + کـە + /- ەر/ > نانکەر

(١٩) /نانکەر، یاریکەر، سەماکەر، بیسەر، قسەکەر، چاولێکەر، سەیرانکەر، نووسەر بێژەر، چاپکەر، بڕەر، چێشتلێنەر، بزوێنەر، ڕووخێنەر، نێرەر، شێوێنەر، دانەر../ پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو، کە ئەم یاسایە هەڵگواستنی ناوە لە ڕەگی کردار نەك لە ناو:

(٢٠)

نووسین > نووس+ /-ەر/

دانان > دان + /-ەر/

**ناو + /-ەوا /**

(٢١) /نانەوا... /

**ناو + / - یار /**

(٢٢) / جووتیار، کشتیار، گەشتیار.../

---

[1] هیدایەت عبدالله محمد (٢٠٠٠: ٢٦)

[2] ئەورەحمانی حاجی مارف: (١٩٧٩: ١١٢ )



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**ناو +/ - دار /**

**(٢٣) /دوكاندار.../**

**ئەم پاشگرە زیاتر خاوەندارێتیوهەبوون دەگەیەنێت نەك پیشە، بە تایبەت، کە بەکارهێنانی بەو واتایەوە چالاکترە.**

**(٢٤) /سەردار، دڵدار، دەستدار، دەسەڵاتدا، پارەدار/.**

**زۆرکات لەبەر نەبوونی پێویستی لە دەرەوەی زمان بۆ فۆرمێك، یاخود نەبوونی ئاماژەبەندێك لە دەرەوەی زمان هەندێك دارێژراو بەکارناهێنرێت، بۆ نموونە وشەی /ماڵدار/ لەبەر نەبوونی ئاماژەبەند بۆ ئەم وشەیە لەدەرەوەی زمان تەنها وشەی /ماڵداریی/ بەکاردەهێنرێت.**

## أ/٢ ئەوپاشگرانەی ناوی شوێن دادەرێژن(لۆکاتیڤەکان):

**ناو + / -گە / ~ /- گا /**

**(٢٥) /خوێندنگا، خوێندنگە، دایەنگا، نووسینگە، خەڵوەتگە، ژووانگە، نزرگە، مەزارگە، دەزگا، شەتلگە، مەلەوانگە، خێوەتگا، برگە، ڕووگە، ژینگە، شەڕگە، کوشتارگە، پێگە، جێگە، جێگا، ڕێگە، ڕێگا، کۆمەڵگا، کۆمەڵگە، دەرمانگە، پێشانگا، لەوەڕگە، لەوەڕگا، زالگە، سەربازگە، کارگە، فێرگە، ئارایشتگە، ئارایشتگا، مۆڵگە،ڕوانگە، دوورگە، دادگا، تۆمارگا... /**

**هەردوو پاشگری /-گە/ و /-گا/: ئەم دوو پاشگرە بۆ دارشتنی ناوی شوێن دەچنە سەر (ناو، ڕەگی کردار ، جومگەی یەکەمی کرداری لێکدراو، کرداری ناویی)**

**بە بۆچوونی (ئەورەحمانی حاجی مارف)، /-گە/ و /-گا/ دوو مۆرفیمی جیانین، بەڵکو ئەلەمۆرفی یەکن[1].**

**(رەفیق شوانی)، ئەم دوو پاشگرە بە جیاواز دادەنێت، لەو ڕووەوە کە /-گە/ هاتنی لەگەڵ چاوگدا گونجاوو مۆسیقییەو /-گا/ هاتنی لەگەڵ ناودا گونجاوو مۆسیقییە[2].**

**ئەم بۆچوونە بە گونجاو دانانرێت، چونکە ئەم دوو پاشگرە هەندێك جار بەبێ جیاوازی لە نێوان چاوگ، یان ناودا دەچنە سەر هەندێك بناغە، وەك / کۆمەڵگا ، کۆمەڵگە، خوێندنگا، خوێندنگە، ڕوانگە،خێوەتگا/ .**

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٨: ١١٧)

[2] رەفیق شوانی، (٢٠٠٨: ١٣٠)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەر ئەم نموونانە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە لەڕووی دیاریکردنی فراوانیی شوێنەوە ئەم دوو پاشگرە جیاوازنین، جگە لەوەی هەندێك لە دەرکردەکانی ئەم پاشگرە بە فراوانیی شوێنەوە پابەندنین، وەك /بڕگە، ڕووگە، ڕوانگە .../ و تەنها دیاریکردنی شوێنەکەن. بەکارهێنانی پاشگری /-گە/و/گا/، بەپێی جۆری بناغەکە، بەمجۆرە پۆلدەکرێت:

- ناو + /- گە/ ~ /- گا/

(٢٦) /دایەنگە، کۆمەڵگە، کۆمەڵگا، مەلەوانگە، ژینگە، سەربازگە، دەرمانگە، خێوەتگە، دەزگا، ژووانگە، شەتڵگە، پێگە، جێگە، جێگا، ڕووگە، ئارایشتگە، مەزارگە../

- جومگەی یەکەمی کرداری لێکدراو + /- گە/ ~ /- گا/

(٢٧) / پێشانگە ، پێشانگا، خەڵوەتگە، کارگە، فێرگە، ..../

-کرداری ناویی(چاوگ) + /- گە/ ~ /- گا/

(٢٨) /خوێندنگە ،خوێندنگا، نووسینگە.../

- ڕەگی کردار + /- گە/ ~ /- گا/

(٢٩) / کێڵگە، بڕگە، لەوەڕگە، ڕوانگە، .../

ناو + /- ستان/[1]

(٣٠) /کوردستان، دارستان، گوڵستان، جەنگەڵستان، گۆڕستان، قەبرستان .../

ناو + /-خانە/[2]

(٣١) /کتێبخانە، قەسابخانە، دەرمانخانە، نەخۆشخانە، خەستەخانە، میوانخانە، مۆزەخانە، قونسوڵخانە، سەرتاشخانە.../

ناو + /-دان/

(٣٢) /گوڵدان ، شەکردان ، خوێدان ، ئاگردان، مۆمدان، منداڵدان، هێلکەدان، شەمعەدان/

ناو + /-جاڕ/

(٣٣) / گەنمەجاڕ، گەڵاجاڕ، نێرگزەجاڕ، کەماجاڕ.../

[1] /-ستان/ یەکێکە لەو پاشگرانەی بەکارهێنانی لە بواری هۆنراوەو ئەدەبدا چالاکە /خەمستان، تاریکستان، سمرابستان/

[2] لەزمانی ئێستادا ئەم مۆرفیمە وەك وشەی سەربەخۆش بەکاردەهێنرێت: خانەی چاپ، خانەی داد ، خانەی بڵاوکردنەوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم پاشگرە تايبەتمەنديى وەرگرتووە، كە بەزۆريى دەچێتە سەر ئەو بناغانەى ناوى دەغلۆدان، يان سەوزايىو كشتوكاڵن.

زۆركات لە زماندا دەبينين، هەندێك پاشگر وشەى واتا لەيەك جياواز دادەڕێژن، ئەگەر بەو بۆچوونە كار بكەين، كە لاگرەكان دەبنە سەرى واتايى وشەى داڕێژراو، ئەوا دەكرێت ئەو جۆرە لاگرانە بە فرەواتا، يان هاوبێژى يەكتر دابنرێن. بۆ نموونە پاشگرى /جاڕ/ لە وشەى /گاڵتەجاڕ/دا، واتاى جياواز لە واتاى / گەنمەجاڕ يان كەماجاڕ/ى داوە بە وشەكە، هەرچەندە وشەى /گاڵتەجاڕ/ بە واتاى ((بوونە جێى گاڵتەپێكردن)) دێت، بۆيە بە شێوازێكى ديكە، دەكرێت بڵێين بەكارهێنانێكى ميتافۆرييانەى /جاڕ/ە.

**ناو +/- ەڵان/**

**(٣٤) /بەردەڵان، قاميشەڵان.../**

**ئەم پاشگرە هەر بەو شێوەيە دەچێتە سەر ناوەڵناوو ديسان واتاى شوێن دەگەيەنێت:**

**(٣٥) /نەرمەڵان،[1].../**

**ناو + /- ەوار/**

**(٣٦) / شوێنەوار، لێرەوار.../**

**ناو + / - زار /**

**(٣٧) / گوڵزار، لالەزار.../**

**أ/٣ ئەو پاشگرانەى ناوى نابەرجەستە(ئەبستراكت) دادەڕێژن:**

**ناو ~ ئاوەڵناو + /- ى/**

پاشگرى /-يى/، پاشگرێكى بەبەرهەمەو دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو و ناوى نابەرجەستە دادەڕێژێت:

**(٣٨) / جوانى، چاكى، خراپى، مناڵى، ساواى، .../**

پاشگرى/- ى / وەك داڕێژى ناوى خاوەنپيشە دانراوە[2]، بەڵام لە ڕاستيدا داڕێژى ناوى نابەرجەستەى پيشەيە.

---

[1] ئەورەحمانى حاجى مارف (١٩٧٩:١١٩)

[2] سەرچاوەى پێشوو: ل ١٢٠



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(٣٩)/ هەلاجی ، شوانی، سەپانی، جوتیاری، .../

## پاشگری/-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی

پاشگری /-ایەتی/ یەکێکی ترە لە پاشگرەکانی دارشتنی ناوی خاوەنپیشە، لە ڕووی بەرهەمەوە بەبەراورد بە پاشگری /-یی/، کەمبەرهەمە. بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە ئەم پاشگرە بە چەند فۆرمێك دەردەکەوێت، پاشگرەکانی /- یەتی ، ەتی، ێتی/ئەلۆمۆرفی ئەم پاشگرەن و بەم جۆرەی خوارەوە بۆ دارشتنی ناوی نابەرجەستە بەکاردەهێنرێن.

(٤٠) دۆست + /-ایەتی/ > دۆستایەتی

(٤٢) برا + /- یەتی/ > برایەتی (بەهۆی یاسای پێکەوەنەهاتنی دووڤاوڵەوە)

### ناو+ /-ایەتی/~ /- یەتی/~ /- ەتی/~/- ێتی/

(٤٠)/دۆستایەتی، خوشکایەتی، برایەتی، کوردایەتی، پیاوەتی، دزێتی، کەرێتی.../

### ئاوەڵناو+ /-ایەتی/~ /- یەتی/ ~ /- ەتی/~ /- ێتی/

(٤١) / مەردایەتی، بڵندایەتی، سووکایەتی، ئازایەتی، بەندایەتی، سپێتی، ..../

### ناو+/-ێنی/

(٤٢) /کورێنی، کچێنی ، بوکێنی ..../

## أ/٤ ) ئەوپاشگرانەی ناوی بچووککراوە دادەرێژن:

دارشتنی ناوی بچووککراوە لە زمانی کوردیدا پرۆسەیەکی فراوانەو زۆر لەو پاشگرانەی لەگەڵ ناودا دێن بۆ مەبەستەکانی بچووککردنەوە، بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ئاوەڵناویشدا دێن.

"لەو ڕوانگەیەوە، کە ژیان و بیری تاکەکانی کۆمەڵ لە گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامدان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەرەستەو شتومەکەکانی سروشت و دەوروبەری مرۆڤ گەشەدەسەنن. هەموو ئەم گۆڕان و پەرەسەندنانەش پێویستیان بە چەسپاندن و تۆمارکردن هەیە. گروپی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەش بەو پێیەی مۆرفیمی وشەدارێژن، لەو ڕووەشەوە بەشداری دەکەن و ڕۆڵی ئەکتیف دەبینن، کە بە گشتی لەگەڵ ناوی گیاندارو بێ گیاندا بەمەبەستی جۆراوجۆر یەکدەگرن و وشەی دارێژراوی نوێ سازدەکەن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وشه دارێژراوه نوێکان به یاریدەی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوه بۆ دوو چەشن پۆلدەکرێن:

١- ئەو مۆرفیمانەی واتای بچووککراوه دەگەیەنن .

بریتین له / -کە، -ۆکە، -لە، -ڵە، -ەڵە، -ۆل، -ۆڵ، -ۆلە، -ۆڵە، -وولە، -چە، -چکە، -ۆچکە، -یلکە، -وولکە، -ۆڵکە، -ۆلکە/ وەك:

(٤٣) /پووشکە، لێفۆکە، جۆگەلە، دەبوولە، دەریاچە، گوێچکە، ماڵۆچکە، داسولکە، مەشکۆلە، ژەمۆلکە، گردۆڵکە..../

٢- ئەو مۆرفیمانەی وشەی نوێ وەك هێما بەرامبەر کەرەستەی نوێ ساز دەکەن"[1].

بریتین له /-کە، -ەکە، -ك، - ە، -ەك ، -ۆك، -ۆکە، - وو، -ووك، -لە، -ڵە، -وولە، -ۆڵ، -ۆڵە، -یلە، -ەڵە، -ەڵە، -چە، -چك، -یلکە، -وولکە /

(٤٤) /گوڵنکە، ڕەشکە، درك، دەستە، چلە، گرینۆك، دەسرۆکە، شێتۆکە، جوانوو، بچووك، مێروولە، جووجەڵە، دانوولە، ڕیشۆڵە.../

جێی ئاماژەیە، کە جۆری یەکەمیان تەنها لەگەڵ ناودا دێن، بەڵام جۆری دووهەم دەچنە سەر ناوو ئاوەڵناوو ڕەگی کردارو دەرکردەکانیان ناو، یان ئاوەڵناون به چەمك و واتاکانی بچووککردنەوەوە[2].

## أ/٥) ئەو پاشگرانەی ناوی خواردن دادەڕێژن

### ناو + /- ێنە/

(٤٥) /نیسکێنە، ماشێنە، .../

ئەگەر ئەم پاشگرە تەنها وەك دارێژی ناوی خواردن دابنێین، ئەوا /-ێنە/ی دارێژی وشەیەکی وەك /خلیسکێنە/ هاوبێژی ئەم پاشگرەیە، چونکە لێرەدا ناوی ئامێر و ناوی یارییەکەشی دارشتووە.

(٤٦) خلیسك + ێنە = خلیسکێنە

(٤٧) منداڵەکان چوونە سەر خلیسکێنەکە.

(٤٨) منداڵەکان یاریی خلیسکێنە دەکەن .

---

1 سازان زاهیر، (٢٠٠٩:٦٧)

2 بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**ناو+ /-ینە/**

**(٤٩) / دۆینە،...//**

**ئەم پاشگرە بەبەراورد لەگەڵ پاشگری /-ێنە/دا، پاشگرێکی بێبەرهەمە.**

**ناو + /-ەمەنی/:**

**ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناوو ئاوەڵناوو ڕەگ و بەشداریی لە دارشتنی ناوو ئاوەڵناودا دەکات.**

**- ناو + /- ەمەنی/**

**(٥٠) /شیرەمەنی ، پاقلەمەنی..../**

**- ئاوەڵناو +/- ەمەنی/**

**(٥١) /مزرەمەنی.../**

**- ڕەگ + /- ەمەنی/**

**(٥٢) /چاپەمەنی، تەقەمەنی .../**

**تایبەتمەندیی ئەم پاشگرە وەهایە، کە دەچێتە سەر ناوی خواردن و واتای بەرهەمەکانی ئەو خواردنە دەگەیەنێت، شیرەمەنی هەموو بەرهەمەکانی شیرە( ماست، پەنیر،کەرە....هتد) بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات وشەی دیکە، کە خواردن نین ئەم پاشگرەیان خراوەتەسەر وەك نموونەکانی /تەقەمەنی ، چاپەمەنی/، (هەموو چاپکراوێك وەك کتێب و ڕۆژنامەو .. هتد).**

**أ/٦) پاشگری /-ێن/ بۆ دارشتنی ناوی هەندێك یاری**

**(٥٣) /هەڵماتێن خەتخەتێن، پەتپەتێن، تۆپتۆپێن، کلاوێن، جوکجوکێن، بوکبوکێن،.../**

**ئەم ناوانە لەگەڵ کرداری /کردن/دا دەبنە کردارێکی لێکدراو :**

**(٥٤) / پەتپەتێنکردن، خەتخەتێنکردن.../**

**أ/٧) کۆمەڵێك پاشگری دیکەی ناوداڕێژ**

**ناو + /-ەوەر/**

**(٥٥)/جانەوەر، گیانەوەر، زیندەوەر، .../**

**ناو +/- مەند/**

**(٥٦) / هونەرمەند، دەوڵەمەند، بیرمەند، کارمەند، ..../**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

زۆر لەو وشانەی ئەم پاشگرە وەردەگرن، دەکرێت لە ڕستەدا بە هەردوو شێوەی ئاوەڵناو، یان ناو بەکاربهێنرێن.

(٥٧) **پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە.**

(٥٨) **دەوڵەمەندێکی بێویژدانە.**

هەردوو پاشگری /- ەوەر/و /-مەند/ بەشێوەی سەرەکیی واتای {+هەبوون، + خاوەنێتی} دەگەیەنن .

### ناو + /-باز/

(٥٩) /سەرباز ، چەترباز، فێڵباز، دەستباز، مێباز، کۆترباز، حیلەباز، مەکرباز .../

دیسان دەکرێت هەندێك بەرهەمی ئەم پاشگرە لەڕستەدا چ وەك ناو چ وەك ئاوەڵناو بەکاربهێنرێن.

(٦٠) **پیاوێکی فێڵبازە.**

(٦١) **فێڵبازەکە ئاشکرابوو.**

### ناو + /- وانە/ ~ /- ەوانە/

(٦٢) /پاوانە، ملوانە، دەستەوانە ، لووتەوانە، کۆڵوانە، پووزەوانە..../

ئەم پاشگرە تەنها لەگەڵ ئەندامەکانی لەشدا بەکاردەهێنرێت و ناوی چەند کەلوپەلێك دادەڕێژێت، ئەم جۆرە تایبەتمەندییەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی بەرهەمی ئەم پاشگرە. جگە لەوەش، بۆ نموونە /گوێوانە/مان نییە، چونکە لەبەرامبەریدا وشەی/ گوارە /لە فەرهەنگی زمانەکەماندا هەیە، ئەمەش لە بەرهەمی ئەم پاشگرەی کەمکردووەتەوە. هەروەها هەردوو وشەی /ملوانکە، بەروانکە/، بۆ مەبەستی گەیاندنی واتایەکی دیکە بچووککراونەتەوە و پاشگری /-کە/ی بچووکردنەوەیان وەرگرتووە.

### ناو + /- گار/ بۆ داڕشتنی ناوی کات:

(٦٣) /شەوگار، ڕۆژگار، ..../

### ناو + /-ە/

(٦٤) / ئاگرە، شەوە..../

دەچێتە سەر ئاوەڵناو:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(٦٥) /چاكە، خراپە.../

هەروەها دەچێتە سەر ڕەگ:

(٦٦) /بارە، ڤیژە، زیكە، ڤیرە، بۆرە، قۆرە، فیكە، جوكە، نوكە، جیكە .../

ئەم وشانە بە دووبارەكردنەوەی ڕەگەكە بێ پاشگر بەكاردەهێنرێن:

(٦٧)/بارەبار،ڤیژەڤیژ، زیكەزیك، قۆرەقۆڕ، بۆرەبۆر..../، هەروەها بە وەرگرتنی كرداری /كردن/ دەبنە كرداری لێكدراو :

(٦٨)/بارەبارکردن، ڤیژەڤیژكردن، جووكەجووككردن، ..../

## ناو + /-انە/

(٦٩)/جەژنانە، پووشانە، ساڵانە، ڕۆژانە، مانگانە، .../

هەندێك لەم وشانە لەڕستەدا چ وەك ناون چ وەك ئاوەڵكرداری كاتیی بەكاردێن:

**(٧٠) منداڵەكان جەژنانەیان وەرگرت.**

**(٧١) مووچەی فەرمانبەرانی ئەم كۆمپانیایە ساڵانەیە.**

**(٧١) ساڵانە چەندین جار بۆ دەرەوەی وڵات گەشتدەكات.**

هەروەها ئەم پاشگرە، چەند هاوبێژێكی هەیە بەپێی بناغە:

١- بەناوەوە دەنوسێ، ئاوەڵناوی لێ دروستدەكات.

(٧٢) /پیاوانە، منالانە، كچانە، ژنانە.../

٢- بەناوەوە دەنوسێ، واتای (كرێ دەستی)دەبەخشێ، وەك

(٧٣) /شاگردانە.../

٣- دەنوسێ بە ئاوەڵكردارەوەو چەمكی بەردەوامیی دەبەخشێ.

(٧٤)/شەوانە ، ڕۆژانە، مانگانە/[١]

جگە لەم واتایانە ئەم پاشگرە بۆ واتای دیكەش بەكاردەهێنرێت، وەك لە وشەی (پووشانە، سەرانە، مەڕانە)، لەم وشانەدا بە واتای ئەو هەقەی بەرامبەر هەبوونی بەرهەمێك وەردەگیرێت.

## ناو + /-ندە /

(٧٥)/باڵندە..../

---

[١] صباح رشید، (٢٠٠٠:٧٥)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم پاشگرە دەچێتەسەر ناوەڵناویش، وەك /دڕندە/، دەشچێتە سەر ڕەگ وەك / فڕندە/

**ب) داڕشتنی ناو لە ناو بەیاریدەی پێشگر:**

**/بەر-/ + ناو**

**(٧٦) /بەرچنە.../**

لە سەرچاوەکاندا[1] /بەر/ لەم وشەیەدا وەك پێشگر دانراوە، بەڵام ئەگەر سەیری واتای وشەکە بکەین، دەبینین وشەیەکی لێکدراوە نەك داڕێژراو، /بەر/ وشەیەکی سادەی سەربەخۆیە مەبەست بەروبوم، یان بەرهەمە .

لە زمانی کوردیدا وشەی دیکەی لێکدراو، کە هەر بە تەرزی وشەی /بەرچنە/ داڕێژراون هەیە وەك / کاروانکوژە، ئەسپێکوژە،... /، هەروەها بەو جۆرەش، کە ناوەکە مۆرفیمی /ە/ی وەرگرتووە وەك / سەرەخۆرە، کەلووەخۆرە/. ئەو وشانە دەبنە بەرهەمی ناوی لێکدراو بە تەرزی ( ناو + ڕەگ)

هەروەها وشەکانی / بەرکوت، بەرکوڵ ، بەرکۆش، بەردەم ، بەرچاو ، بەرپێ، بەرماوە../دا، بەهەمان شێوە لێکدراون، بەڵام لێرەدا /بەر/ واتای /پێش/ەو ئاوەڵکردارە .

بۆیە ناکرێت /بەر/ وەك پێشگر سەیربکرێت، بەڵکو مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، هەروەها بەر وەك ئاوەڵکداری کاتیش دەردەکەوێت :

(٧٨) بەر لە هاتنی ئێوە، هەموو کارەکانمان تەواوکرد.

**/هاو-/ + ناو :**

(٧٩) /هاوڕێ، هاودەرد، هاوکار، هاوژین، هاودەم، هاوپیشە، هاوپۆل، هاوماڵ، هاوسەر، هاوخەم، هاوسەفەر، هاوسۆز،...../

لایەنێکی بەبەرهەمیی ئەم پاشگرە لەوەدا دەردەکەوێت، کە زۆربەی دەرکردەکانی وەك ناوی تایبەتی کەس بەکاردەهێنرێن وەك:

(٨٠) / هاوکار، هاوژین، هاوڕێ ..../

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩:١٣٢)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**پ) تەرزەکانی هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵناو /لەئاوەڵناوخستن/:**

**ئاوەڵناو+/-ێنە/**

(٨١) /زەردێنە، سپێنە، ڕەشێنە.../

**ئاوەڵناو + /-ەن/**

(٨٢) / ڕووتەن، تیژەن[1].../

**ئاوەڵناو + /-ەك/**

(٨٣) /بەرزەك[2]، چەوتەك .../

**ئاوەڵناو + /-انی/**

(٨٤) /ڕەقانی، نەرمانی، تەختانی، وشكانی.../

**ت) تەرزەکانی هەڵگواستنی ناو لە کردار /لەکردارخستن/:**

لێرەدا مەبەست ڕەگی کردارو قەدی کردارە

**ا- بە یاریدەی پاشگر**

**قەد +/-ار/**

(٨٥) / وتار، کوشتار، کردار .../

**ڕەگ +/-ەن/**

(٨٦)/ ڕێژەن، سووتەن،.../

**قەد+ /-وە/ یان /- ەوە /**

(٨٧) /کردەوە،.../

**قەد + /-ەوار/**

(٨٦) /خوێندەوار،.../

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف (١٣٢:١٩٧٩)

[2] بلندایی نێوان دوو دۆڵ، بڕوانە: ( هەژار: ١٣٨١ ٧٦ )



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ج) تەرزەکانی هەلگواستنی ناو لە ئاوەلکردار /لەئاوەلکردارخستن/

**ئاوەلکردار + /-ین/**

(٨٧) / پێشین.../

**ئاوەلکردار +/-ار/**

(٨٨) /بنار .../

### ٢/٢-٢-١-٢ ) هەلگواستنی ئاوەڵناو

سەبارەت بە جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە (محەمەد مەعروف فەتاح)[1] سێ جۆر ئاوەڵناوی جیاکردووەتەوە :

١- ئاوەڵناوی بارستایی/ گەورە، بچوك، نزم .../

٢- ئاوەڵناوە ڕواڵەتییەکان /گەرم، سارد، تاڵ، شیرین.../

٣- ئاوەڵناوی ڕەنگ /سوور، شین، قاوەیی /

دەکرێت ئەم سێ جۆرەی ئاوەڵناو لەژێر سەرناوی (ئاوەڵناوی چۆنیەتی)دا کۆبکرێنەوە، جۆرێکی دیکەی ئاوەڵناو (ئاوەڵناوی نیسبی)یە، کە لە فۆڕمی وشەی سادەدا نییە، تەنها لەڕێگەی داڕشتنەوە بەرهەمدەهێنرێت.

بەپێی ئەو جیاکردنەوەیە، دەکرێت هەر بەو شێوەیە ئاوەڵناوە داڕێژراوەکانیش بخرێنە ئەو پۆلێنەوە. جۆرێکی دیکە لە ئاوەڵناو، کە ئاوەڵناوی بچووکراوەیە، لەم پۆلێنەدا باسنەکراوە، کە دەکرێت ئەمانیش بەبەشێك لە ئاوەڵناوی چۆنیەتی دابنرێن.

### أ) تەرزەکانی هەلگواستنی ئاوەڵناو لە ناو/لەناوخستن/- بەیاریدەی پاشگر

**ناو + /-ی/ ( ئاوەڵناوی نیسبی)**

(٨٩) / شاری، کوردی، کوردستانی، لادێی، ئەرخەوانی، هەناری، پرتەقاڵی، لیمۆی.../

**ناو +/-ین/**

(٩٠) /زێڕین، ئاگرین، خوێنین، ئاسنین، بەردین... /

---

[1] محەمەد مەعروف فەتاح (هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو، ڕۆشنبیری نوێ، ( ژ ١٢٥ — ١٩٩٠) ل ٧٩-٩٢



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ناو +/-ن

ئەم پاشگرە لە دارشتنی ناوەڵناودا بەبەرهەمە، تایبەتمەندیی ئەم پاشگرە لەوەدایە کە تایبەتە بە مرۆڤ و بەزۆریی واتای ڕواڵەت و ئەدگاری ناپەسەند لە مرۆڤدا دەگەیەنێت.

(٩١) /تووکن، شەرمن، گۆشتن، چڵکن، خرپن، چڵمن، ڕشکن، سیخن، گرگن، ورگن، لیکن، جوکن، بڵتن، ...../

ناو + /-ێ/

(٩٢) /کرمێ.../

ناو + /-انە/

(٩٣) / منالآنە، کچانە، ژنانە، پیاوانە، کوردانە،..../

ناو +/-انی/

(٩٤) /ژنانی، کچانی، شەڕانی،../

ناو + /-ەکی/

(٩٥) /دەشتەکی، خێڵەکی، هۆشەکی.../

ناو + /-ە/

(٩٦) /هاوینە، بەهارە، زستانە،.../

ناو + /-اوی/

(٩٧) /ئارداوی، خۆڵاوی، کرماوی، شیلاوی، ڕۆناوی، دەرداوی، سیلاوی، تۆزاوی، بارگاوی، .../

ب) هەڵگواستنی ئاوەڵناو لە ناو بە یاریدەی پێشگر

/بێ-/ + ناو :

(٩٨) /بێهێز ، بێسوود ، بێباك ، بێخەم ، بێناز ، بێشەرم، بێهۆش ، بێخەو ، بێپێز ، بێڕێز .../

/بە-/ +ناو:

(٩٩) /بەڕێز، بەپێز، بەتام، بەسوود، بەگوڕ، بەتین، بەدەم، بەکار، بەشکۆ، .../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پ) تەرزەکانی هەلگواستنی ئاوەڵناو لە ئاوەڵناو[1] بە یاریدەی پێشگر:

/نە-/ + ئاوەڵناو :

(١٠٠) / نەخۆش، نەشیاو، .../

دەشچێتە سەر ڕەگ

(١٠١) /نەمر، نەبەز، نەزان، ..../

/نا-/+ ئاوەڵناو:

(١٠٢)/ناپاك، ناخۆش، ناشیرین، ناڕاست، نامەرد، ناحەز، نابار، نالەبار، ناقۆڵا، نادروست، ناساغ،.../

دەچێتە سەرناوو دیسان ئاوەڵناو دادەڕێژێت:

(١٠٣) /ناحەز، ناکەس، نائینسان.../

## ت) تەرزەکانی هەلگواستنی ئاوەڵناو لە کردار /لەکردارخستن/ - بەیاریدەی پاشگر

ڕەگ + / -ا/[2]

(١٠٤) /زانا، توانا.../

زۆر لە وشەکانی زمانی کوردی، کە ناو، یان ئاوەڵناون، هاوکات وەك ناوی تایبەتیی کەس بەکاردەهێنرێن، /زانا، توانا/، بەڵام /توانا/ لە ئێستادا وەك ناو بەکاردەهێنرێت و لەگەڵ پێشناوی /بە-/ دەبێتە ئاوەڵناو /بەتوانا/.

قەد +/- وو/

ئەم یاسایە یەکێکە لە یاسا بەبەرهەمەکان، کە ئاوەڵناوی کردوو لە قەدی کرداری تێنەپەڕ بە یاریدەی پاشگری /-وو/ دادەڕێژێت.

(١٠٥) /مردوو، نووستوو، هاتوو، ڕۆشتوو، خەوتوو، کەوتوو، دانیشتوو، ڕاکردوو، هەڵکەوتوو، پەککەوتوو، دڵمردوو، ..../ ئەم ئاوەڵناوانە زۆرکات وەك ناو بەکاردەهێنرێن.

---

[1] لاگرەکانی بچووککردنەوە، ڕۆڵیان لە داڕشتنی ئاوەڵناو بە واتاکانی بچووکردنەوەوە هەیە، وەك لە باسی داڕشتنی ناوی بچووککراوە ئاماژەی بۆکرا.

[2] ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٩١: ٨٤)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەروەها دارشتنی ئاوەڵناوی کراو له قەدی کرداری بکەر نادیار، بۆ ئەو کردارانەی تێپەڕن بە پاشگری /- و /، /شکاو ، سووتاو، خوراو، شۆراو، فرۆشراو، نووسراو ، دڕاو، ڕژاو .../
هەروەك ئاوەڵناوی کردوو، ئاوەڵناوی کراویش وەك ناو بەکاردەهێنرێن:
به نووسراوێکی فەرمی ئاگاداریان کردەوە.

**ج) تەرزەکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو لە کردار/لەکردارخستن/- بەیاریدەی پێشگر /ب-/ + ڕەگ [1]**

(١٠٦) /ببڕ، بکوژ، .../

**٢/٢-٢-١-٣ هەڵگواستنی ئاوەڵکردار**

**أ) تەرزەکانی هەڵگواستنی ئاوەڵکردار لەناو /لەناوخستن/ - بەیاریدەی پێشگر**

**/بێ-/ + ناو**

(١٠٧) /بێگومان، بێشك، بێوچان، .../

**/بە-/ + ناو**

(١٠٨) /بەتەنیا، بەپەلە، بەخێرایی، بەگورجیی، بەجوانیی، بەچاکیی، .../

**ب) تەرزەکانی هەڵگواستنی ئاوەڵکردار لەناو /لەناوخستن/- بەیاریدەی پاشگر**

**ناو + /-ەکی/ [2]**

(١٠٩) /شەوەکی، بەیانەکی.../

**/بێ-/ + ناو +/- انە/**

(١١٠) /بێ باکانە، بێشەرمانە، بێئەقڵانە،.../

**٢/٢-٢-١-٤ ) هەڵگواستنی کرداری ناوی /چاوگ/:**

لێرەدا کردار وەك یەکەیەکی فەرهەنگیی دەخرێتەڕوو نەك وەك یەکەیەکی سینتاکسی.

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٩١:٨٧ )
[2] ڕۆژان نوری عەبدوڵا، (٢٠٠٦:٤٤)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ا) به یاریدەی پێشگر

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێك پێشگر لە دارشتنی کرداری ناویدا تا پلەیەکی بەرز چالاکن، ئەم پێشگرانە بەبەهەم و کراوەن، پێشگرەکانیش، دووجۆرن:

- پێشگرە ئاوەڵکرداریيەکانی ئاراستە: /هەڵ-، دا-، را- ، رۆ-، وەر- /.

- پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان /پێ- ، لێ-، تێ-/[1]

ئەم پێشگرانە لە فۆرمی لێکدراویشدا دەردەکەون و کرداری نوێ دادەرێژن /پێدا، لێدا، تێدا ، پێوە، لێوە، تێوە/.

خستنەرووی تەواوی واتاکانی ئەم پێشگرانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو زانستییانەی سەربەخۆو تایبەت بە پێکهاتەو واتای کردار لە زمانی کوردیدا هەیە. بێگومان بۆ ئەم کارە هاوتای لێکۆڵنەوەی پەسنی (سینکرۆنی)، پێویست بە لێکۆڵینەوەی مێژووییش دەکات.

### /را-/ + کرداری ناوی

(۱۱۱)/ راکردن، راخستن، راهێنان، راماڵین، رابواردن..../

یەکێك لەو هەڵانەی سەبارەت بە لاگرەکان بەگشتی روودەدات، ئەوەیە کە زۆرکات بەپێی فۆرمی دەرەوە بریار لەسەر ئەوە دراوە، کە بەشێك لەوشەیەك لاگرە. بۆنموونە لە کتێبی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆژی کوردی)[2]دا ، لە وشەی /ملدان/ دا، /دان/ بە پاشگر دانراوە، لە کاتێکدا دەزانین /ملدان/ کردارێکە و دەکرێت وەك ئیدیەمێك سەیر بکرێت: ملنادات، زۆر بەئاسانیی ملی دا.

ئەم پێشگرانە چەندین واتای نوێ بەرهەمدێنن و بەرهەمیان بەپێی ئەو کردارەی دەچنەسەری جیاوازەو هەندێك جار وەك هاوواتاو هەندێك جاریش وەك فرەواتا دەردەکەون.

### /هەڵ-/ + کرداری ناوی

(۱۱۲) /هەڵکردن، هەڵچوون، هەڵخستن، هەڵچنین، هەڵدان، هەڵپەساردن ..../

### /دا-/ + کرداری ناوی

(۱۱۳) /داکردن، داهێنان، داخستن، دابرین، داخورپان، دارمان، داتاشین، داخزان، داکرمان.../

---

[1] محەمەدی مەحوی، (۲۰۰۱: ۱۸۲)

[2] محمد معروف فتاح، صباح رشيد، (۲۰۰٦ : ۷۲ و ۷۹)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**/ڕۆ-/ + کرداری ناوی**

(١١٤)/ ڕۆکردن، ڕۆچوون.../

**/وەر-/ + کرداری ناوی**

(١١٥)/ وەرگرتن .../

**/ڕێ-/ + کرداری ناوی**

(١١٦) / ڕێگرتن.../

هەرچەندە /ڕێ- /[1] بە پێشگر دانراوە، بەلآم مۆرفیمێکی سەربەخۆیەو پێشگر نییە. هەر بەو شێوەیە /ڕێك/ پێشگر نییە:

(١١٧) /ڕێکخستن، ڕێککردن.../

**/پێ- / + کرداری ناوی**

(١١٨) /پێگەشتن، پێزانین، پێگوتن.../

**/ تێ -/ + کرداری ناوی**

(١١٩) /تێکردن ، تێچوون.../

**/ لێ-/ + کرداری ناوی**

(١٢٠) /لێکردن ، لێنان ، لێخستن .../

**/پێدا-/ + کرداری ناوی**

(١٢١) /پێداناردن ، پێدا بردن، پێداڕۆشتن.../

**/ تێدا- / + کرداری ناوی**

(١٢٢)/تێدا دانان ، تێداهەلگرتن.../

**/لێدا-/ + کرداری ناوی**

(١٢٣) /لێداگرتن، لێداهێنان... /

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠:٧٢)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

/ پێوە-/ + کرداری ناوی

(١٢٤) /پێوەکردن، پێوەبوون، پێوەنووسان،...../

/ تێوە-/ + کرداری ناوی

(١٢٥) /تێوەگلان، تێوەئالآن، تێوەچوون.../

/پێك-/ + کرداری ناوی

(١٢٦) /پێکهاتن، پێکهێنان، پێکهەڵپڕژان/

/تێك-/ + کرداری ناوی

(١٢٧) /تێکدان، تێکهەڵچوون،.../

/لێك-/ + کرداری ناوی

(١٢٨) / لێکدان، لێککردنەوە، لێکدەرهێنان .../

جگەلەم تەرزانەی پێشەوە، ئەم پێشگرانە بە تەرزی دیکەش لە زماندا بوونیان هەیە، وەك

(١٢٩)/ پێتێکردن ، پێلێکردنەوە ، پێهەلگرتن، لێتێکردن، تێهەڵدان..../

ب) بە یاریدەی پاشگر

کرداری ناوی + /- دوە /

(١٢٩)/کردنەوە، بردنەوە، خواردنەوە، نووسینەوە، شیکردنەوە، شتنەوە، گرتنەوە، ڕۆشتنەوە، هاتنەوە، هێنانەوە، شکاندنەوە، سوورکردنەوە، .../

٢/٢-٣ ) پرۆسەی وشەلەیەکدان/Compounding/:

وشەلەیەکدان، یەکێکی ترە لە پرۆسە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشە لە زماندا. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی لە ڕووی لەیەکدانەوە دەوڵەمەندەو لە هەموو پۆلە ڕەگەزەکانی ناوو ئاوەڵناوو کردارو ئاوەڵکرداردا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەبێت.

٢/٢-٣-١) تەرزەکانی وشەی لێکدراو

ا) تەرزەکانی ناوی لێکدراو

ناو + ناو

(١٢٩)/شاهەنگ، شاگوڵ، شاکێو، شارێ، شاژن، گەلآمێو، داربەڕوو، ..../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

له لێکدراودا زۆرکات ئەوە دەبینین، کە دەرخەرێك لە دارشتنی وشەی لێکدراودا زۆر چالاك و بەبەرهەمە، وەك لە /شا/دا دیارە، ئەمەش بەهۆی ئەو واتایەوەیە، کە دەیبەخشێت. ئەم دەرخەرە لەگەڵ ئاوەڵناویشدا هەر بەوشێوەیە، وشەی لێکدراو بەرهەمدێنێت. وەك /شاجوان/. دەکرێت پێشبینی بەرهەمی زیاتر لەم دەرخەرە بکرێت بۆ واتایەکی تایبەتی، وشەی وەك /شاگچ ، شادایك ،.../ هتد بەرهەمبهێنرێت.

**ئاوەڵناو+ ناو:**

(١٣٠) / ڕەشماڵ ، سورگوڵ، ڕەشپێشت، سپیپێست، .../

**ناو + ڕەگ**

(١٣١) / دارتاش، سەرتاش، دەستبڕ .../

**ناو+ناوبەندی /-ە-/ +ناو**

(١٣٢) / بەردەنوێژ ، گوڵەگەنم ، گوڵەجۆ، بەردەپێ ، دارەبەن.../

**ناو+ناوبەندی/-و-/ +ناو**

(١٣٣) /هێلکەوڕۆن ، کەسوکار، دایکوباوك ، دەموچاو، سەروپێ ،.../

**ناو+ناوبەندی /-بە-/ +ناو**

(١٣٤) /کولێرەبەڕۆن، کولێرەبەقیمە، چاوبەکل،.../

**ناو+ناوبەندی /-ە-/ +ئاوەڵناو**

(١٣٥)/مێرگەسوور، کێلەسپی، کێوەڕەش، دارەزەرد، .../

**ئاوەڵناو+/-ناوبەندی/-ە-/ +ناو**

(١٣٦) /ڕەشەبا، سوورە چنار، کوێرەدێ ، شینەشاهۆ، زەردەبی، شۆڕەبی...

**ب) تەرزەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو**

**ناو+ئاوەڵناو**

(١٣٧) /چاوشین، سەرسپی، دڵتەڕ، دڵپیس، دەستپیس، دەمڕەش.../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**ناو+ئاوەڵناوی کراو یان کردوو**

(۱۳۸)/سەرشکاو، جەرگسووتاو، تالآنکراو، دەممردوو، بابردوو، کۆستکەوتوو، .../

**ناو+ناوبەندی/-بە-/ +کرداری ناویی**

(۱۳۹)/چاوبەگریان ، دەمبەپیکەنین ، .../

**ئاوەڵناو+ناوبەندی /-ە -/ +ناو**

/کورتەبالآ ، شۆڕەژن ، شۆخەژن.../

**ژمارە+ناو**

(۱٤۰) /دوودڵ، دووزمان، چوارچاو ، چوارپێ، سێپا .../

**دووپاتکردنەوەی ناو**

(۱٤۲)/کونکون، خاڵخاڵ.../

**ئاوەڵناو+ناوبەندی/-و-/ +ئاوەڵناو**

(۱٤۲) /سوروسپی، ڕەشوبۆر، شۆخوشەنگ، .../

**پ) تەرزەکانی کرداری ناویی لێکدراو**[1]

**پ/۱) تەرزی /ناو + کردار/**

**ناو (سادە ، دارێژراو، لێکدراو ) + کردار (سادە ، داڕێژراو)**

(۱٤٤)

أ- ناوی سادە : / شەڕکردن، کارکردن، وێنەگرتن، هەناسەدان، دەستپێکردن.../

ب- ناوی داڕێژراو: / جێگەداخستن، .../

پ- ناوی لێکدراو: /دەنگەدەنگکردن، دەستنوێژگرتن، .../

**جێناوی خۆیی+ کردار (سادە، دارێژراو )**

(۱٤٥)/خۆفرۆشتن، خۆبەختکردن، خۆهەڵکێشان، خۆتێهەڵقورتان .../

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی تەرزەکانی کرداری لێکدراو، بڕوانە: (محەمەد عومەر عەول: ۲۰۰۱)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### پ/٢) ئاوەڵناو + کردار [1]

### ئاوەڵناو(سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) + کرداری ناویی (سادە، دارێژراو، لێکدراو)

ئاوەڵناوی سادە + کرداری ناویی سادە

(١٤٦) / ژیرکردن، شێتکردن، ئاقڵکردن، ئاقڵبوون.../

ئاوەڵناوی دارێژراو + کرداری ناویی سادە

(١٤٧) /بەهێزبوون، ...../

ئاوەڵناوی لێکدراو + کرداری ناویی سادە

(١٤٨) / سەرخۆشبوون، ...../

### ئاوەڵکردار +کرداری ناوی

(١٤٩) /سەرکەوتن ، ژێرکەوتن .../

### مۆرفیمی بەند + کرداری ناوی

/ شی، هان، نقوم، فڕێ، توور، واز، پەك، ورك، پەڵپ، تەمێ، ون /

ئەم فۆرمانە لەبەرئەوەی لە ئێستادا واتایەکی سەربەخۆو ئاشکرایان نییە، بۆیە وەك مۆرفیمی بەند ئەژمارکراون، بەڵام ئەگەر سەیری هەندێك لەم فۆرمانە بکەین، دەبینین تاڕادەیەك واتایان ئاشکرایەو هەندێك جار بەکارهێنانی سەربەخۆشیان هەیە، بۆ نموونە

/ون /

(١٥٠) دوو ساڵە ونە لێمان، کەچی لەپڕ خۆی دەرخست.

/ پەك/

(١٥١) زۆری پەکە، لەو باوەڕەدا نیم سەرپێ بکەوێتەوە.

(١٥٢) /شیکردنەوە، شیبوونەوە، نوقمبوون، نقومکردن، فڕێدان، توڕدان، ورکگرتن، پەڵپگرتن، پەککەوتن، هاندان/

هەندێك لەم کردارانە بەشی یەکەمیان لەدەرەوەی زمان بەتەنها ئاماژە بەندییان نییە، بەڵام وەك کردارێکی لێکدراو بارێك دەخەنەڕوو:

(١٥٣) هاندانی خەڵك بۆ پاکوخاوێنیی ڕاگرتن، ئەرکی هەمووانە.

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، (٢٠٠٠:٩١)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(١٥٤) جلەکانی لەکۆنیدا شیبوونەتەوە.

**پ/٢) تەرزی /کردار + تەواوکەر /**

(١٥٥) /خستنەپێشچاو، هاتنەکوڵ، هاتنەگریان، هێنانەپێکەنین، خستنەخوارەوە، بردنەژوور، چوونەپێش، بردنەپێش، .../

**تەرزەکانی ئاوەڵکرداری لێکدراو**

**ناو + ناو**

(١٥٦) /پۆل پۆل ، دەستە دەستە، جووت جووت.../

**ژمارە + ژمارە**

(١٥٧) / دوو دوو، سێ سێ،.../

**ئاوەڵناو+ ئاوەڵناو**

(١٥٨)/ هێدیهێدی، سوکسوک، هێواشهێواش.../

**ئاوەڵکردار + ئاوەڵکردار**

(١٥٩) /کەمکەم ، زووزوو ، خێراخێرا، .../

## ٤-٢/٢ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە /Inflectional Morphology

لە بارەی زاراوەی /Inflection/- شکاندنەوەوە، کریستاڵ(Crystal) دەڵێت " ئەم زاراوەیە لە مۆرفۆلۆژیدا بەکاردەهێنرێت. ئاماژەیە بۆ یەکێك لە دوو پرۆسە سەرەکییەکەی مۆرفۆلۆژی، کە ئەویدیکەیان هەڵگواستن/Derivation/ە. هەروەها ئەم دوو زاراوەیە دوو جۆر لە لاگر دەنوێنن لە وشەدارِشتندا. لاگرەکانی شکاندنەوە هێمان بۆ پەیوەندییە رێزمانییەکانی وەك کۆ، کات، ..."[١]

یەکێك لە ئەدگارە سەرەکییەکانی پرۆسەو لاگرەکانی شکاندنەوە ئەوەیە، کە پۆلەرِەگەزی وشەکان ناگۆرِن و رِۆڵی سەرەکییان لە فرێزو رِستەکاندا دەردەکەوێت.

[1] Crystal, (2003:233)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

جۆرو ژمارەی پرۆسەو لاگرەکانی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە بەپێی زمانەکان دەگۆڕێن، لە زمانی کوردیدا دەکرێت ئەم جۆرانە دەستنیشانبکرێن؛

## ٢/٢-٤-١) مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ناو؛

### ٢/٢-٤-١-١) ناسراویی ناو؛

#### أ) ناو +/-ەکە/ی ناسراویی و ئەلۆمۆرفەکانی

ناسراوکردنی ناو بە مۆرفیمی /-ەکە/ و ئەلۆمۆفەکانی بە پێی فۆنیمی کۆتایی ناوەکە دەبێت:

١- ئەو ناوانەی کۆتاییان بە بزوێنی (ا، ە، ۆ، ێ)هاتووە، بە مۆرفیمی /-کە/، ناسراو دەکرێن.

(١٦٠)

دێ > دێکە

دەرگا > دەرگاکە

پەردە > پەردەکە

٢- ئەو ناوانەی کۆتاییان بە فۆنیمەکانی دیکە هاتووە، جگە لە فۆنیمەکانی خاڵی یەك، ئەوا بە /-ەکە/ ناسراو دەکرێن.

لەم جۆرە پرۆسە مۆرفۆلۆژییانەی شکاندنەوەدا، پلەی بەبەرهەمیی لاگرەکە بە پێکهاتەی فۆنەتیکیی ئەو بناغانەوە، کە پێوەی دەلکێن پەیوەستە.

دەکرێت بۆ لاگرەکانی ناسراوکردن بڵێین، /-ەکە/ بەبەرهەمترە لە /-کە/ چونکە لەگەڵ زۆربەی فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت.

ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر زۆربەی ناوەکان لە زمانی کوردیدا کۆتاییان بە فۆنیمەکانی خاڵی یەکەم نەهاتبێت.

یەکێك لەو ڕێگرانەی بەردەم بەبەرهەمیی لاگرەکانی ناسراوکردن ئەوەیە، کە هەندێك ناو لە زماندا خۆیان ناسراون، وەك ناوی تایبەتیی کەس، پێویستیان بە ناسراوکردن نییە.

بەپێی ناوچە و زارەکان مۆرفیمی ناسراوی، ئەلۆمۆرفی دیکەشی بۆ دروستدەبێت وەك:

/-ۆکە، -ە، -یەکە/



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(١٦١)

خانوو > خانۆکە

پیاو > پیاوە

دێ > دێیەکە

### ٢/٢-٤-١-٢) نەناسراویی ناو

**ناو + /ەك/[1] و ئەلۆمۆرفەکانی**

هەر بە شێوەی لاگرەکانی ناسراوکردن، فۆنیمی کۆتایی ناوەکە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، ناوەکە مۆرفیمی /-ەك/، یان کام لە ئەلۆمۆرفەکانی وەردەگرێت:

١- ئەو ناوانەی کۆتاییان بە ڤاوڵەکانی (ا، ە، ی، ۆ، وو) هاتووە، /-یەك/ وەردەگرن.

(١٦٢)

ساوا > ساوایەك

شوتی > شوتییەك

٢- ئەو ناوانەی کۆتاییان بە فۆنیمەکانی دیکە هاتووە، بە /-ێك/ دەکرێن بە نەناسراو:

(١٦٣)

شار > شارێك

مناڵ > مناڵێك

کەو > کەوێك

### ٢/٢-٤-١-٣ ) کۆی ناو

**ناو + /-ان/ و ئەلۆمۆرفەکانی**

کۆی ناو لە زمانی کوردیدا، بەهۆی چەند مۆرفیمێکەوە دەبێت، کە مۆرفیمی /-ان/ لە هەموویان بەبەرهەمترەو ڕوونیی فۆنۆلۆژیی ڕێگەی بەم مۆرفیمەداوە لەگەڵ زۆرینەی ناو لە زمانی کوردیدا یەکبگرێت، تەنانەت ئەو ناوانەش، کە لە ڕێگەی خواستن یان وەرگرتنەوە لە زمانەکانی دیکەوە دێنە ناو زمانی کوردییەوە.

---

[1] نوری عەلی ئەمین، (١٩٦٠:٦٩)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

مۆرفیمی /-ان/ بەپێی فۆنیمی کۆتایی ئەو ناوەی دەچێتە سەری چەند گۆڕانێکی بەسەردا دێت :

١-ئەو ناوانەی کۆتاییان بە بزوێنی (ا، ۆ، ێ،ی)هاتووە. ئەوا لە نێوان ناوەکەو مۆرفیمی /-ان/ی کۆدا، نیمچە بزوێنی /ی/ دەردەکەوێت.

(١٦٤) برا > برایان

١- ئەگەر ناوەکە دوا فۆنیمی بزوێنی (ە) بێت، ئەوا ئەم فۆنیمە تێدەچێت.[1]

(١٦٥) بەرە > بەران

هەروەها دەکرێت بوترێت /بەرەیان/ .

## ناو+ /کان/ یان /ەکان/ بۆ ناوی ناسراوی کۆ

لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست بە تایبەت لە ناوچەی سلێمانیدا، زۆرکات ناو ناسراودەکرێت، ئەمجا دەکرێت بە کۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فۆڕمی ناسراوی کۆ و هەردوو مۆرفیمی /کان/ و /ەکان/ ئەم ڕۆڵەدەبینن:

(١٦٦) /کوڕەکان، منالەکان، ئاغاکان، شاخەکان،..../

مۆرفیمەکانی دیکەی کۆی ناو بریتین لە / -گەل، -هات، -جات، -وات، -ات ، -ها /کە لەبەرهەمدا سنووردارن.

(١٦٧)

/-گەل/ کوڕگەل ، کچگەل

/-هات/ دێهات

/-وات/ سەوزەوات

/-ها/ساڵەها

/-جات/ میوەجات

لەگەڵ هەندێك لەم ناوانەدا بەهەمان شێوە مۆرفیمی /-ان/ بەکاردەهێنرێت.

(١٦٨) /ساڵان، کوڕان، / ....

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩:٤٩)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٢/٢-٤-٢ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئاوەڵناو /پلەکانی بەراوردو باڵا/:

مۆرفیمەکانی شکاندنەوەی ئاوەڵناو بە پلەکانی ئاوەڵناوەوە پەیوەستن، لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو کراوە بە سێ پلەوە ( پلەی چەسپیو، پلەی بەراورد، پلەی باڵا).

پلەی چەسپیو باری ئاسایی ئاوەڵناوێکە، کەبۆ پەسنکردنی ناوێك بەکاردەهێنرێت

(١٦٩) منداڵەکە جوانە.

(١٧٠) کچەکە زیرەکە.

هەردوو پلەی بەراوردو باڵای ئاوەڵناو دەکرێت، بە چەند شێوازێك گوزارشتیان لێبکرێت، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەوە بەکارهێنانی مۆرفیمی /-تر/ە بۆ بەراوردو /-ترین/ە بۆ باڵا.

ئەم جۆرەش لە جۆرەکانی دیکەی دەربڕینی پلەی ئاوەڵناو بەبەرهەمترن.

(١٧١) دیما منداڵێکی زیرەکە .

(١٧٢) دییە لە دیما زیرەکترە .

(١٧٣) ئەمساڵ دییە زیرەکترین خوێندکاربوو لە ناو هاوڕێکانیدا.

### ٣/٢-٤-٢ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی ئاوەڵکردار :

مۆرفیمی /-تر/ لەگەڵ ئاوەڵکرداردا بۆدەربڕینی پلەی ئەو کردارەی ئاوەڵکردارەکە پەسندیدەکات، بەکاردەهێنرێت.

(١٧٤) جوان قسەبکە.

(١٧٥) جوانتر قسەبکە .

(١٧٦) بەپەلە برۆ .

(١٧٧) کەمێك پەلەتر برۆ .

### ٤/٢-٤-٢ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی جێناو:

جێناوەکەسییە لکاوەکان لەزاری کرمانجی ناوەڕاستدا دوو کۆمەڵەن (م-مان ، ت – تان، ی – یان) و (م-ین ، یت – ن ، ات/ێت/ Ø – ن)[1]، دەرکەوتنیان لەگەڵ کرداردا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

[1] وریا عمر امین، (٢٠٠٤:٩١)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ا) کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردەهێنرێت و بۆ دەربڕینی ئەم کاتەش دەچێتە سەر قەدی کرداری تێپەڕ.

| جێناوی کەسیی لکاو | کاری ڕابردووی تێپەڕ |
|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک /-م/ | خواردم، ناردم |
| کەسی دووەمی تاک/-ت/ | خواردت، ناردت |
| کەسی سێهەمی تاک/-ی/ | خواردی، ناردی |
| کەسی یەکەمی کۆ /-مان/ | خواردمان، ناردمان |
| کەسی دووەمی کۆ /-تان/ | خواردتان، ناردتان |
| کەسی سێهەمی کۆ /-یان/ | خواردیان، ناردیان |

ب) کۆمەڵەی دووەم (م- ین) لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێنەپەڕو ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا بەکاردەهێنرێت.

| جێناوی کەسیی لکاو | ڕابردووی تێنەپەڕ | ڕانەبردووی تێپەڕ | ڕانەبردووی تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاک /-م/ | ڕۆشتم | دەخۆم | دەچم |
| کەسی دووەمی تاک/- یت/ | ڕۆشتیت | دەخۆیت | دەچیت |
| کەسی سێهەمی تاک/- ات، ێت، Ø / | ڕۆشت Ø | دەخوات | دەچێت |
| کەسی یەکەمی کۆ /- ین/ | ڕۆشتین | دەخۆین | دەچین |
| کەسی دووەمی کۆ /-ن / | ڕۆشتن | دەخۆن | دەچن |
| کەسی سێهەمی کۆ /- ن/ | ڕۆشتن | دەخۆن | دەچن |

### ٢/٢-٤-٥) مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی کردار

مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی کردار، لەگشت لایەنەکانی دیکەی مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە فراوانترەو بریتییە لە ( کات و کەس، تێپەڕبۆ تێنەپەڕ، ڕووکار، نەرێکردن، بکەرنادیار).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم مۆرفیمانە لەڕووی ژمارەوە دیاریکراون و گۆڕان لە ژمارەیاندا ڕوونادات، بۆنموونە کەس لە زمانی کوردیدا وەك پێشتریش خرایەڕوو بریتییە لە (کەسی یەکهەمی تاكو کۆ، کەسی دووهەمی تاك و کۆ، کەسی سێهەمی تاك و کۆ)، ئەم ژمارەیە دیاریکراوەو بێکێشە ڕۆڵی خۆیان لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا دەبینن.

دەکرێت بەبەرهەمی لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا بەو جۆرە بخرێتەڕوو، کە بەژمارەیەکی دیاریکراو لە مۆرفیم ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستەو ئاخاوتن دەرببڕێت.
لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئەم ئاماژەیە بۆ مۆرفیمەکانی کردار دەکرێت، فراوانی و گرنگیی کردار بەتایبەت لە ڕووی ئەرکی لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە.

## ٣/٢) هەڵگەڕانەوە /Conversion/

" چەندین سەرچاوەی دیکە بۆ وشەی نوێ لە زماندا، جگە لە پرۆسەکانی لاگرلکاندن و لەیەکدان هەیە، ئەمەش کاتێك دەبێت، کە وشەیەك لە بەشە ئاخاوتنێك بۆ بەشە ئاخاوتنێکی دیکە هەڵدەگەڕێتەوە"[1].
هەڵگەڕانەوە بە >>zero derivation<< یش ناودەبرێت، هەرچەندە لە ڕستە و بەکارهێناندا دەردەکەوێت، بەڵام وەك پرۆسەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژی ئەژماردەکرێت، لەو ڕووەوە، کە لەگەڵ پۆلە فەرهەنگییەکاندا مامەڵەدەکات.
هەڵگەڕانەوە لەگەڵ زۆربەی پۆلە ڕەگەزە کراوەکاندا ڕوودەدات، وەك هەڵگەڕانەوەی کردار بۆ ناو ، ناو بۆ ئاوەڵناو، یان ئاوەڵناو بۆ ناو .
لە زمانی کوردیدا، هەڵگەڕانەوەی ئاوەڵناو بۆ ناو بەبەرهەمەو زۆربەی کات پێڕەودەکرێت (١٧٨) جوانەکان هاتن.

---

[1] Harley, (2006:106)

# بەشی سێیەم

# بەبەرهەمیی چەند پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژییانە

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# بەبەرهەمیی چەند پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژییانە

دەستنیشانکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکان لەم بەشەداو لێکۆڵینەوەی بەبەرهەمییان، بەمەودای لێکۆڵینەکەوە پەیوەستە. هەرچەندە لەبەشی دووهەمدا تارادەیەك بەبەرهەمیی هەندێك پرۆسە خرانەڕوو. ئەوپرۆسانەی لەم بەشەدا هەڵبژێردراون، لەسەربنەمای زیاتر بەبەرهەمییان بووە بە بەراورد بە پرۆسەکانی دیکەی هاوشێوەیان، هەنگاوەکان بە تایبەتی بەسەر پرۆسەکانی وشەدارشتندا جێبەجێدەبێت، چ هەڵگواستنو چ لەیەکدان.

لەبارەی پرۆسەکانی وشەشکاندنەوەوە، بۆ دەرخستنی چۆنیەتیی بەبەرهەمیی ئەو پرۆسانە (کۆی ناو لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا)، لەڕووی بەبەرهەمییەوە، لێی دەکۆڵرێتەوە.

## ١/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی هەڵگواستن:

لەجێبەجێکردنی پرۆسەکانی لاگرلکاندن لە زماندا، هەروەك چۆن ڕێگر لە گشت ئاستەکانی زماندا دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك گۆڕان، کە بەپێی هەلومەرج و یاساکانی زمان ڕێگەپێدراون، ڕوودەدەن و دەبنە ڕێگەخۆشکەر بۆ بەبەرهەمیی یاساکان.

" لەپرۆسەی لاگرلکاندن یان هەڵگواستندا دەشێت سێ جۆر گۆڕان ڕوودبدات:

١- گۆڕانی فۆنۆلۆژی

٢- گۆڕانی پۆلەرەگەز/ کاتیگۆری

٣- گۆڕانی سیمانتیکی "[1]

ئەم گۆڕانانە لە پرۆسەی لەیەکدانیشدا دەبینرێنەوە. هەرسێ جۆری گۆڕانەکە ڕێگەپێدراون. واتە لەگەڵ پێڕەوو یاساکانی زماندا گونجاون، بە پێچەوانەشەوە دەشێت لەبەردەم پرۆسەکەدا ببنەڕێگرو لە بەرهەمی کەمبکەنەوە.

### ١-١/٣) گۆڕانی فۆنۆلۆژی:

ئەو گۆڕانانەن، کە بەپێی یاسا فۆنۆلۆژی و فۆنۆتاکتیکیەکانی زمان ڕوودەدەن. زۆرکات پرۆسەیەك دەبێتە هۆی خستنەکاری یاسایەك. زۆر کات لە پرۆسەیەکدا، پاش

[1] Akmajina,(1997:30)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

شیکردنەوەی لایەنی فۆنۆلۆژی ئەوە دەردەکەوێت، کە چۆن ئەو پرۆسەیە خۆی لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژی و فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانەکەدا گونجاندووە. یاساکانی برگەو پێکەوەهاتنی کۆنسنانت و ڤاوڵەکان ڕۆڵی سەرەکیی لەم گۆڕانەدا دەبینن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەم گۆڕانە زۆرتر لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەدا ڕوودەدات و بەوهۆیەشەوە زۆرکات ئەلۆمۆرفەکان دێنەکایەوە.

سەبارەت بە پرۆسەکانی وشەهەڵگواستن لە زمانی کوردیدا، گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان کەمتر ڕوودەدەن، یان دەردەکەون، بۆنموونە زۆربەی پاشگرەکان فۆنیمی یەکەمیان کۆنسنانتە، ئەمەش وای کردووە بتوانن بە ئاسانی بە زۆربەی بناغەکانەوە بلکێن.(بڕوانە نموونەکانی بەشی دووەم)؛ زۆر کات پاشگرێك بەدوو فۆرم دەردەکەوێت، ئەمەش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دوا فۆنیمی بناغەکەدا، بۆ نموونە پاشگری /- وان/ و /- ەوان/:

(١) /دەریاوان ، دارەوان ، کەشتیەوان .../

پاشگری /ی/ دارێژی ناوی ئەبستراکت، لەگەڵ ئەو ناوانەی بە /ی/ کۆتاییان هاتووە نایەت و لەجیاتی ئەم پاشگرە، پاشگری / - ێتی/ ئەو ڕۆڵە دەبینێت :

(٢)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا) | چایچی | چایچیی* | چایچێتی |
| ب) | پینەچی | پینەچیی* | پینەچێتی |

## ٣/١-٢) گۆڕانی پۆلە ڕەگەز:

گۆڕانی پۆلەڕەگەزی وشەکان گۆڕانێکی فراوانەو یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی وشەدارِشتن لە زماندا. واتە بۆ ئەوەی پێویستیەکانی زمان پڕبکرێنەوە لە ڕێگەی پرۆسەکانی وشەدارِشتن و بە گۆڕینی پۆلە ڕەگەزی وشەکان فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەبێت. ئەم گۆڕانە لە زمانەوانیدا بە دوو جۆر دەردەکەوێت:

**یەکەم/ بەپێی بناغە:** واتە گۆڕینی پۆلە ڕەگەزی بناغەی بەشداربوو لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکەدا بۆ پۆلە ڕەگەزێکی دیکە، ئەو گۆڕانانەش بریتین لە:

- لە ناو خستن
- لە ئاوەڵناو خستن



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- له کردار خستن
- له ئاوەڵکردار خستن

**دووهەم/ بەپێی دەرکردە:** ئەمەیان لەبارەی دەرکردەی پرۆسەکەوەیە ، واتە باس لە بەرهەمی پرۆسەکە دەکرێت، کە پۆلە ڕەگەزی بناغەکەی بۆ گۆڕدراوە، گۆڕانەکانیش بریتین لە:

- بەناو کردن
- بە ئاوەڵناو کردن
- بە ئاوەڵکردار کردن

له ئێستای زمانی کوردیدا، تا ئەو ڕادەیەی لێکۆڵەر بزانێت پرۆسەی بەکردارکردن نییە، واتە هیچ یەکێك لە پۆلە ڕەگەزەکانی دیکە نابنە کردار.(بڕوانە پرۆسەی هەڵگواستنی کردار (٢/٢-٢-١-٤/ ل ٥٢ ).

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە لەهەندێك پرۆسەی مۆرفۆلۆژیدا پۆلە ڕەگەزی وشە ناگۆڕدرێتو وەك خۆی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە هەڵگواستنی ناو لە ناو یان ئاوەڵناو لە ئاوەڵناو ..... هتد.

### ٢-١/٣) گۆڕانی سیمانتیکی:

مەبەستی سەرەکیی وشە داڕشتن لە زماندا، گەیاندنی واتاو چەمکی نوێیە. گۆڕانی سیمانتیکی، یاخود گۆڕانی واتایی لەم پرۆسانەدا جۆراوجۆرە. هەندێك کات پەیوەندیی لە نێوان بناغەی وشە داڕشتنەکەو دەرکردەدا هەیە، هەندێك کاتیش هیچ جۆرە پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا نییە. لە پرۆسەکانی هەڵگواستندا، ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕانی واتاییدا بۆ ئەو لاگرەی دەچێتە سەر بناغەکە دەگەڕێتەوە.

ژمارەیەك لە لاگرەکانی زمانی کوردی پێشتر مۆرفیمی سەربەخۆ بوون[1]. لە ئێستادا، کە بە بناغەیەکەوە دەلکێن، گەلێك جار واتای لاگرەکە بەسەر واتای بناغەکەدا زاڵدەبێت. زۆر لە لێکۆڵینەوەکان، لاگرەکان بە سەری ڕێزمانی و واتایی وشە داڕێژراوەکە دادەنێن. "گیرەکی وشەداڕێژ سەرپاکیان لە کوردیدا سەری وشە ئاڵۆزەکە پێکدەهێنن و هەرچی تایبەتیی

---

[1] د.فاروق عمر صدیق، کۆرسی ماجستێر، ٢٠٠٨



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خۆیانە سەری دەخەن بۆ هەموو وشەکە، واتە ئەگەر ئەمان ناوبن، ئەوا وشە ئالۆزەکە دەبێتە ناو" [1] . هەرچەندە دیاریکردنی پۆلەڕەگەزی لاگر کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو لاگرانە لە ئێستادا وشەی سەربەخۆنین، بەڵام بەپێی دەرکردەی پرۆسەکانی هەڵگواستن و ئەو ئەرکەی لاگرەکە دەیبینێت، پۆلەڕەگەزەکە دیاریدەکرێت.

بۆ نموونە پاشگری/-یی/، کە ناوی ئەبستراکت لە ناوو ناوەڵناو دادەڕێژێت، وەك پاشگرێکی هەڵگری ڕۆڵی ناو سەیردەکرێت. (McCarthy) لەبارەی واتای لاگرەکانەوە دەڵێت:"لەو وشەلێکدراوانەی، کە سەریان هەیە، بۆ نموونە لە وشە لێکدراوی /Greenhouse/دا، دەبینین /house/ سەری وشە لێکدراوەکەیەوحاڵەتی سینتاکسیی (پۆلەڕەگەز) لێکدراوەکەی دیاریکردووەو کردویەتی بە ناو ، هەروەها لە لایەنی واتاشەوە ئەم لێکدراوە جۆرێکە لە خانوو /خانوی شوشەیی/. ئەمە بە تەواویی وەك ئەو ڕۆڵە وایە، کە پاشگری /-er/ لە وشەی /Teacher/دا هەیەتی؛ دەبینین بناغەکە /Teach/ کردارە، بەڵام دەرکردەکە ناوە هەروەها واتاکەش کەسێکە، کاری فێرکردنە. کەواتە /-er/ هەروەك /house/ لەڕووی ڕێزمانی و واتاشەوە بووە بە سەری پێکهاتەکە "[2].

بەهەمان شێوە لە زمانی کوردیدا لاگرەکانی داڕشتن دەبنە سەری واتایی و ڕێزمانی وشە هەڵگوێزراوەکە، چونکە مەبەستی سەرەکیی داڕشتن، بەرهەمهێنانی وشەی نوێیە بە واتای نوێوە. ئەم واتا نوێیەش بە هۆی لاگرەکەوە دروستدەبێت، بەتایبەت لەو لاگرانەدا، کە پۆلەڕەگەزی وشەکان دەگۆڕن، بەڵام ئەو لاگرانەی پۆلەڕەگەزی وشە ناگۆڕن، تەنها واتا دەگۆڕن، زۆربەیان دەبنە سەری واتایی وشەکە.

## ٢/٣) نیشانە واتاییەکانی لاگر:

کێشەی دیاریکردنی واتای لاگرەکان لەوەدایە، کە وشەی سەربەخۆ نین و پۆلەڕەگەزی تایبەت بەخۆیان نییە، جگە لەوەش زۆر لە لاگرەکان وەك فرەواتا دەردەکەون، ئەم فرەواتاییەشیان لەکاتێکدا دەردەکەوێت، کە دەلکێن بە بناغەی جیاوازەوەو دەرکردەکانیشیان واتای جۆراوجۆریان دەبێت.

---

[1] محمد معروف فتاح، صباح رشید ، (٢٠٠٦: ٦٢)

[2] McCarthy,(2002:72)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(Lieber)، ئەوە دەخاتەڕوو، کە" شتێکی سەیر نییە، ئەم لاگرانە فرەواتان؛ ئەم واتایانەیان لە واتایەکی بنجیی لاگرەکانەوە هاتووەو پەیوەندیی لە نێوان ئەم واتایەو واتاکانی دیکەیدا هەیە"[1] .

دیاریکردنی نیشانە واتاییەکانی لاگر لەبەر دوو هۆ پێویستە:

١- بە دیاریکردنی ئەو نیشانەواتاییانە، بەبەرهەمیی پاشگرێك پەیوەست بە لایەنی واتاوە، ڕووندەبێتەوە.[2]

٢- دیاریکردنی نیشانەواتاییەکان، ڕێگە بۆ دیاریکردنی سنوری هەر پاشگرێك خۆشدەکات و ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی هەڕەمەکییانەی، لە داڕشتنی وشەی نوێدا دەخاتەڕوو.

پشتبەست بە نیشانە واتاییەکانی وشەو هێماکان لە زماندا، دەکرێت نیشانە واتاییەکانی لاگرەکانیش دیاریبکرێن، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی لاگرەکان.

لەم بەشەدا، بەبەرهەمیی کۆمەڵێك تەرزو پرۆسەی وشەداڕشتنی زمانی کوردی دەخرێنەڕوو، بەپشتبەستن بە واتای لاگرو بناغەکان لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ڕێگرەکانی بەبەرهەمی.

## ٣/٣) نیشانەواتاییە جیهانییەکان[3]

وشەو هێماکان لەهەموو زمانەکانی جیهاندا، کۆمەڵێك نیشانەی واتایی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، کەبەنیشانە واتاییە جیهانییەکان ناسراون. بۆ نموونە نیشانە واتاییە جیهانییەکانی /پیاو/ بریتین لە {+مادده، + مرۆڤ ، + ئاقڵ، + نێر}.

هەروەها بەپێی کولتورو دابونەریتی هەر نەتەوەو قسەپێکەرانی زمانێك، دەکرێت نیشانەی واتایی تایبەت بۆ هەر وشە یان هێمایەك زیاد بکرێت[4].

دەکرێت بەپێی نیشانە واتاییە جیهانییەکان، نیشانەی واتایی بناغەو لاگرو دەرکردەکانیش دیاریبکرێن.

---

[1] Lieber ,(2005:18)

[2] چونکە زۆرکات لایەنی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی یان سینتاکسی دەبێتە ڕێگر.

[3] بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە : ( Lieber :2005:20 )

[4] هەندێك وشە لە زمانەکاندا، نیشانەکانیان هاوبەش و جیهانین‌و نیشانەی تایبەت بە زمانێکیان نییە، بۆ نموونە وشەی /مرۆڤ/.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ٤/٣) نیشانە واتایی و پۆلە ڕەگەزە سەرەکییەکان لە پرۆسەکاندا

بەپێی جۆری ئەو پرۆسەی دارشتنانەی لەم بەشەدا دەخرێنەڕوو، پێویستمان بە خستنەڕووی کۆمەڵێك نیشانەی واتایی و پۆلە ڕەگەزیی هەیە بۆ:

١- بناغەکان

٢- لاگرەکان بڕوانە( ١/٣ — ل ٦٥)

٣- دەرکردەکان

پرۆسەکان بریتین لە :

١- دارشتنی ناوی خاوەنپیشە

٢- دارشتنی ناوی شوێن

٣- دارشتنی ناوی ئەبستراکت

### یەکەم : بناغەکان :

ئەو بناغانەی لەم پرۆسانەدا دەردەکەون، لە ڕووی پۆلە ڕەگەزەوە جیاوازن، بەڵام {+ناو}لە گشت پرۆسەکانی سەرەوەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت و {+ئاوەڵناو}یش بە پلەی دووەم دێت. بەهەمان شێوە /ڕەگ/ لەم پرۆسانەدا ڕۆڵی هەیە، بە تایبەت لە پرۆسەی دارشتنی ناودا بە /-ەر/دا.

سەبارەت بە نیشانەی واتایی ئەو ناوانەی وەك بناغە لەم پرۆسانەدا دەردەکەون، نیشانە گشیی و جیهانییەکانیان بریتین لە {+/ - مادده}، {+ / - مرۆڤ }.

### دووەم: لاگرەکان

وەك لە (١/٣)دا خرایەڕوو، دیاریکردنی پۆلە ڕەگەزی لاگرەکان کارێکی ئاسان نییە. لەبەرئەوەی ڕۆڵی سەرەکیی لە پرۆسەی هەڵگواستندا بۆ لاگرەکانە، لەڕووی نیشانەی واتاییەوە، نیشانەی واتایی لاگرەکان بەسەر دەرکردەکەدا زاڵدەبێت، ئەمەش مەبەستی سەرەکیی پرۆسەکە دەردەخات، وەك لە پرۆسەکانی دواتردا ڕووندەبێتەوە.

### سێهەم: دەرکردەکان

سەبارەت بە دەرکردەکانی ئەم پرۆسانە بەهەمان شێوە {+ناو}لە پلەی یەکەمدایەو کەمێکیش لە دەکردەکان {+ئاوەڵناو}ن. نیشانەی سەرەکیی دەرکردەکانیش بریتین لە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

{ + /- مرۆڤ}، ناوەڵناوەکان لە ڕووی نیشانەی واتاییەوە بریتین لە {+ / - ڕواڵەتی}. کەواتە لەم پرۆسانەدا کارکردنو ڕۆڵی سەرەکیی بۆ /ناو/ە ، چ وەك بناغە و چ وەك دەرکردە.

## ٥/٣) بەبەرهەمیی هەندێك لە پاشگرە داڕێژەکانی ناوی خاوەنپیشە

**/-گەر، -چی، -ەر، -ەوان/**

### ١-٥/٣) /-گەر/

ئەو بناغانەی پاشگری /-گەر/ وەردەگرن، دەکرێت بە دوو شێوە بخرێنە ڕوو:

١- لەڕووی پۆلە ڕەگەزی فەرهەنگییەوە، /-گەر/ دەچێتە سەر ناو.

٢- ناوەکان لە ڕووی نیشانەی واتاییەوە جیاوازن.

**ناو + / -گەر/**

(٣) /ئاسنگەر، مزگەر، زەڕەنگەر، .../

(٣-١)

| بناغە | پاشگر | دەرکردە |
| --- | --- | --- |
| +مادە | +پیشە | +مرۆڤ |
| + کانزا | +دروستکردن | +خاوەنپیشە |
| | | + دروستکردن |

لەم پۆلەدا واتاو مەبەستی سەرەکیی بەکارهێنانی پاشگری /-گەر/ دەردەکەوێت. جۆری بناغەکانیش لەڕووی نیشانەی واتاییەوە بۆ ئەم دەرکەوتنە یارمەتیدەرن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بەپێی پێویستیی زمانەکە، ئەم پاشگرە بۆ داڕشتنی وشەی نوێ بەکارهاتووە. هەندێك جار ئەم داڕشتنانە بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی و هەندێك جاریش ئەنالۆژییانە بوون

**ناو + / - گەر/**

(٤) /کیمیاگەر، جادووگەر، .../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(٣-٢)

| ± مادده | + پیشه | + مرۆڤ |
|---|---|---|
| ± کانزا | +دروستکردن | +خاوەنپیشه |
| | | +دروستکردن |

ئەم جۆرەی بەکارهێنانی /-گەر/ بۆ دارشتنی وشەی نویّ، تاڕادەیەك لە جۆری یەکەمەوە نزیکەو نیشانە واتاییەکانی دەرکردە هەمان نیشانەکانی جۆری یەکەمن و ئەو گۆڕانانەی لە بناغەدا ڕوویانداوە، نەبوونەتە ڕێگر لە بەکارهێنانی /-گەر/، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندیی جۆری پیشەکەوەیە، کە لە پیشەکانی جۆری یەکەمەوە نزیکە.

بەکارهێنانە نوێیەکانی پاشگری /-گەر/ زیاتر لە سەر بنەمای وەکیەکیە. وەك /ڕۆژنامەگەر/، تەنها /+پیشە/ بە جۆرەکانی دیکەی بەکارهێنانی /- گەر/یەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش نابێتە بنەما بۆ دارشتنی وشەی نویّ بە هەر پاشگرێك، گەر بەم جۆرە بێت، ئەوا دەتوانین بڵێین:

(٥)

ئاسنەوان لە جیاتی ئاسنگەر* ~

فرۆکەگەر لە جیاتی فرۆکەوان*

## ٣/١٥-١ ١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگری /-گەر/:

### ١- ڕێگری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی:

بناغەکان هەموویان ناون و دەرکردەکانیشیان هەرپۆلەڕەگەزی ناون، چونکە /-گەر/ پۆلەڕەگەزو واتای ناویی دەردەبڕێت، بەلاّم سەبارەت بە وشە نوێیەکانی/ تازەگەر، نوێگەر/:

ا- بناغەی ئەم دارێژراوانە ئاوەڵناون نەك ناو . ئاوەڵناو + /- گەر/

ب- دەرکردەی ئەم پرۆسەیە نابێتە ناوی خاوەنپیشە.

کەواتە ئەم دوو وشە نوێیە بەرهەمی پاشگری /-گەر/ نین و لایەنی دروستەیی وواتایی ڕێگرن لە دارشتنی ئەم دوو وشەیەو وشەی دیکەی هاوشێوەیان، ئەم وشانە بە ئەنالۆژی دارێژراون، نەك بەپێی یاساو نیشانە واتاییەکان.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٣-بوونی پاشگرەکانی دیکەی وشەدارێژی ناوی خاوەنپیشە، هەروەها ئەو ناوانەی فۆرمی سادە، یان لێکدراون و ناوی خاوەنپیشەن، ڕێگرن لە دارشتن بەم پاشگرە.

## ٢- ڕێگری واتایی:

١- ڕێگری واتایی دارشتن بە پاشگری /-گەر/، بەپێی بناغەو لاگرو دەرکردەکە ڕووندەبێتەوە، وەك لە سەرەوە خرایەڕوو. هەندێك جار پێویستیی بۆ دارشتنی وشەی نوێ وادەکات تەنها بە سوود وەرگرتن لە یەك نیشانەی واتایی وشەی نوێ بە پاشگرێك دابرێژرێت، وەك لە پاشگری /-گەر/ و هەندێك لە پاشگرەکانی دیکەدا دەبینرێت.

٢- هەندێك دارێژراو بەم پاشگرە، بەهۆی هەبوونی وشەی دیکە، کە ناوی خاوەنپیشەن بلۆکدەکرێن. بۆنموونە /شانۆکار/ ڕێگرە لە دارشتنی /شانۆگەر/، بەهەمان شێوە /سۆفیگەر/ڕێگەی لێگیراوە، چونکە وشەی /سۆفی/ بێ ئەو پاشگرە واتا و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت، بەڵام وەك ناوی ئەبستراکت /شانۆگەریی/ و /سۆفیگەریی/ هەن.

٣- هەندێك بناغە هەمان نیشانەی واتایی بناغەکانی پۆلی یەکەمی دارشتن بە پاشگری /-گەر/ی هەیە، کەچی بۆ دارشتنی ناوی خاوەنپیشە سوود لە پاشگری دیکە وەرگیراوە. بۆ نموونە وشەی /تەنەکەچی/ هەیە، بەڵام /*تەنەکەگەر/نییە؛ ڕەنگە ئەم حاڵەتە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، کە پاشگری /-چی/ زیاتر بەو بناغانەوە دەلکێت، کە بێگانەن، یان پەیوەندیی بە لایەنی مێژوویی دەرکەوتنی پیشەکەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەبێت.

### ٢-١-٥/٣) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی/-گەر/

بەهۆی دیاریکراویی جۆری ئەو بناغانەوە، کە ئەم پاشگرە وەردەگرن، تارادەیەك ڕێگەخۆشکەرەکان کەمن، بە تایبەت ئەگەر بمانەوێت ڕێگە لە دارشتنی هەرەمەکییانە بگرین؛ چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی، {+کانزا} سیمای سەرەکیی بناغەکانە، دەکرێت جۆری دووهەمیش لە بەکارهێنانی /-گەر/ بە لادان دانەنرێت، بەڵام دارشتنەکانی دیکە بە تایبەت هەندێك لە دارشتنە نوێیەکان بەپێی مۆدیلی وەکیەکین و پەیوەندییان بە بەبەرهەمیی یاساکەوە نییە، بەڵام ئەم پاشگرە لەگەڵ هاتنەدی هەر پیشەیەکی دیکەی کانزایی، پێشبینی بەرهەمی زیاتری دەکرێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٢-٥/٣) /- ەوان/

ئەم پاشگرە جگە لەوەی ناوی خاوەنپیشە دادەڕێژێت، بەهۆی نیشانە واتاییەکانیەوە، دەکرێت جۆری تری ناو دابڕێژێت :

**ناو + / -ەوان/**

به شێوەی سەرەکی ئەم پاشگرە ناوی خاوەنپیشە دادەڕێژێت.

(٦) / ئاشەوان، باخەوان، دەرگاوان، ڕەزەوان، کەشتییەوان، فڕۆکەوان، دەریاوان،.../

(٣-٣)

| | | |
|---|---|---|
| + مادده | + پیشە | + مرۆڤ |
| ± کەرەستە | - دروستکردن | + خاوەنپیشە |
| | +چاودێریی | ± پسپۆر |
| | +لێزانین | ± لێهاتوو |
| | ± پسپۆریی | + جڵەوگرتن |
| | +پاراستن | + چاودێری |
| | | +پاراستن |

پێویستە لێرەدا ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، کە ئەم پیشانە لەڕووی ئاستی شارەزایی و بەکارهێنانی توانای کەسی خاوەنپیشەوە زۆرجیاوازن، جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان کەسێکی دەرگاوان و کەسێکی دیکەی فڕۆکەوان، یان دەریاواندا هەیەو پیشەی /فڕۆکەوانیی و دەریاوانیی/ پێویستی بە جۆرێك لە بوێریی هەیە و پیشەیەکی ئەکادیمییە، یاخود کەسی /زمانەوان/ کەسێکی پسپۆر و خاوەن بڕوانامەیە.

(٧) دەرگاوانەکە، دەرگای باڵەخانەکەی بە کراوەیی بەجێهێشتووە.

(٨) بۆ مەبەستی وەرگرتنی پسپۆریی زیاتر، خولێکی شەش مانگیی بۆ فڕۆکەوانەکان کرایەوە.

(٩) مەرجێکی گرنگی دەریاوانی سەرکەوتوو، بوێریی و چاونەترسییە.

**ناو + /- ەوان/**

(١٠) / شاخەوان، دارەوان... /



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(٣-٤)

| | | |
|---|---|---|
| + مادده[1] | - پیشه | + مرۆڤ |
| | - دروستکردن | - خاوەنپیشه |
| | - چاودێریی | +لێزان |
| | + لێزانین | + لیهاتوو |
| | + کارامەیی | + جڵەوگرتن |

**(١٠) ئەمرۆ دارەوانەکە بۆ یەکەمجار چووە سەر دارێکی سەد مەتریی.**

**ناو + /ەوان/**

/زمانەوان.../

(٣-٥)

| | | |
|---|---|---|
| - مادده | - پیشه | + کەس |
| | | + پسپۆر |
| | | + کارامە |

**(١١) زمانەوانێکی شارەزاو لێهاتووە.**

وشەی/نەخۆشەوان/[2] وشەیەکی نوێیەو لەسەربنەمای ئەم وشانەو بەم نیشانانەوە داڕێژراوە {+مرۆڤ، + خاوەنپیشە،+چاودێر، + کارامە}، هەروەها دەکرێت ئەم داڕشتنە ئەنالۆژیانەبێت.

**(١٣) نەخۆشەوانەکە زۆر بەوردیی چاودێریی نەخۆشەکان دەکات و بەدەنگیانەوە دەچێت.**

بەکارهێنانی ئەم پاشگرە لەگەڵ هەندێك وشەدا وەك /شارەوانیی/، کە ناوە بۆ دەزگایەکی بەڕێوەبردن، لە سەر یاسای داڕشتنی/ مەلەوان/، یان /کەشتییەوان/ بە یاریدەی پاشگری

---

1 مەبەست لە / مادده/ واتە ئەو شتە بوونی فیزیایی هەبێت.

2 وشەی /نەخۆش/ لەم داڕێژراوەدا وەك ناو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە چاودێری کەسە نەخۆشەکەیە، نەك تەنها نەخۆشییەکە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

/- ی/ دارێژراوە، بەڵام وشەی /*شارەوان/مان نییە، چونکە لەڕووی نیشانە واتاییەکانی/-ەوان/ەوە نەگونجاوە وتاکە کەسێك نابێتە شارەوان.

(١٤) سەرۆکی شارەوانیی ئەم شارە زۆر دڵسۆزو خەمخۆرە.

وشەی /چالاکەوان/، کە فۆڕمێکی نوێیە بە تەواویی لادانە لە یاسای دارِشتن بە پاشگری /-ەوان/ چ لە ڕووی دروستەوەو چ لە ڕووی واتاوە.
لەڕووی دروستەوە بناغەی ئەم فۆڕمە ئاوەڵناوە، لە ڕووی واتاوە /چالاك/ واتاو مەبەستی تەواوی خۆی دەگەیەنێت و پێویستی بەو پاشگرە نییە بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی لە ئێستادا فۆڕمی /چالاکەوان/ی بۆ بەکاردەهێنرێت، ئەگەر بەو جۆرە بێت ئەوا دەبێت لەگەڵ سەرجەم ئاوەڵناوەکانی دیکەدا ئەم پاشگرە بەکاربهێنرێت:

(١٥) *ئازاوان *زیرەکەوان

### ٣/٥-٢-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-ەوان/:

١- لەڕووی پۆلەڕەگەزی وشەوە تەنها دەچێتەسەرناو.
٢- لەڕووی واتاوە، هەرچەند نیشانە واتاییەکانی/-ەوان/ تاڕادەیەکی زۆر کراوەن و ڕێگە بە دارِشتنی زیاتر لە جۆرێك لە ناو دەدەن، هاوکات سنووری دارِشتن بەم پاشگرە دیاریکراوەو پێویستی و جۆری پیشەکان لە دەرەوەی زمان ئەم سنوورە دیاریدەکەن.
٣- وەك هەر یەکێکی دیکە لە پاشگرەکانی ناوی خاوەنپیشە، بوونی پاشگرەکانی دیکەو فۆڕمی سادەو لێکدراوی ناوی خاوەنپیشە لە زماندا ڕێگرن لە بەبەرهەمیی ئەم پاشگرە.

### ٣/٥-٢-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی پاشگری /-ەوان/:

١- نیشانە واتاییە سەرەکییەکانی /-ەوان/ {+ پیشە، + چاودێریی، + کارامەیی، +جڵەوگرتن، +پاراستن}، ڕێگەخۆشکەرن بۆ بەبەرهەمیی پاشگرەکە، چونکە ئەم نیشانانە لەڕووی واتاوە ڕێگە بە دارِشتنی زیاتر لە جۆرێك لە ناو دەدەن. (٣-٢، ٣-٤، ٣-٥).
٢- لەڕووی دروستەی فۆنۆلۆژییەوە، ئەم پاشگرە بە دوو فۆڕم دەردەکەوێت /-ەوان/ و /-وان/؛ بە فۆڕمی /- ەوان/ بەبەرهەمترە، /- وان/ تەنها لەگەڵ ئەو بناغانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتاییان بە ڤاوێڵی /ا/ و /ە/ هاتووە:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(١٦)

ا) دەرگا > دەرگاوان

ب) فرۆكە > فرۆكەوان

٣- هاتنەدی هەر پیشە، یان پسپۆرییەكی دیكە، كە هەڵگری ئەو نیشانە واتاییانە بێت، دەبێتە هۆی بەبەرهەمیی ئەم پاشگرە.

### ٣-٥/٣) /-چی/

### ناو+ /-چی/

(١٧) /تەنەكەچی[1]، لەحیمچی، كوشنچی، بەلوعەچی، تۆڕنەچی، حەمامچی، بۆیاخچی، چایچی، شوشەچی، ڕەواچی، عەرەبانچی، خانچی، پینەچی، خومچی، دەرابەچی،.../

(٦-٣)

| | | |
|---|---|---|
| + مادده | +پیشە | + مرۆڤ |
| ± كانزا | +وەستایی | + خاوەنپیشە |
| ± كەرەستە | ± دروستكردن | + وەستایی |
| | +بەكارهێنان | +شارەزایی |

(١٨) تەنەكەچییەكە، جگە لە تەنەكە لەوحیش بۆ دروستكردنی كەلوپەلی ناوماڵ بەكاردەهێنێت.

(١٩) بۆیاخچییەكە، بۆیەی خراپی بۆ بۆیەكردنی دیوارەكان بەكارهێناوە.

(٢٠) ڕەواچییەكە، بە ڕەوایەكی درێژ گوێزەكانی كوتا.

[1] هەرچەندە بەپێی نیشانەواتاییەكانی /تەنەكە/ و پیشەی / تەنەكەچێتی/، دەكرا ئەم وشەیە بە پاشگری /گەر/ دابڕێژرایە، بەڵام ئەم حاڵەتە دەكرێت بۆ دوو هۆ بگەڕێنرێتەوە:
یەكەم/ /تەنەكە/ وشەیەكی بێگانەیەو /- چی/ وەك پاشگرێكی بێگانە بە زۆریی دەچێتە سەر بناغەی بێگانە.
دووهەم: لایەن و ڕەوتی مێژووی دەركەوتنی ئەم پیشەیە پەیوەست بە هاتنی پاشگری/-چی/یەوە بۆ ناو زمانی كوردی.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## ناو + /چی/

(٢١) /ساختەچی، قومارچی، ئاژاوەچی، مەسلەحەتچی، سوبعەتچی، تەزویرچی، .../

(٣-٧)

| | | |
|---|---|---|
| - مادده | - پیشه | + مرۆڤ |
| - کانزا | - دروستکردن | - خاوەنپیشه |
| | + خوو | + ڕاهاتوو |
| | +لێزانین | + لێزانین |

**(٢٢) چەند ساڵە قومارچییە، بۆیە هیچی نابێت بە هیچ.**

**(٢٣) کەسێکی ساختەچی و دەستبڕە.**

## ناو + /-چی/

(٢٤) /ماستاوچی.../

لەبەرئەوەی/ماستاوچی/ئیدیەمە، لەڕێی پێکهێنەرەکانییەوە لێکنادرێتەوە، بەڵام لەم وشەیەدا پاشگری /-چی/ نیشانەکانی {-پیشە، +خوو، + وەستایی}ن.

**(٢٥) ئەمڕۆ، ماستاوچی ئیشی باش دەڕوات.**

وشەی /ڕاوچی/، کە لەبەرامبەریدا وشەی/ڕاوکەر/یش بەکاردەهێنرێت، ئەم دارشتەیە بە واتای کەسی شارەزاولێزان لە ڕاوکردن یان کەسێك، کە ئارەزووی ڕاوکردنی هەیەو وەك خوو یان پیشە پەیڕەوی دەکات، بەکاردەهێنرێت.

وشەی /کرێچی/ لەڕووی واتاوە بەتەواویی لە سەرجەم دەرکردەکانی تری پاشگری/-چی/ جیاوازە، ڕەنگە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی /-چی/ پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، کە ئەم پاشگرە پاشگرێکی بێگانەیەو سنوری واتایی بەتەواویی بۆ ئێمە ئاشکرانییە، هەرچەندە بەپێی (فەرهەنگی دهخدا)[1] ئەم پاشگرە لە زمانی تورکیدا تایبەتە بە گەیاندنی واتای خاوەنپیشەو

[1] علی اکبر دهخدا، (١٣٨٠)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەرامبەر پاشگری /گر/ و /کار/ لە زمانی فارسیدا دەوەستێتەوەو بەو واتایەشەوە لە زمانی فارسیدا بەکارهاتووە وەك؛

(٢٦) /پوستچی، تفنگچی، تلگرافچی، توپچی، چراغچی، جارچی....هتد/، بەڵام وەك پێشتر خرایەڕوو، لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوانتر بەکارهاتووە.

## ٣/٥-٣-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-چی/:

هەریەك لە پاشگرەکانی داڕشتنی ناوی خاوەنپیشە، سنوورو تایبەتمەندیی خۆیان لەبەکارهێناندا هەیە، چ لە ڕووی دروستەوەو چ لە ڕووی واتاوە، بەڵام زۆر کات پێویستی لەدەرەوەی زمان وا دەکات ئەو سنوورانە بشکێنرێن؛ /-چی/ یەکێکە لەو پاشگرانە، کە تاڕادەیەکی زۆر سنووری بەکارهێنانی کراوەیەو ڕێگرەکان زۆر دیاریکراون، ڕێگرێکی ڕوونی بەردەم ئەم پاشگرە، بوونی پاشگرەکانی دیکەی داڕشتنی ناوی خاوەنپیشەیە، جگە لەوەی، کە ئەم پاشگرە لەڕووی واتاوە هەموو جۆرێکی ناوی خاوەنپیشە دانارێژێت.

## ٣/٥-٣-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-چی/:

پاشگری /-چی/ یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە زیاتر کراوەیەو ڕێگەخۆشکەرەکانی زۆرترن لە ڕێگرەکانی، چونکە لە لایەنی دروستەوە تاڕادەیەك ئەو سنوورەی بەزاندووە، کە تەنها لەگەڵ بناغەی بێگانەدا بەکاربهێنرێن، بەڵام وەك لە نموونەکاندا بینیمان بناغەکان لەڕووی پۆلەڕەگەزەوە هەموویان ناون و هەندێکیان بە وەرگرتنی ئەمَ پاشگرە جۆرێك لە واتای ناوەڵناویی دەبەخشن وەك /ساختەچی، تەزویرچی، ئاژاوەچی/.

١-جۆری یەکەمی بەکارهێنانی /-چی/ لە ئێستای زماندا کراوەیەو وەك ناوی خاوەنپیشە پێشبینی بەرهەمی لێدەکرێت، بەتایبەت لەگەڵ ئەو بناغانەی لە زمانی ترەوە دێنە ناو زمانی کوردیەوە.

٢-جۆری دووهەمی هەر بەو شێوەیە کراوەیەو پێشبینی بەرهەمی دەکرێت و وشەی ئەگەریی لە ئێستای زماندا هەیە وەك /تەزویرچی، ئەنفالچی/.

٣- وەك لە جۆری دووهەم و سێهەمدا بینیمان، مەرج نییە ئەم پاشگرە ناوی خاوەنپیشە دابرێژێت، ئەمەش دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ بەبەرهەمیی پاشگرەکە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٤- هەرچەندە ئەم پاشگرە لە زمانی بێگانەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەدگاری پاشگری زمانی بێگانەش وایە، کە بەزۆریی لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێت، کە بێگانەن، بەڵام ئەمە نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم دارشتنی هەندێك وشە بەم پاشگرە، کە بناغەکانیان ڕەسەنی کوردین، وەك:

(٢٧)/ پینەچی، ئاژاوەچی، خانچی .../

ڕەنگە ئەمەش بۆ یەکێك لەم هۆکارانە بگەڕێتەوە:

١- دروستکردنی ئەنالۆژییانە.

٢- بەهۆی نیشانە واتاییەکانی /-چی/یەوە، کە بۆ ئەم دارشتنانە ڕێگەخۆشکەرن، بۆ نموونە: /ئاژاوەچی[1]/ نیشانە واتاییە سەرەکییەکانی وەك نیشانەکانی /ساختەچی/یە ...

٣- مێژووی دارشتنی ئەو وشانە، کە لەڕێی ئیتیمۆلۆژییەوە دیاریدەکرێت.

## ٣/٥-٤) /-ەر/

لە پاری یەکەمی بەشی دووهەمدا خرایە ڕوو، کە ئەم پاشگرە پاشگرێکی بەبەرهەم و کراوەیەو بەشێوەی سەرەکی وەك دارێژی ناوی کارا ڕۆڵدەبینێت، بەڵام ناوی دیکەش وەك ناوی ئامێرو کەرەستە دادەڕێژێتو لەچەند تەرزێکدا دەردەکەوێت:

### ١) ڕەگ + /-ەر/

(٢٨) / نووسەر، خوێنەر، بیسەر، ، داهێنەر، ڕاهێنەر، دانەر، تێکۆشەر، ڕووخێنەر، بزوێنەر، شێوێنەر../

### ٢) ئەو کردارە ناوییە لێکدراوانەی / ناو +کردن/ن:

### ( ناو+ ڕەگی کردن /کە/ + /- ەر/)

(٢٩) /نانکەر، ئیشکەر، قسەکەر، شەڕکەر، تەماشاکەر، یاریکەر، نوێژکەر، سەیرانکەر، فشەکەر، ڕاوکەر، سواڵکەر، بێزارکەر، دڵخۆشکەر، ڕێگەخۆشکەر،.../

### ٣- ئەو کردارە ناوییە لێکدراوانەی /ناو+ دان/ن:

### (ناو + ڕەگی دان /دە/ + /- ەر/ )

(٣٠) /بڕیاردەر، هەواڵدەر، یاریدەدەر، شیردەر، تێکدەر، ...../

---

[1] لە بەرامبەر /ئاژاوەچی/ وشەی /ئاژاوەگێڕ /یش بەکاردەهێنرێت



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٤- ئەو کرداره ناوییه لێکدراوانەی /ناو+ بردن/ن:

**( ناو + ڕەگی بردن / بە/ + /- ەر/)**

(٣١)/نامەبەر، پەنابەر، پێغەمبەر، خوێنبەر ..../

هەندێك لەم وشانە لە زماندا وەك ناوەڵناویش بەکاردەهێنرێن:

(٣٢) ئیشکەرەکە هات.

(٣٣) ژنێکی ئیشکەرو گورجوگۆڵە.

(٣٤) فشەکەرەکە هات.

(٣٥) پیاوێکی فشەکەرە.

لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی کۆتاییان بە فۆنیمی/ۆ/ هاتووە، ئەم پاشگرە لە فۆڕمی/-ر/دا دەردەکەوێت، ئەمەش بە هۆی یاسای پێکەوەنەهاتنی دوو ڤاوڵەوەیە :

(٣٦) / مردووشۆر، زۆرخۆر، کەمخۆر، تاتەشۆر، جلشۆر، ڤاپشۆر ..../

بەگشتیی بەرهەمەکانی /-ەر/ لە ڕووی واتاوە بە دوو جۆر دەردەکەون:

(٣٧)/ نووسەر، داهێنەر، نانکەر، ئیشکەر، پێغەمبەر، بڕیاردەر، یاریکەر، مردووشۆر..../

(٣-٨)

{ + مرۆڤ
+ کارا
± خاوەنپیشە }

(٣٨) /بزوێنەر، دڵخۆشکەر، شێوێنەر، تێکدەر، تاتەشۆر، جلشۆر..../

(٣-٩)

{ - مرۆڤ
- کارا
± ئامێر
± بار }



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣/٥-٤-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگری /- ەر/:

ئەم پاشگرە هەرچەندە دەچێتە سەر ڕەگی کرداری تێپەڕ، بەڵام مەرج نییە لەگەڵ هەموو ڕەگێکدا ناو دابڕێژێت، بەهۆی:

١- هەبوونی فۆڕمی دیکە، کە ئەو ئەرکە دەبینن.

٢- مەرج نییە هەموو ڕەگێك ئەم ڕۆڵەببینێت، ئەمەش پەیوەندیی بە پێویستیی زمانەوە هەیە.

٣- ئەو کردارەلێکدراوانەی جومگەی دووهەمیان کردارەکانی /کردن، بردن، دان/ە، مەرج نییە هەموویان ببنە ناوی کارا، ئەمەش پەیوەندیی بە پێویستیی لە دەرەوەی زمانو لایەنی واتاوە هەیە، بۆ نموونە کرداری / شووکردن/ هەیە، بەڵام ناوی کارای /شووکەر/ نییە.

(٣٩) کچێکی زۆر ئیشکەرە

(٤٠) کچێکی زۆر شووکەرە.*

٤- بوونی پاشگرەکانی دیکەی دارشتنی ناوی خاوەنپیشە، بە دووجۆر:

ا) ئەو پیشانەی ناوەکەی لە کردارەکەوە وەرنەگیراوە، وەك ئاسنگەر، مامۆستا

ب) ئەو پیشانەی ناوەکەی لە کردارێکی لێکدراوەوە وەردەگیرێت وەك : دارتاش، سەرتاش، هەواڵنێر، پەیامنێر، ئەم جۆرە کردارانە پێویستی بە پاشگری /-ەر/ نییە بۆ گەیاندنی واتاکەی.

پ) جگە لە ناوی خاوەنپیشە، ناوەکانی دیکەش بەهەمان شێوە پێویستییان بەو پاشگرە نییە، /سەرنجڕاکێش، دڵڕفێن .../

### ٣/٥-٤-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-ەر/:

١- لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، یاساکانی پێکەوەنەهاتنی دووفاوڵ لە زۆربەی پرۆسەکاندا جێبەجێدەبێتو بۆ بەبەرهەمیی پاشگری/-ەر/ ڕێگەخۆشکەرە.

٢- زۆربەی ئەو پیشانەی لەڕووی ئەنجامدانەوە دیاریکراون و پەیوەندیی لە نێوان ئەنجامدان و جۆری پیشەکەدا هەیە، دەکرێت سوود لەم فۆڕمە بۆ دارشتنی ناوی خاوەنپیشەکە وەربگرن، بۆ نموونە کردەی /نووسین/ کردارێکی سنوور دیاریکراوە، بۆیە دەکرێت لە کردارەکە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خۆیەوەو بە یاریدەی پاشگری /-ەر/ ناوی خاوەنپیشەن یان کەسەکاراکە دابڕێژرێت: / نووسەر/.

## ٥.٥/٣) جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی خاوەنپیشە:

جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی خاوەنپیشە، پابەندە بە:

١- پێویستیی زمان بۆ دارشتن بە هەریەك لەو پاشگرانە، واتە هەبوون، یان نەبوونی ئامازەبەند لە دەرەوەی زمان.

٢- جیاوازیی جۆری پیشەکان لە زماندا، ئەوە دیاریدەکات، کە کام لەم پاشگرانە بەبەرهەمترن.

٣- وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا، ئەو پیشانەی بە فۆرمی سادە یان لێکدراو دەردەبڕرێن، لە دیاریکردنی سنووری بەبەرهەمیی ئەم پاشگرانەدا رۆڵیان هەیە.

بەگشتی لە ئێستای زماندا، دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرانە لەرووی بەرهەمەوە تارادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن و هەمووشیان کراوەن و بەپێی بوونی پێویستی، پێشبینی بەرهەمیان لێدەکرێت و چالاکن لە دەوڵەمەندکرنی گەنجی وشەی زمانی کوردیدا، دەکرێت لەم خشتەیەدا جیاوازییەکانیان بخرێتەروو:

**خشتەی (١)**

**تۆمارکردنی رێژەی رێگەخۆشکەرو رێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی خاوەنپیشە**

| پاشگر | رێگەخۆشکەر | رێگر |
|---|---|---|
| /-گەر/ | ٢+ | ٦+ |
| /-چی/ | ٥+ | ٢+ |
| /-ەوان/ | ٣+ | ٣+ |
| /-ەر/ | ٢+ | ٣+ |

## ٦/٣) بەبەرهەمیی هەندێك لەو پاشگرانەی ناوی شوێن دادەرێژن/- گە، - گا ، -دان ، - ستان ، -خانە/:

پاشگرە دارێژەکانی ناوی شوێن، وەك لە بەشی دووهەمدا خرانە روو چەند جۆرێکن، هەندێك لەو پاشگرانە تەنها ژمارەیەکی زۆرکەم لە وشەیان دارشتووەو لە ئێستادا بەبەرهەم



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

نین وەك /-زار/، /- ەوار/، بەڵام هەندێكی دیكەیان پلەی بەبەرهەمییان بەرزتردو كراوەن و پێشبینی بەرهەمی نوێیان لێدەكرێت، هۆی سەرەكیی ئەمەش پەیوەندیی بە لایەنی واتا، یان دروستەی ئەو پاشگرانەوە هەیە.

### ٣/٦-١) /- گە/ و /- گا/

ئەو بناغانەی ئەم پاشگرە وەردەگرن، بەپێی دروستەی مۆرفۆلۆژی ئەم جۆرانەن:

**- ناو + /-گە/ ~ /-گا/**

(٤١) /دایەنگە، كۆمەڵگە، كۆمەڵگا، مەلەوانگە، ژینگە، سەربازگە، دەرمانگە، خێوەتگە، دەزگا، ژووانگە، شەتڵگە، پێگە، جێگە، جێگا، ڕووگە، مەزارگە، پەیمانگا، خواردنگە.../

**- جومگەی یەكەمی كرداری لێكدراو + /-گە/ ~ /-گا/**

(٤٢) /پێشانگە ، پێشانگا، خەڵوەتگە، كارگە، فێرگە، شەڕگە، ئارایشتگا، تۆمارگە، یاریگا ..../

**- كرداری ناویی + /-گە/ ~ /-گا/**

(٤٣) /خوێندنگە ،خوێندنگا، نووسینگە، .../

**ڕەگی كردار + /-گە/ ~ /-گا/**

(٤٤) / كێڵگە، بڕگە، ڕوانگە، لەوەڕگە .../

ئەو بناغانەی پاشگری /-گە/، یان/-گا/ وەردەگرن، لەڕووی نیشانەی واتاییەوە جۆراوجۆرن، هەندێك جاریش ناتوانین نیشانە واتاییەكان دیاریبكەین، بۆنموونە خستنەڕووی نیشانەی واتایی ڕەگ یان جومگەی یەكەمی كرداری لێكدراو كارێكی گرانە، بەڵام پاش وەرگرتنی پاشگرەكە دەكرێت واتای ڕەگ، یان ئەو جومگەیە بەتەواوی ڕوونببێتەوە:

(٤٥)

| | |
|---|---|
| أ- فێرگە | شوێنی فێركردن |
| ب- پێشانگە | شوێنی پێشاندان |
| پ- كێڵگە | شوێنێك، یان زەوییەك، كە بكێڵرێت بۆ كشتوكاڵ. |

دەكرێت نیشانە واتاییەكانی پاشگری /-گە/ و /-گا/ بەمجۆرە بخرێنە ڕوو:



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

(۳-۱۰)

+ شوێن
± فراوان
± کراوە[1]

جگە لەم نیشانەواتاییە سەرەکییانە، ئەم پاشگرە بە هەردوو فۆرمەکەیەوە بۆ چەندین جۆری شوێن بەکاردەهێنرێت: / شوێنی ژیان، شوێنی کارکردن، شوێنی ڕۆشتن، شوێنی سەرچاوەی شتێك ..../

### ۳/۶-۱-۱) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگری /-گە/ ~ /-گا/:

۱- لەڕووی دروستەوە ناچێتە سەر ئاوەڵناو، هەروەها ناشچێتە سەر ئاوەڵکردار، بەتایبەت ئاوەڵکرداری شوێن، کە خۆی واتای شوێنی هەڵگرتووە.

۲- لەڕووی واتاوە، لە هەندێك باردا پاشگرەکانی دیکەی داڕێژی ناوی شوێن، ڕێگرن لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە، بۆ نموونە

(٤٦)

| | |
|---|---|
| ا-خوێدان | *خوێگە |
| ب-دارستان | *دارگە |

۳- بوونی هەندێك وشەی سادە، کە ناوی شوێنن، لە بەرهەمی ئەم پاشگرە کەمدەکەنەوە، وەك / ماڵ، خانوو، بازاڕ، دوکان، مزگەوت، وڵات، شار، ..هتد/،هەروەها ناوی هەندێك شوێن، کە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە داڕێژراون:

| | | |
|---|---|---|
| (٤٧) | أ- باخچەی ئاژەڵان | حديقة الحيوانات |
| | ب- باخچەی ساوایان | روضة |

### ۳/۶-۱-۲) ڕێگەخۆشکەرەکانی پاشگری /- گە/ یان /- گا/:

ئەم پاشگرە لەدوو ڕووەوە کراوەیەو پێشیبینی بەرهەمی زیاتری لێدەکرێت:

---

[1] مەبەست لە /کراوە/ تایبەتمەندیی ئەو شوێنەیە لەڕووی بوون یان نەبوونی بینا. خوێندنگا شوێنێکی نەکراوەیە، بەڵام لەوەرگا شوێنێکی کراوەیە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١- له ڕووی دروستەوە، دەچێتە سەر زیاتر لەجۆرێك له بناغه / ناو، ناوی کردار، ڕەگی کردار، جومگەی یەکەمی کرداری لێکدراو/.

٢- لەڕووی واتاوە، ڕوونیی واتایی ئەم پاشگرە ڕێگەدەدات، کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاربهێنرێت. ئەم ئەدگارەشی لە پاشگرەکانی دیکەی دارێژی ناوی شوێن جیایدەکاتەوە.

٣- دەرکەوتنی ئەم پاشگرە له دوو فۆڕمدا وادەکات، کە پێشبینی بەرهەمی لێبکرێت، ئەمەش بەپێی بوونی پێویستی لە دەرەوەی زماندا.

**٢-٦/٣) /- ستان/**

**ناو + /-ستان/**

(٤٨) /کوردستان، هندستان، تورکمانستان، ئەرمەنستان، داغستان ...‌/

(٣- ١١)

| | | |
|---|---|---|
| + مرۆڤ<br>+ ژمارەیەکی زۆر | +شوێن<br>+فراوان<br>+کراوە | + شوێن<br>+وڵات |

هاتنی ئەم پاشگرە لەگەڵ ناوی هەندێك میللەت و نەتەوەدا، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم پاشگرە تەنها تایبەت نییە بە زمانی کوردی، بەڵام وەك له نموونەکانی دواتردا دەیبینین، زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ سوودی لەم پاشگرە وەرگرتووە. لەبەکارهێنانی لەگەڵ وشەی دیکە بۆ دارشتنی ناوی شوێن، هەمان نیشانه واتاییەکانی جۆری یەکەمی زاڵن و تەنها گۆڕان لە جۆری بناغەکەدا ڕوویداوە.

**ناو + /-ستان/**

(٤٩)/دارستان، گوڵستان ، جەنگەڵستان، ...‌/

(٣- ١٢)

| | | |
|---|---|---|
| + مادده<br>+ کەرەستە<br>+ زۆر | + شوێن<br>+ فراوان<br>+ کراوە | + شوێن<br>+ فراوان |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣/٦-٢-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگری /-ستان/:

- ئەم پاشگرە، بەبەراود لەگەڵ پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن، کەلەم بەشەدا خراونەتەڕوو کەمبەرهەمە، بەهۆی :

١- ئەگەر بە واتای یەکەم سەیری بکەین، کە بەرامبەر واتای وڵاتێك دەوەستێتەوە، ئەوا کەمێك لە وڵاتان بەم جۆرە ناونراون، بە واتایەکی دیکە ناوی تایبەتیی خۆیان هەیە، وەك عێراق، ئێران .....هتد

٢- نیشانە واتاییەکانی کەم و دیاریکراون و ڕێگە لە دارشتنی ناوی شوێن بە پاشگری /-ستان/ دەگرن. هەروەها بوون، یان نەبوونی پێویستی لە دەرەوەی زمان.

### ٣/٦-٢-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی پاشگری /-ستان/:

هەندێك پاشگر بەهۆی دیارکراویی نیشانە واتاییەکانیانەوە، بەرهەمیان دیاریکراوەو بەواتای یەکەمیانەوە کەمتر پێشبینی بەرهەمیان دەکرێت، بەڵام ئەم پاشگرە تاڕادەیەك لە بواری هۆنراوەو ئەدەبدا بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە، وەك / سەرابستان، خەمستان، تاریکستان/.

### ٣/٦-٣) /-خانە/

**ناو+/-خانە/**

(٤٨)/کتێبخانە، قەسابخانە، دەرمانخانە، نەخۆشخانە[1]، خەستەخانە ، میوانخانە، قونسوڵخانە، کەبابخانە، شێتخانە، فرۆکەخانە، بەنزینخانە، قوتابخانە، مەیخانە.../

(٢-١٣)

| | | |
|---|---|---|
| + ماددە | +شوێن | + شوێن |
| ± مرۆڤ | +نیمچە فراوان | + نیمچەفراوان[2] |
| ± کەرەستە | + داخراو | + داخراو |

[1] /نەخوش/ یەکێکە لەو وشانەی لە سینتاکسدا بەکارهێنانی ناویی و ئاوەڵناویی هەیە ، لێرەدا وەك /ناو/ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت: منداڵەکە نەخۆشە. نەخۆشەکان پێویستییان بە چاودێریی زیاترە.

[2] دیاریکردنی بە نیمچە فراوان، بەبەراوردکردنیەتی بە /-ستان/ کە پانتایی فراوان دەگرێتەوە، بۆنموونە کوردستان پانتایی وڵاتێکە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣/٦-٣-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی/-خانە/:

١- هەموو پاشگرەکانی دارِشتنی ناوی شوێن، شوێن بۆ جۆرێك لە کەرەستە یان شت یان مرۆڤ ئامادەدەکەن، لە پاشگری /-خانە/دا بە تەواوی ئەم خەسڵەتە دەردەکەوێت. لە دەردوەی زمانیشدا، کە هەر یەك لەم دەرکردانە دەبینین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێنەکان داخراون، واتە لە شێوەی بینادان.

(٤٩) کتێبخانەکە لە سێ نهۆم پێکهاتووە.

(٥٠) دەرمانەکانی ئەم دەرمانخانەیە، نرخیان زۆر گرانە.

ئەم تایبەتمەندییە، پاشگری/-خانە/ی لەگشت پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن جیاکردووەتەوە، دەشبێتە ڕێگرێك بۆ دارِشتنی ناوی شوێن بەم پاشگرە، ئەگەر شوێنەکە ئەو نیشانە واتاییانەی نەبێت، کە لە سەرەوە خرانەڕوو.

٢- ناوی هەندێك شوێن، کە لە شێوەی بینادان، فۆڕمی سادەن، یان بە ڕێگای لەیەکدان دارِێژراون، یاخود پاشگری /- گە/ یان /- گا/ بۆ دارِشتنیان بەکارهاتووە، وەك /مزگەوت، زانکۆ، نەخۆشخانە، .../

### ٣/٦-٣-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی/-خانە/:

هەندێك لە پاشگرەکان لە ئێستادا بوونی ڕێگەخۆشکەرێکی ئاشکراو دیار بۆ بەبەرهەمییان نابینرێت، پاشگری /-خانە/ یەکێکە لەو پاشگرانە، بەڵام ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە ئەو پاشگرە بێبەرهەمە، بەڵکو بەپێی نیشانە واتاییەکانی وپێویستی لە دەرەوەی زمان، دەکرێت پێشبینی بەرهەمی لێبکرێت.

### ٣/٦-٤) /-دان/

-ناو + /-دان/

(٥١)/گوڵدان، شەکردان، خوێدان، ئاگردان، مۆمدان، شەمعدان، مناڵدان، هێلکەدان.../

(٣-١٤)

| | | |
|---|---|---|
| +مادده | + شوێن | + کەرەستە |
| +کەرەستە | + تەسك | +شوێن |
| | + داخراو | + تەسك |



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

تایبەتمەندیی هەندێك لە دەرکردەکانی ئەم پاشگرە لەوەدا دەردەکەوێت، کە بناغەکان خۆیان کەرەستە، یان کەلوپەلن کاتێك پاشگری /-دان/ وەردەگرن، دەرکردەکە دەبێتە شوێنی تێداهەلگرتن، یان پاراستنی ئەو کەرەستەیە.

(٥٢) خوێدانەکە خوێی تێدانەماوە.

### ٣/٦-٤-١) رێگرەکانی بەبەرهەمیی /-دان/:

١- ئەم پاشگرە وەك هەموو پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن، تەنها دەچێتە سەرناو و ناوەکانیش ناوی بەرجەستەن.

٢- لەرِووی واتاوە، سنووری بەکارهێنانی ئەم پاشگرە دیاریکراوەو ناتوانرێت لە جێی هیچ یەکێك لە پاشگرەکانی دیکەی ناوی شوێن بەکاربهێنرێت.

### ٣/٦-٤-٢) رێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-دان/:

نیشانە واتاییەکانی /-دان/، رێگەخۆشکەرن بۆ بەبەرهەمی و پێشبینیکردنی بەرهەمی ئەم پاشگرە لە سنووری ئەو نیشانانەدا، بۆ نموونە دەکرێت ئەم وشانە وەك وشەی ئەگەریی دابنرێن: /نقوڵدان، چەرەسدان.../

### ٣/٦-٥) جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی دارِشتنی ناوی شوێن:

جیاوازیی ئاشکرا لە پلەی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی شوێندا هەستپێدەکرێت بەهۆی :

١- تایبەتمەندیی واتایی هەریەك لەو پاشگرانە، زۆرکات لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرانە لەجێی یەکتر دەبێتەرِێگر؛ بۆنموونە لە جیاتی /کوردستان / ناکرێت بڵێین /کوردگە*/ یان /کوردخانە*/ هەربەو واتایەوە، بەڵام لەهەندێك باردا بەکارهێنانی هەندێك لەم پاشگرانە لە جێی یەکتر رێگەپێدراوە وەك:

(٥٣) / دەرمانخانە، دەرمانگە.../

٢- بەپێی پێویستیی زمان بۆ هەریەك لەو پاشگرانە، واتا هەبوونی ئاماژە بەند لە دەرەوەی زمان، جیاوازیی لە پلەی بەبەرهەمییانو پێشبینی کردنی بەبەرهەمییان لە داهاتوودا هەیە.

٣- لە رِووی دروستەوە، بۆ نموونە پاشگری /-گە/ یان/-گا/ بە زیاتر لە جۆرێك بناغەوە دەلکێت، ئەمەش وایکردووە لە گشت پاشگرەکانی دیکە بەبەرهەمتربێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٤- هەندێك جار بەپێی بوونی پێویستی لە دەرەوەی زمان لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنی واتایی بناغەیەك، زیاتر لە جۆرێك لەم پاشگرانە وەردەگرێت بۆ نموونە:

گوڵدان

(٥٤) گوڵ گوڵستان

گوڵزار

خشتەی (٢)

تۆمارکردنی ڕێژەی ڕێگەخۆشکەرو ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی شوێن

| پاشگر | ڕێگەخۆشکەر | ڕێگر |
|---|---|---|
| /-گە/~ /-گا/ | +٣ | +٣ |
| /-ستان/ | +١ | +٢ |
| /-خانە/ | +١ | +٢ |
| /-دان/ | +١ | +٢ |

٧/٣) بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی نابەرجەستە (ئەبستراکت):

ناوی نابەرجەستە ئەو ناوانەن، کە لە دەرەوەی زمان ئاماژەبەندێکی بەرچاو یان بینراویان نییە، وەك بیر، باوەڕ .... هتد، بەپێچەوانەی ناوی کۆنکرێتی، کە ئەدگاری فیزیکییان هەیە، وەك دار ، مرۆڤ ، گیاندار ... هتد[1]

لە زمانی کوردیدا، جگە لەو ناوانەی خۆیان لە بنچینەدا ئەبستراکتن، چەند پاشگرێکیش ڕۆڵیان لە دارشتنی ناوی ئەبستراکتدا هەیە.

١-٧/٣) /- ی/

ئەم پاشگرە، لەسەرجەم پاشگرەکانی دیکەی ناوی ئەبستراکت بەبەرهەمترە، چەند جۆرێك لە ناوی ئەبستراکت دادەڕێژێت :

أ- ناوی ئەبستراکت بە واتای باروحاڵەتەوە:

---

[1] Crystal: (2003:3)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ئاوەڵناوو ناوی ئەبستراکت بە واتای حاڵەتەوە، بەپێی جۆری ئاوەڵناوەکە دادەڕێژێت:

(٥٥) /خۆشی، شادی، گەورەی، جوانی، ئاسانی، نەمری، نەزانی، نەخۆشی، خراپی، باشی، بچووکی، کوێری، گەڕی، کەڕی، بەرزی، نزمی، بەهێزی، بێمێشکی، بێکەسی، بێناقڵی، بەهرەمەندی، وریای، دڵخۆشی، دڵتەنگی، ئاسکی، زیرەکی، ئازای، ئازادیی، نەمری، نەزانی،/

ئەو ئاوەڵناوانەی ئەم پاشگرە وەردەگرن، زۆربەی ئاوەڵناوە چۆنیەتییەکانن، جگە لە ئاوەڵناوی نیسبی. ئەم ئەدگارەش بووەتە هۆی بەبەرهەمیی ئەم پاشگرە لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکت بە واتای باروحاڵەتەوە.

ب- دەچێتە سەرناو و ناوی ئەبستراکت بە واتای قۆناغی تەمەنەوە دادەڕێژێت:

(٥٦)/ منالی، ساوای، گەنجی، پیری، .../

بەکارهێنانی لەگەڵ وشەیەکی وەك /کچ/دا، تەنها لە ڕستەدا دەبێت و قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەگەیەنێت، کە پەیوەستە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و شووکردنەوە.

(٥٧) بە کچی زۆر جوانتر بوو لە ئێستا .

کچییم زۆر خۆش بوو*.

لەبەرامبەریدا /کچێنی/ بەکاردەهێنرێت:

(٥٨) کچێنیم زۆر خۆش بوو.

بۆ گەیاندنی قۆناغ، یان بارێکی کۆمەڵایەتی، پاشگرەکانی دیکەی داڕشتنی ناوی ئەبستراکت ئەم ڕۆڵە دەبینن.

(٥٩)/کوڕێنی، بووکێنی، .../

پ- دەچێتە سەر ناو و ناوی ئەبستراکت بۆ واتای باروحاڵەت دادەڕێژێت:

/برایی، زاوایی.../

ئەم جۆرەیان تاڕادەیەك بەرهەمی کەمە، چونکە پاشگرەکانی دیکەی ناوی ئەبستراکت ئەو ڕۆڵەدەبینن، بۆنموونە پاشگری /- ایەتی/:

(٦٠) /برایەتی، کەسایەتی.../

ج- ناوی ئەبستراکتی پیشە:

(٦١) / ئاسنگەری، جۆلاَیی، هەلاجیی، مامۆستایی، نانەوایی، جووتیاریی.../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەو ناوانەی بە پاشگری /-چی/ دادەڕێژراون، بە پاشگری /- ێتی/ دەبنە ناوی ئەبستراکت، ئەمەش بەهۆی ڕێگری فۆنۆلۆژییەوە، ئەم حاڵەتەش لە بەرهەمی پاشگری /-ی/ کەمدەکاتەو.

(٦٢) پینەچی > پینەچێتی

تەنەکەچی > تەنەکەچێتی.... هتد

### ٣/٧-١-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /-ی/:

١- بوونی ئەو ناوانەی خۆیان لە بنچینەدا ئەبستراکتن وەك /بیر ، هۆش، ئەقڵ، خەم،../.

٢- بوونی کۆمەڵێك پاشگری دیکە، کە هەمان ئەرکیان هەیە.

٣- لەهەندێك باردا بەهۆی دیاریکراویی جۆری ناوەکانەوە، بەرهەمی ئەم پاشگرەش دیاریکراو دەبێت، بۆ نموونە قۆناغەکانی تەمەن و بارە کۆمەڵایەتییەکان.

٤- لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، ئەو بناغانەی کۆتاییان بە فۆنیمی /ی/ هاتووە ئەم پاشگرە وەرناگرن، بۆ نموونە: /ئاژاوەچی/، / ئاژاوەچیی*/

### ٣/٧-١-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /-ی/:

١- تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژی، ڕۆڵی سەرەکیی لە بەبەرهەمیی ئەم پاشگرەدا هەیە، کە بە زۆربەی بناغەکانەوە دەلکێت.

٢- لەڕووی پۆلەڕەگەزی بناغەوە، لە جۆری یەکەمدا لەگەڵ زۆربەی ئاوەڵناوەکاندا ئەم پاشگرە بەکاردەهێنرێت، جگە لە ئاوەڵناوە نیسبییەکان.

٣- جگە لە ئاوەڵناو بە چەند جۆرێکی ناوەوە دەلکێتو ناوی نابەرجەستە دادەڕێژێت.

### ٣/٧-٢) /-ایەتی/و ئەلۆمۆفەکانی:

#### ناو+ /-ایەتی/~ /یەتی/~ /ەتی/~/ێتی/

(٦٣) /دۆستایەتی، خوشکایەتی، برایەتی، کوردایەتی، پیاوەتی، دزێتی، کەرێتی.../

#### ئاوەڵناو+ / -ایەتی/~ /یەتی/ ~ /ەتی/~ /ێتی/

(٦٤) / مەردایەتی، سوکایەتی، ئازایەتی، بەندایەتی، سپێتی، ..../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**٣/٧-٢-١) ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی /- ایەتی/ و ئەلۆمۆفەکانی:**

هەرچەندە ئەلۆمۆرفەکانی /- ایەتی/، تاڕادەیەك بوونەتە هۆی گۆڕان لە بەرهەمی ئەم پاشگرەدا، بەڵام بەبەراود بە پاشگری /-ی/ دارێژی ناوی نابەرجەستە، ئەم پاشگرە بەهۆی ئەم ڕێگرانەوە کەمبەرهەمە:

١- بوونی ئەو ناوانەی لە بنچینەدا نابەرجەستەن.

٢- هەرچەندە لە ڕووی واتاوە لە زۆر باردا دەکرێت پاشگری /-ی/ لە جیاتی ئەم پاشگرە بەکاربهێنرێت، بە تایبەت لەگەڵ ناوەڵناوەکاندا، وەك/مەردیی، نازایی/، بەڵام ئەدگاری فۆنۆلۆژییانەی /-ی/ وایکردووە، کە بە شێوەیەکی فراوانتر بەکاربهێنرێتو بەبەرهەم بێت، لە بەرامبەریشدا /-ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی کەمبەرهەمبن.

٣- لایەنی واتایی لە داڕشتنی هەندێك ناوی نابەرجەستە بە پاشگری /-ایەتی/و ئەلۆمۆرفەکانی ڕێگرە، بۆ نموونە ئەو ناوە نابەرجەستانەی بە /ێنی/ دادەڕێژرێن.

٤- جۆری ئەو ناوانەی بەم پاشگرە دادەڕێژرێن، دیاریکراون، بۆ نموونە ئەو ناوە نابەرجەستانەی ئاماژەن بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەك /برایەتی، خوشکایەتی...هتد. ئەمەش بەهۆی دیارکراویی جۆری ئەو پەیوەندییانەوەیە.

**٣/٧-٢-٢) ڕێگەخۆشکەرەکانی بەبەرهەمیی /- ایەتی/و ئەلۆمۆرفەکانی:**

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، ئەم پاشگرەو ئەلۆمۆرفەکانی کەمبەرهەمن و چەند ڕێگرێکیش بوونەهۆی ئەم کەمبەرهەمییە، بەڵام تاکە ڕێگەخۆشکەرێکی بەبەرهەمیی ئەم پاشگرە بە لایەنی فۆنەتیکییەوە بەندەو بوونی ئەلۆمۆرفەکانیەتی.

**٣/٧-٣) /- ێنی/**

**ناو + /-ێنی**

(٦٥) /کوڕێنی، کچێنی، بوکێنی..../

ئەم پاشگرە، تایبەتمەندو بەرهەم دیاریکراوە، ئەم تایبەتمەندییەش بە لایەنی واتایی پاشگرەکەوە پەیوەستە، کە چەند بارێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، وەك لە نموونەکاندا دەبینرێت، بەهۆی ئەم پاشگرەوە دەردەبڕردرێت، کە زۆرتر بە قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە پەیوەستن.کەواتە دیاریکراویی ئەو ناوانەی ئەم پاشگرە وەردەگرن، بوونەتەهۆی ڕێگر لە بەبەرهەمیی ئەم پاشگرە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**خشتەی (٢)**

**تۆمارکردنی ڕێژەی ڕێگەخۆشکەرو ڕێگرەکانی بەبەرهەمیی پاشگرەکانی ناوی نابەرجەستە**

| پاشگر | ڕێگەخۆشکەر | ڕێگر |
|---|---|---|
| /- یی/ | +٣ | +٤ |
| /- ایەتی/ و ئەلۆمۆرفەکانی | +١ | +٤ |
| /- انی/ | - | +١ |

## ٨/٣) پوختەی بەبەرهەمیی پرۆسەکانی هەڵگواستن:

بەپێی خستنەڕووی پرۆسەکانی هەڵگواستن لە بەشی دووهەمداو شیکردنەوەی بەبەرهەمیی چەند پرۆسەیەك لەم بەشەدا، دەکرێت بەگشتی بەبەرهەمی لە پرۆسەی هەڵگواستن لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

١- لەڕووی جۆری لاگرەکانەوە، زمانی کوردی لە بەکارهێنانی پاشگردا بەبەرهەمترە، وەك لە بەکارهێنانی پێشگر.

٢- جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی ناوو ئاوەڵناو، لەو ڕووەوەیە، کە زۆربەی ئاوەڵناوەکان فردواتان و دەتوانرێت بۆ پەسنکردنی جۆری جیاوازی ناو بەکاربهێنرێن، تەنانەت ئەو ناوانەش، کە نوێنو بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و داهێنانە نوێیەکانەوە دێنە ئاراوە.

(٦٦)

جوان        مناڵەکە جوانە.

گوڵەکە جوانە.

بەرخەکە جوانە.

ئەو مۆبایلە جوانە.

(٦٧)

خراپ        ئەو کۆمپیوتەرە خراپە.

ئەو خواردنە خراپە.

ئەو پیاوە خراپە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەمجۆرە زمان پێویستی بەوە نییە، لەگەڵ هەموو بەرهەمهێنانێکی ناوێکی نوێ، ناوەڵناوی تایبەت بەخۆی بۆ بەرهەمبهێنێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانو بەردەوامیی داهێنانەکان، زمان پێویستی بە بەرهەمهێنان یان خواستنی ناوی نوێ هەیە، کە پرۆسەکانی هەڵگواستن لەم لایەنەدا ڕۆڵی چالاکیان هەیە.

٣- لەڕووی گۆڕانی پۆلەڕەگەزەوە، پرۆسەی بەکردارکردن لە زمانی کوردیدا نییە، واتا گۆڕینی پۆلە ڕەگەزەکانی دیکە بۆ کردار، بەڵام چەند پێشگرێکی دیاریکراو (-پێ، -لێ، -تێ، -هەڵ، -دا، -ڕا،...هتد )، لە دارشتنی کردار بە واتاو مەبەستی جیاوازەوە بەبەرهەمن.

٤- لاگرەکان جگە لە ڕۆڵیان لە دارشتنی پۆلە ڕەگەزەکاندا، هەر بەوشێوەیە ڕۆڵیان لە دارشتنی ئیدیەمەکانیشدا هەیە.

٥- پێویستە تێبینی ئەوەبکرێت، کە وەکیەکیی، یان نزیکیی ژمارەی ڕێگر یان ڕێگەخۆشکەرەکان، نابنە هۆی لەیەکتر نزیکیی پلەی بەبەرهەمیی ئەوپاشگرانەی جۆرێك لە ناو، یان هەر پۆلە ڕەگەزێکی دیکە دادەڕێژن، چونکە زۆر کات بەهێزیی یان لاوازیی ئەو ڕێگر یان ڕێگەخۆشکەرانە، بڕیار لە سەر جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی ئەو پاشگرانە دەدەن.

٦- سنووری بەکارهێنانی هەر لاگرێك، تاڕادەیەکی زۆر بە نیشانە واتاییەکانی ئەو لاگرەوە بەیوەستە، ئەو سنوورەش لە دەستپێکردنی نیشانە واتاییەکانی لاگرێکی دیکە، کە هەمان ئەرکی ئەم لاگرەی هەیە کۆتایی دێت، بەڵام هەندێك کات ئەو سنوورە بە تەوایی دیارنییەو تێکەڵبوون دروستدەبێت.

### ٩/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی وشە لەیەکدان:

بوونی پرۆسەی لەیەکدان ڕێگایەکی دیکەی بەبەرهەمی و گەشەپێدانی فەرهەنگی زمانە. وەك لە بەشی دووهەمدا خرایەڕوو، مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی بەگشتی لەڕووی پرۆسەی لەیەکدانەوە بەبەرهەمەو لە گشت پۆلە ڕەگەزەکانی ناوو ناوەڵناوو کردارو ناوەڵکرداردا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەبێت.

جگە لە جیاکردنەوەی لەیەکدان بەپێی تەرزو پۆلەڕەگەز، وشەلێکدراوەکان بە چەند جۆری دیکەش جیادەکرێنەوە و دەکرێت لەم لایەنانەشەوە باس لە جیاوازیی پلەی بەبەرهەمیی پرۆسەکانی لەیەکدان بکرێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣/٩-١) لێکدراو به پێی هەبوونی سەری واتایی:

" دیاریکردنی سەر، یان هەبوونی سەر لە لێکدراودا تەنها بە تایبەتمەندیی فۆرمەوە پەیوەست نییە؛ بەڵکو بە شیکردنەوەی سیمانتیکیشەوە پەیوەستە "[1]، واتە بۆ شیکردنەوەی دروستەی لێکدراو ،هەردوو سەری ڕێزمانی و سەری واتایی گرنگن.

**تەرزەکانی لێکدراو بەپێی بوون و نەبوونی سەری واتایی دەکرێن بەم جۆرانەوە:**

### ٣/٩-١-١) ئەو لێکدراوانەی سەریان هەیە /endocentric compounds/:

سەر لەناو لێکدراوەکەدایە، سەر لەم جۆرەدا هەمان ڕۆڵی سەری لە فرێزدا هەیە[2]، ئەم جۆرەی وشەی لێکدراو لە هەموو جۆرەکانی ناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو، ئاوەڵکردارو کرداری لێکدراودا، دەبینرێت:

(٦٨)/گوڵەباخ، بەردەنوێژ، بەردەپێ، سوورەچنار، گوڵەگەنم، نیوەشەو، نیوەڕۆ، گەورەکچ، شۆخەژن، سەرەژن، شۆڕەبی، شنەبا، گوڵەبەڕۆژە، دارەتوو، داربەڕوو، تەڕەپیاز، بۆرەزەلام، ڕەشەبا، شاژن، شاڕێ، دارەبەن، کێوەڕەش، کوڵێرەبەقیمە، .../

### ٣/٩-١-٢) ئەولێکدراوانەی لەناو پێکهاتەکەدا سەریان نییە /Exocentric Compound/:

سەر لەدەرەوەی لێکدراوەکەیە، واتە هەردوو جومگەی وشە لێکدراوەکە ئاماژەن بۆ شتێك لە دەرەوەی وشەکە، بۆ نموونە /چاوشین/، مەبەست لە کەسێکە، کە چاوی شینە. ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا زۆرە، بە تایبەت لە ئاوەڵناوی لێکدراو و ئیدیەمدا.

**ئاوەڵناوی لێکدراو :**

(٦٩)/ سەرزل، ملخوار ، چاوشین، پۆپنەلار، گوڵبەدەم، دارتاش، سەرشکاو، جەرگسووتاو، کورتەبالا.../

**وشەی لێکدراوی ئیدیەمیی :**

(٧٠)/دەستکورت، دەستبلاو، دەستڕەش، دەستسپی، سەربەگۆبەند، سەرشۆڕ، دەستبڕ، دەمردوو، دووزمان، چوارچاو، قۆڵبڕ، ڕەشبین، خۆشباوەڕ، .../[3]

---

[1] Plag (2003:137)
[2] Spencer, (2001:66)

[3] بۆزانیاریی زیاتر لە بارەی وشەی لێکدراوی ئیدیەمییەوە، بڕوانە: شیلان عومەرحسەین (١٢٤-١٢٥؛ ٢٠٠٩)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

"جیاوازیی نێوان جۆری یەکەم و دووهەمی لێکدراو هەندێك كات لە ڕێگەی شیکردنەوەوە ڕووندەبێتەوە، زۆرکاتیش لە ڕێگەی هەبوونی پەیوەندییەکی کەمەوە، بۆ نموونە /Green house/ دەزانین، کە لە جۆری یەکەمە، چونکە جۆرێکە لە خانوو "[1].

**۳/۹-۱-۳) ئەو لێکدراوانەی زیاتر لەیەك سەری واتاییان هەیە /co-ordinative/:**

لەم جۆرە لێکدراوانەدا هەردوو جومگەکە وەك یەك یەکسانن و هەردووکیان بە سەردادەنرێن[۲]. ئەم جۆرەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، بە مۆرفیمی/-و-/بەستراون بەیەکەوە، بۆ نموونە /دەموچاو/ بەرامبەر بە /ڕوو/، یەك وشەیان بە تەنها ناتوانێت ئەو واتایە بگەیەنێت، کە مەبەستە، هەندێك جاریش هاتنی ئەو دوو وشەیە پێکەوە بۆ مەبەستی پتەوکردنی واتاکەیە بۆ نموونە: /شۆخوشەنگ/.

(۷۱) /دەموچاو، سەروپێ، دەستوپل، دایکوباوك، شەووڕۆژ، تێروتەسەل، زۆروبۆر، شۆخوشەنگ../ زمانی کوردیدا کرداری لێکدراو لەڕووی هەبوونی سەری واتاییەوە دەکەوێتە ئەم جۆرەی لێکدراوەوە:

(۷۲) /کارکردن، نانخواردن، خۆشتن، چاکککردن، ونبوون.../

**۳/۹-۱-٤) ئەو لێکدراوانەی هەردوو جومگەکە هاوئامازەن /appositional/:**

بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، لێکدراوی /Poeta-pintor - شاعیر-وێنەکێش/ واتە (ئەو شاعیرەی، کە وێنەکێشیشە).[۳]

لەزمانی کوردیدا، ئەم جۆرە لە ئێستادا نییە، بەڵام بەپێی پێویستیی زمان دەکرێت لێکدراوی وەك /شاعیر-چیرۆکنووس/، /ئەکتەر-نووسەر/ ... هتد دابڕێژرێت.

**۳/۹-۲) بەبەرهەمیی لێکدراو بەپێی بوون یان نەبوونی سەری واتایی:**

بەپێی ئەو تەرزانەی وشەی لێکدراو، کە لە زمانی کوردیدا هەن. جۆری ئەو لێکدراوانەی، کە سەری واتایی لەناو لێکدراوەکەدایە، لەگشت جۆرەکانی دیکە بەبەرهەمترە، بە تایبەتی لە تەرزەکانی ناوی لێکدراودا، بەڵام تەرزەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو بە گشتی لەو

---

[1] Spencer, (2001:67)

[2] سەرچاوەی پێشوو: ل ٦٨

[3] Haspelmath,(2002:89)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

جۆرەن، کە سەری واتایی لە دەرەوەی پێکهاتەکەدایەو ئەو واتایەی پێکهاتەکە بەرهەمی هێناوە بۆ شت یان کەسێك لە دەرەوەی پێکهاتەکە دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە کرداریش، بەگشتی لەوجۆرەن، کە هەردوو جومگەکەی لەڕووی واتاوە یەکسانن.

### ٣-٩/٣) تەرزەکانی لێکدراو بەپێی ڕیزبوونی دەرخەرو دەرخراو:

بەپێی ڕیزبوونی دەرخەرو دەرخراو، (محمد معروف فتاح)، دوو جۆر وشەی لێکدراو جیادەکاتەوە:[1]

**١- وشەی لێکدراوی سینتاکسی:**

بە پێی دەستوری (سینتاکسی)ی زمانەکە کەرتەکانی ڕیز دەبن، لەم جۆرە لێکدراوەدا کەرتەکان ئاسایی ڕیزدەبن وەك : دڵ تەنگ (دڵی تەنگە )، سەرسپی (سەری سپی یە).

**٢- وشەی لێکدراوی ناسینتاکسی:**

بە پێچەوانەی دەستووری زمانەکەوە کەرتەکانی دەدرێنەپاڵیەك، بەزۆریی ئەم جۆرە لە کوردیدا لە ئاوەڵناوێك و ناوێك پێکدێت و بزوێنی /ە/ دەیان بەیەکیانەوەدەبەستێتەوە:

/تەڕەپیاز، بۆرەزەلام، ڕەشەبا، کەڵەشێر.../

"هەروەها لەم جۆرەدا دوو وشەی سەر بەیەك بەشە ئاخاوتن دەدرێتە پاڵ یەکترو بەهۆی ئامرازێکی پەیوەستەوە گرێ دەدرێن، لێکدراوەکە شێوەیەکی وا وەردەگرێ (و+ئامراز+و) وەك: /حازروبزر، ڕێکوپێك، بەژنوبالاً، شیروتیر،چەپوڕاست../. زۆر کات بەشی دووهەمی لێکدراوەکە واتای یەکەم خەستدەکاتەوە و لەسەر وەزنی یەکەم داڕێژراوە "[2]، پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو، کە لەم جۆرەی لێکدراو بێ کۆنجێکشن هەیە، وەك :/ سورگوڵ، ڕەشپێست، سپیپێست.../

### ٤-٩/٣) بەبەرهەمیی پرۆسەی ناوی لێکدراو:

پرۆسەکانی ناوی لێکدراو چەند پرۆسەیەکن‌و بەبەراورد بە پرۆسەکانی دیکەی لەیەکدان بە تایبەت ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار پرۆسەیەکی بەبەرهەمە،بڕوانە(٢/٢/٢-ل٥٤). تەرزەکانی ناوی لێکدراو چەند تەرزێکن، کە لەڕووی پلەی بەبەرهەمییەوە جیاوازن‌و

---

[1] محەمەد معروف فتاح، (١٩٩١:٩٢)

[2] سەرچاوەی پێشوو: ل ٩٤



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

تاڕادەیەکی زۆر کراوەن و پێشبینی بەرهەمیان دەکرێت، یەکێك لەو تەرزانە، تەرزی {ناو+ڕەگ}ە، کە تەرزێکی کراوەو بەبەرهەمەو چەند جۆرێکی ناو بەرهەمدەهێنێت.

## ٣/٩-٤-١) تەرزی /ناو+ڕەگ/

ئەم تەرزە یەکێکە لە تەرزە بەبەرهەمەکانی دارشتنی ناوی لێکدراو، هەندێك لەم ناوانە ئاوەڵناوئاسان، چونکە ڕەگی کردار، کە جومگەی دووهەمی ئەم ناوانەیە ئەدگاری ئاوەڵناویی هەیەو جۆرێك لە واتای ئاوەڵناویی بەناوەکە دەبەخشێت، ئەو ناوانەی بەم تەرزە بەرهەمدەهێنرێن لەڕووی واتاوە چەند جۆرێکن:

**یەکەم : ناوی خاوەنپیشە:**

(٧٣) /وێنەگر، گۆشتفرۆش، سەوزەفرۆش، دارتاش، سەرتاش، هەواڵنێر، پەیامنێر، وتاربێژ، وتارخوێن، گۆڕهەڵکەن، ئاوگێر، مەیگێڕ، .../

**دووهەم: ئەو ناوانەی ئاماژەن بۆ خوو و ڕەفتار یان ئیدیەمن:**

(٧٤)/شەڕفرۆش، جوێنفرۆش، دەستبڕ، پیاوکوژ، خۆفرۆش، وڵاتفرۆش، گیرفانبڕ، مەلابەزێن/

**سێهەم : ناوی ئامێر:**

(٧٥) /شەکرشکێن، گوێزشکێن، جلگر، بەفرماڵ، بەفرگر، چاپاڵێو، پلاوپاڵێو، .../

**چوارهەم: ئەم تەرزە کۆمەڵێك بەرهەمی هەیە، ئاوەڵناون بۆ بار و ڕووداو:**

(٧٦) /سەرنجڕاکێش،.../

لە خستنەڕووی بەبەرهەمیی پاشگری /-ەر/دا، ئەوە خرایە ڕوو، کە یەکێك لە تەرزەکانی ئەو پاشگرە، ( ناو + ڕەگ + /-ەر/)ە، ئەم تەرزە تایبەت بوو بەو کردارە لێکدراوانەی جومگەی دووهەمیان کردارەکانی /کردن، بردن، دان/ن. ئەگەر سەیری ئەم تەرزانە بکەین، دەبینین هەمان تەرزەکانی سەروەن واتا /ناو + ڕەگ/، بەڵام لەم تەرزانەدا پاشگری/-ەر/هەیە.ئەمەش پەیوەندیی بەلایەنی واتاوە هەیە، کە ئەو وشانە بێ ئەو پاشگرە واتای تەواو ناگەیەنن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەكرێت ئەو تەرزانە بە بەشێك لە یاسای/ ناو+ڕەگ /دابنرێن، ئەم جۆرە تەرزانە بە /Synthetic(Verbal) compound/[1] ناودەبرێن.

ئەم جۆرەی لێكدراوو گشت جۆرەكانی دیكەش، بەپێی پێویستیی زمان پێشبینی بەرهەمی زیاتریان لێدەكرێت، بەلآم لە هەندێك باردا ڕێگر دێتە ئاراوە:

١- لەبارەی ناوی خاوەنپیشەوە، هەبوونی ناوی خاوەنپیشە وەك فۆرمی سادە، یاخود داڕشتنی ناوی خاوەنپیشە بە پاشگر، ڕێگرن لە بەردەم بەبەرهەمیی ئەم تەرزەدا.

٢-جۆری پیشەكان، دیاریكراویی ئەو كارەی لە پیشەكاندا ئەنجامدەدرێت، هۆكارێكن بۆ وەرگرتنی ناوی پیشەكە لە كردارەكەوە، لە باری دیارینەكراویی ئەو كارەدا، ناتوانرێت ناوی پیشەكە لە جۆری كارەكەوە دابڕێژرێت.

٣- ناونانی ئامێر بەم تەرزە زۆر كەمە، ئەمەش بە تایبەتمەندیی جۆری ئامێرەكانەوە پەیوەستە.

### ٢-٤-٩/٣) بەبەرهەمیی كرداری /كردن/ لە داڕشتنی كرداری ناویی لێكدراودا

كۆمەڵێك كردار لە زمانی كوردیدا، ڕۆڵی سەرەكییان لە داڕشتنی كرداری ناویی لێكدراودا هەیەو كراوەو بەبەرهەمن، ڕوونیی سیمانتیكی ئەم كردارانە وایكردوە، كە لەگەڵ كۆمەڵێكی فراوان لە بەشەئاخاوتنەكانی دیكە بەكاربهێنرێنو كرداری ناویی لێكدراو بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنن.

ئەو كردارانەش وەك /كردن، بوون، گرتن، كەوتن، چوون، هێنان، هاتن، دان ... هتد/[2]

/كردن/یەكێكە لەو كردارانەی لە ڕووی بەرهەمەوە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو كردارانەدایەو لە ئامادەكردنی كرداری ناویی لێكدراودا بەكارهێنانێكی فراوان و كراوەی هەیە و چاوەڕێی بەرهەمی بەردەوامی لێدەكرێت.

دیاریكردنی واتای تەواوی كرداری /كردن/ كارێكی گرانە، ئەمەش بەهۆی جۆراوجۆریی بەكارهێنانی ئەم كردارەوەیە، بەلآم بەشێوەیەكی گشتی ئەم كردارە واتای گۆڕان و چوونە بارێك و ئەنجامدانی كردەیەك دەگەیەنێت، ئەمەش بەپێی ئەو تەواوكەرەی لەگەڵ /كردن/دا دێت دەگۆڕێت.

---

[1] Spencer, (2001: 68)

[2] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: یوسف شریف سعید، (١٩٩٨:٨٤)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

| | |
|---|---|
| کردن | + گۆڕین<br>+ ئەنجامدان<br>+ هێنانەدی<br>± فیزیایی<br>+ خستنە بارێکی نوێ<br>± ڕۆڵی ڕاستەوخۆی کەس |

(٧٧) قسەکردن : ئەنجامدانی کردەیەك، ڕۆڵی ڕاستەوخۆی کەس.

نانکردن: ئەنجامدان و هێنانەدی.

وشککردن: خستنەبارێکی نوێ، ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی کەس

جوانکردن: خستنەبارێکی نوێ، ڕۆڵی ڕاستەوخۆی کەس

شەڕکردن: ئەنجامدان، خستەبارێکی نوێ.

ئەم نیشانە واتاییانەی /کردن/ هۆکاری سەرەکیی و ڕێگەخۆشکەرن بۆ بەبەرهەمیی ئەم کردارە لە داڕشتنی کرداری لێکدراودا لەچەندین فۆڕمو واتای جیاوازدا:

/ ناو + کردن /

(٧٨) /کارکردن، شەڕکردن، درۆکردن، قسەکردن، نانکردن، ڕاوکردن، شەرمکردن، مامەڵەکردن، ئیشکردن، بارکردن، بۆنکردن، لچکردن، سواڵکردن، بارکردن، فشەکردن، لوتکردن، خێرکردن، دەرکردن، شوکردن، جلکردن، دروستکردن، نازکردن، کەرتکردن، باڵکردن، مەلەکردن، سەیرکردن، تەماشاکردن، لەچککردن، تۆمارکردن، فێڵکردن، فاشکردن، نەشتەرگەرییکردن، پۆلکردن، بیناکردن، بۆیەکردن، دروێنەکردن، ئاودیوکردن، ماڵکردن، کۆڵکردن، واژۆکردن، سەیرانکردن، نوێژکردن، یاریکردن، هاوارکردن، تەمێکردن، فێرکردن،ڕەنگکردن، گاڵتەکردن، مارەکردن، مۆرکردن، دەنککردن،شاییکردن، تەگبیرکردن،... /

ئاوەڵناو+ کردن

(٧٩) /چاککردن، خراپکردن، جوانکردن، پاککردن، سووککردن، قورسکردن، بۆگەنکردن، ڕاستکردن، خۆشکردن، شڕکردن، تەڕکردن، وشککردن، زەردکردن، شێتکردن، ڕێککردن، خوارکردن، قووڵکردن، زلکردن، بێزارکردن، بێنازکردن، سڕکردن، مۆنکردن، چۆڵکردن،



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کاولکردن، وردکردن، وێرانکردن، ونکردن، وێرانکردن، سوێرکردن، چەورکردن، کونکردن، چاڵکردن، ڕیسواکردن، گەورەکردن، شلکردن، توندکردن، گەرمکردن، ناخۆشکردن، ئاقڵکردن،../

" ئەوئاوەڵناوانەی، کە لەگەڵ کرداری تێپەڕی /کردن/دا، ڕێکدەکەون بۆ پێکهێنانی کرداری ناوی لێکدراو، کە دەسەڵاتی مرۆڤ تیایدا باڵا دەستەو هێزی کردەیی مرۆڤ بەڕێوەی دەبات"[1] بەڵام لە هەندێك لەم پرۆسانەدا، کەس ناڕاستەوخۆ دەستی لە ئەنجامدانیاندا هەیە. بۆ نموونە /وشککردن/

(٨٠) تەماتەو بامێیان بۆ زستان وشککردووە.

لە ڕاستیدا تیشکی خۆرە، کە ئەو خواردنە وشکدەکات، کەس ناڕاستەوخۆ ڕۆڵدەبینێت.

## ئاوەلکردار+ کردن

(٨١) /خاوەخاوکردن، دەنگەدەنگکردن، پەلەکردن، بۆڵەبۆڵکردن، جوکەجوککردن، قیژەقیژکردن، زوڕەزورکردن، بانگەبانگکردن،.../

## وشەی بیانی+ کردن

/کردن/ لەگەڵ زۆربەی ئەو وشانەی لە زمانی بیانی، وەك عەرەبی و ئینگلیزیەوە هاتوونەتە زمانی کوردییەوە و خۆیان لە زمانی یەکەمدا کردارن بەکاردەهێنرێت. ئەو وشانەش، کە دێنە ناو زمانی کوردی بە دوو جۆر بەکاردەهێنرێن:

١- ئەو کردارانەی بەرامبەریان لە زمانی کوردیدا هەیە

بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە لەزۆر باردا بەهۆی نەبوونی هاوواتای تەواوەوەیە لە زماندا، بەڵام لە قسەکردنی ڕۆژانەدا وشە بیانییەکەش بەکاردەهێنرێت، وەك /تەبعکردن/ بەرامبەری /چاپکردن/هەیە، /فەحسکردن/ بەرامبەری/پشکنین/هەیە.هەروەها/سجنکردن، ئیمزاکردن، مەکرکردن، قایمکردن، تەفسیرکردن، پرنتکردن، تەفتیشکردن، عەمەلیاتکردن، سەعیکردن، ...هتد/

[1] هیدایەت عبداللە محمد، (٢٠٠٢:١٣٤)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

۲- ئەو کردارانەی بەرامبەریان لە زمانی کوردیدا، وشە نییە :

(۸۲) / فاکسکردن، تەحویلکردن، چێککردن، کۆنکرێتکردن، جفرەکردن، کلیککردن، ئیمێلکردن، چاتکردن، کۆپیکردن، تەلەفۆنکردن، حەواڵەکردن، فیرتاوکردن، لەبغکردن، قەپانکردن، حەجکردن، وەسێتکردن،.../

نەبوونی وشەی کوردی بەرامبەر ئەم کردارانە، زۆرکات بە خێرایی هاتنەناوەوەی وشەکانەوە پەیوەستە، وەك /چاتکردن، کلیککردن/، نەك نەبوونی ئەو کردارە لە زمانی کوردیدا، هەندێك جاریش بە پیرۆزیی وشەکانەوە پەیوەستە، وەك /حەجکردن/.

## خۆ + ئاوەڵناو + کردن

(۸۳) /خۆسووککردن، خۆشێتکردن، خۆجوانکردن، خۆتوڕەکردن، خۆونکردن، خۆچاککردن، خۆناشرینکردن، خۆڕیسواکردن،.../

## ناو + /ناو ~ ئاوەڵناو/ + کردن

(۸٤)/دەمچەورکردن، سەرکوتکردن، سەرشۆڕکردن، قژبۆیەکردن، ملشۆڕکردن، پێستەخۆشکردن، ماڵوێرانکردن، ماڵکاولکردن،.../

## /ناو ~ ئاوەڵناو/ + پێشناو + کردن

(۸۵) /ڕووتێکردن، پشتتێکردن، ڕوولێکردن، چاولێکردن، ئاوتێکردن، خوێنتێکردن، باسلێکردن، قسەلێکردن، قسەپێکردن، دەستپێکردن، شکلێکردن، کونتێکردن، کارپێکردن، گاڵتەپێکردن،.../

## پێشناو+ ناو + کردن

(۸٦) /لەدەستکردن، لەپێکردن، لەملکردن، لەسەرکردن، لەگوێکردن، بەگوێکردن، بەقسەکردن، لەیەککردن، لەئیشکردن، لەئاوکردن، بەڕێکردن، .../

وەك لە بەشی دووهەمیشداخرایەڕوو/کردن/لەگەڵ پێشناوەکاندا کرداری دارێژراو بەرهەمدەهێنێت:

(۸۷)/هەڵکردن، لێکردن، داکردن، پێوەکردن، لێتێکردن، تێکردن، هەڵکردن،..../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ۱۰/۳) بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە:

ئاشکرایە، کە مۆرفیمەکانی شکاندنەوە یان مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، ڕۆڵی سەرەکیی و چالاکیان لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا هەیەو خستنەڕووی بەبەرهەمیی ئەو مۆرفیمانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەبەرهەمیی کۆی ناو لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا، وەك سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوە لە بەبەرهەمیی مۆرفیمەڕێزمانییەکان شیدەکرێتەوە.

### ۱-۱/۳) بەبەرهەمیی کۆی ناو :

کۆی ناو لە زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوڕاستدا، بە چەند مۆفیمێك سپێرراوە، کە لەڕووی چالاکییەوە جیاوازن و ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆکاری دیاریکردنی پلەی بەبەرهەمیی هەریەك لەو مۆرفیمانە، دەکرێت مۆرفیمەکانی کۆی ناو بەم جۆرە بخرێنەڕوو:

**یەکەم : /-ان/**

مۆرفیمی سەرەکیی کۆی ناو لە زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی/-ان/ە. "هەرچەندە لە زمانی کوردیدا هەندێ نیشانە هەن، کە کۆ پێکدێنن و هەروەها هەندێ حاڵەت هەن، کە مانای کۆ دەگەیەنن، بەڵام نیشانەی ڕەسەن و سەرەکی کۆی ناو /-ان/ە"[1] . /ان/مۆرفیمێکی سینتاکسییەو گۆکردنی سینتاکسی هەیە، واتاکەی /کۆ/یە، لەڕستەدا لەکاتی جیاکردنەوەی تاك و کۆی فرێزە ناوییەکاندا بەکاردەهێنرێت و دەردەکەوێت. ئەمە بنەمای بەبەرهەمی و پێویستی بەرهەمی پرۆسەی لکاندنی پاشگری کۆی داڕشتووە. لەبەرئەوە بەیارمەتی دیاردەی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی ئەو بنەمایە پتەوکراوە:

۱-ئەو ناوانەی کۆتاییان بە نابڕگەیی / کۆنسنانت/ هاتووە، ئاسایی بێ کێشە مۆرفیمی /-ان/ یان پێوەدەلکێت، مۆرفیمەکە وەك خۆی، بە فۆنەتیکی بەرجەستەدەکرێت.

(۷۹)

کچ > کچان

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد(۱۹۷۸:۲۰۱).



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کوڕ > کوڕان

شار > شاران ... هتد

٢- ئەو ناوانەی کۆتاییان بە ڤاوڵ هاتووە، بۆئەوەی مۆرفیمەکە بە بناغەکەوە بلکێت، نیمچە کۆنسنانتی /ی/ دەچێتە نێوان بناغەو مۆرفیمەکە:

(٨٠) دێ > دێیان

ئەوەی جێگەی سەرنجە، زۆرکات لەو بارانەی سەرەوەدا، کە ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵ هاتووە، مۆرفیمەکانی دیکەی کۆ بەکاردەهێنرێتو بەکارهێنانی ئەم فۆڕمانە زۆر دەگمەنە.

(٨١) دێ > دێهات

هەرچەندە /-ان/ مۆرفیمی سەرەکیی کۆی ناوە، بەڵام فۆڕمی( ناو + /-ان/)لە زاری کرمانجی ناوڕاستدا زۆر کەم بەکاردەهێنرێت، کۆی ناو زیاتر لە فۆڕمی ناسراودایە.

**دووهەم: مۆرفیمی /-کان/ و /ەکان/ بۆ ناسراوی کۆ:**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی کۆ لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانیدا، بەکارهێنانی کۆیە لە فۆڕمی ناسراودا، واتە بەکارهێنانی کۆی ناسراو، ئەم ئەرکەش مۆفیمی /-کان/ و /ەکان/دەیبینن.

بەکارهێنانی کۆی ناسراو بەم دووفۆڕمە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی فۆنەتیکی ناوەکە:

(٨٢) منداڵ > منداڵەکان

چرا > چراکان

**سێهەم: مۆرفیمەکانی / - جات، - وات، - ەها، - هات/**

ئەم مۆرفیمانە، وەك ئەلۆمۆرفی /-ان/ لە هەندێك باری دیاریکراوی کۆدا دەردەکەون، هەرچەندە دەکرێت لەو حاڵەتانەدا دیسان مۆرفیمی /-ان/ بۆ کۆ بەکاربهێنرێت.

(٨٣) /ماڵات، دێهات، میوەجات، ساڵەها.../

جگە لەم مۆرفیمانە، مۆرفیمی /گەل/یش یەکێکە لە مۆرفیمەکانی کۆ و تایبەتمەندیی ئەم مۆرفیمە لەوەدایە، کە وەك مۆرفیمی سەربەخۆش دەردەکەوێت.

(٨٤) /کوڕگەڵ، مێگەڵ/

هەروەها لەگەڵ هەندێك ناودا، دەکەوێتە پێش ناوەکەوە:

(٨٥) /گەلەگورگ.../



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

### ٣/١-١-١) ڕێگرەكانی بەبەرهەمیی كۆی ناو:

بەشێوەیەكی گشتیی لەڕووی دروستەوە، دارشتنی ناوی كۆ بە مۆرفیمەكانی كۆ بە تایبەت /-ان/ و /-كان/ یاسابەندەو گشتگرە، بەڵام چەند ڕێگرێك، كە بە سروشتی تاك و كۆوە لە زمانی كوردیدا پەیوەستن، هەندێك جار سنووری بەكارهێنانی ئەم مۆرفیمانە دیاریدەكەن:

١- ناوی تایبەت، لە هەندێك باری تایبەتدا نەبێت كۆناگرێتەوە.

٢- ئەو ناوانەی بوونیان لە سروشتدا تاكە، وەك مانگ، خۆر...هتد.

٣- ناوی نەخۆشییەكان لە زمانی كوردیدا كۆناكرێنەوە/ گرانەتا، شەكرە، ..../[1]

### ٣/١-١-٢) ڕێگەخۆشكەرەكانی بەبەرهەمیی كۆی ناو:

١- پرۆسەكانی شكاندنەوە بەگشتیی بەبەرهەمن، چونكە گۆكردنی سینتاكسییان هەیە، كۆی ناو یەكێكە لە پرۆسە یاسابەندەكان‌و تەنها چەند ڕێگرێكی كەمی هەیە، وەك پێشتر دیاریكران. بۆیە دەكرێت یاسای كۆی ناو بە یەكێك لە یاسا پڕبەرهەمەكانی شكاندنەوە دابنرێت، بەتایبەت كۆی ناو بەمۆرفی /-ان/و /- كان/

٢- یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی زمانی كوردی، بەكارهێنانی كۆیە لەگەڵ ناوەڵناودا، واتە لە زۆر بارداو لە فرێزە ناوییەكاندا ناوەڵناوەكان حاڵەتی كۆ وەردەگرن.

(٨٦) منداڵە جوانەكان هاتن.

(٨٧) جوانەكان هاتن.

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر، بڕوانە: ڕۆكان عەبدوڵا محەمەد، (٢٠٠٨: ١٢-١٣)



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# ئەنجام

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# ئـــەنجـــام

**لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا، كورتەی ئەنجامەكان دەخەینەڕوو:**

**١- پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكانی وشە دارشتن ( هەلگواستن‌ولەیەكدان) ڕۆڵی گرنگ و سەرەكیيان لە زەنگینكردنی گەنجینەی وشەی زمانی كوردیدا هەیە. هەروەها پرۆسە نامۆرفۆلۆژییەكانیش تاڕادەیەك لەو زەنگینكردنەدا ڕۆڵیان هەیە.**

**٢- بەگشتی ڕێگرەكانی بەبەرهەمیی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكانی زمانی كوردی، ئەمانەی خوارەوەن:**

**أ- ڕێگری فۆنۆلۆژی**

**ب- ڕێگری مۆرفۆلۆژی**

**پ- ڕێگری سینتاكسی**

**ج- ڕێگری سیمانتیكی /واتایی/**

**ڕێگرەكان لەبەردەم پرۆسەكانی بەرهەمهێنان‌و گەشەسەندنی گەنجینەی وشەی زمانی كوردیدا بەربەستی تەواونین، چونكە زمان دەتوانێت لە ڕێگەیەكی دیكەوە ئەو بۆشاییە پڕبكاتەوە، كە دەشێت ڕێگرەكان دروستی بكەن، یەكێك لەو ڕێگایانە بوونی چەند پاشگرێكە بە فۆڕم و واتای جیاوازەوە بۆ دارشتنی جۆرێك لە ناو، یان ئاوەڵناو ، بۆ نموونە پاشگرەكانی ناوی شوێن .**

**٣- ڕێگەخۆشكەرەكانی بەبەرهەمیی ئەمانەی خوارەوەن:**

**أ- ڕێگەخۆشكەری فۆنۆلۆژیی**

**ب- ڕێگەخۆشكەری مۆرفۆلۆژی**

**پ-ڕێگەخۆشكەری سینتاكسی**

**ج- ڕێگەخۆشكەری سیمانتیكی/واتایی/**

**ڕێگەخۆشكەرەكان هۆیەكی سەرەكیی بەبەرهەمیی تەرزەكانن، هەروەها بەهۆی ئەم ڕێگەخۆشكەرانەوە پێشبینی بەبەرهەمی لە پرۆسەكاندا دەكرێت.**



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

٤- زۆرکات زمانەکان لە ڕووی دیاریکردنی پلەکانی بەبەرهەمییەوە تایبەتمەندن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، وەك لە بەشی دووهەم و سێهەمی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو، هەندێك لاگر یان تەرز کەمبەرهەمن، واتا پلەیەکی جیاواز لەو سێ پلەیەیان هەیە،کە بۆ بەبەرهەمی دیاریکراوە.

٥- لە پرۆسەکانی هەلگواستندا، سنووری بەرهەمی لاگرەکان تارادەیەکی زۆر بە نیشانەواتاییەکانیانەوە بەندە، ئەو سنوورەش لە دەستپێکردنی نیشانەواتاییەکانی لاگرێکی دیکەدا، کە هەمان ئەرکی هەیە کۆتایی دێت، بەلاّم لە هەندێك باردا ئەو سنوورە بە تەواویی دیارنییەو تێکەڵبوون دروستدەبێت.

٦- دیاریکردنی سنوورو ئەدگاری پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، ڕێگەنیشاندەرو بەرچاوڕوونین بۆ دانەڕشتن و بەرهەمنەهێنانی هەڕەمەکیانەی وشەی نوێ، لە باری ناچاریشدا، دەکرێت پەنا بۆ ڕێگاکانی دیکەی وشە داهێنانی یاسا-گۆڕ وەك ئەنالۆژی ببرێت. یاخود ڕێگاکانی دیکەیپەرەپێدانی فەرهەنگ، وەك خواستن و وەرگێڕان...هتد.

٧- پرۆسەکانی وشەلەیەکدان، بەگشتی بەبەرهەم و کراوەنو جگە لە وشەی لێکدراو، ئیدیەمە وشەییەکان بەرهەمدەهێنن.

٨- پرۆسەکانی شکاندنەوە بەگشتی بەبەرهەمن، چونکە توخمەکانیان گۆکردنی سینتاکسییان هەیە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# سەرچاوەکان

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# سەرچاوەکان

**به زمانی کوردی:**

**کتێب:**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)بەشی یەکەم ناو-** ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٢- ـــــــــــــــ (١٩٩١) ، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی سێهەم - ئاوەڵناو-** ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد ، بەغداد.

٣- ـــــــــــــــ (١٩٩٨) ، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی چوارەم- ژمارەو ئاوەڵکردار-** ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٤- ـــــــــــــــ (٢٠٠٠)، **ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ( وشەسازی) بەشی پینجەم - کردار-** ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

٥-شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩)، **ئیدیەم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا**، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٦- رەفیق محەمەد شوانی (٢٠٠٨)، **ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن**، چاپی یەکەم ، دەزگای موکریانی.

٧-محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠)، **زمانەوانی**، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

٨- محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح رشید قادر (٢٠٠٦)، **چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی**، بەشی ڕووناکبیری ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی .

٩- محەمەدی مەحوی (٢٠٠١)، **ڕستەسازیی کوردیی**، زانکۆی سلێمانی

١٠- ـــــــــــ (٢٠٠٦)، **ناوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك وابەستە**، زانکۆی سلێمانی.

١١- ـــــــــــ (٢٠٠٩)، **مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان**، بلاّونەکراوە.

١٢- نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠)، **ڕێزمانی کوردی** ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

١٣- هەژار (عبدالرحمن شرفکندی)، (١٣٨١)، **هەنبانە بۆرینە**، بلاّوکراوەی سروش، چاپی سێیەم، تاران.

١٤- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، **ئاسۆیەکی تری زمانەوانی** ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر




الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

*نامەی زانکۆیی(بڵاونەکراوە):*

١٥-ڕۆژان نوری عەبدوڵا (٢٠٠٦)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی کۆیە.

١٦- ڕۆکان عەبدوڵا محەمەد (٢٠٠٨)، مۆرفیمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن رۆشد)

١٧- سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمەدارێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی .

١٨- شێرکۆ حمە ئەمین قادر، (٢٠٠٣) ، مۆرفیمە لێکسیکی و ڕێزمانیەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان — زانکۆی سلێمانی .

١٩- صباح رشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانی .

٢٠-محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە-لە کرمانجی خوارووداـ ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.

٢٢- هیدایەت عبدالله محمد (٢٠٠٢)، ڕێکەوتنی واتایی ناوو ئاوەڵناو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.

٢٣- یوسف شریف سعید (١٩٩٨)، بەراوردی کاری لێکدراو لە زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

**گۆڤار**

٢٤- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٥ ساڵی ١٩٩٠ د. محمد معروف فتاح، (هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو).

٢٥- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم ١٩٧٨، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، (کۆی ناو لە زمانی کوردیدا)

*بە زمانی فارسی:*

١- علی اکبر دهخدا (١٣٨٠)، لغت نامە دهخدا، ناشر: مؤسسە انتشاراتو چاپ دانشگاه تهران. (فەرهەنگی ئەلکترۆنی )



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەزمانی ئینگلیزی:

1- Akmajian, A. & A. Demers & K. farmer, A. (1997), **Linguistics (an introduction to language and communication)** , Fourth edition, Cambridge, London.
2- Aronoff, M. (1981), **Word Formation in Generative Grammar**, Second Printing, U.S.A .
3- Barðdal, J. (2008), **Productivity**, John Benjamins B.V., Universit of Bergen.
4- Bauer, L. ( 2001), **Morphological Productivity**, First Edition, Cambridge University Press.
5- Booij, G.(2005), **The Grammar of Words**, First published, Oxford University Press Inc. New York.
6- Cook,V & Newson, M , (1996), **Chomsky's Universal Grammar**, second Edition , Blackwell Publisher.
7-Crystal, D. (2003), **A Dictionary of Linguistics & Phonetics** , Fifth Edition , Blackwell Publishing.
8- Fodor, J. (1983), **The Modularity of mind** , The MIT Press
9- Fromkin, V. and Rodman, R. (1998), **An Introduction to LANGUAGE** , Fourth Edition , The Dryden Press.
10- Harley, H. (2006), **English Words (*A Linguistic Introduction*)**, First published by Blackwell Publishing Ltd.
11- Haspelmath. M. (2002), **Understanding Morphology**, Oxford University Press , New York.
12- J. Newmeyer, F. (2002) , **Generative Linguistics**, First published, Routledge.
13- Katamba, F. & Stonman, J. (2006), **Morphology** ,Second Edition, Palgrave Macmillan.
14-Lieber, R. (2005), **Morphology and Lexical Semantics** , Third Edition, Cambridge.
15- Lyons, N. (1990), **Language and linguistics**, Cambridge University Press.
16-McCarthy.A.(2002*)*,**An Introduction to English Morphology,** Edinburgh University Press.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

17- Morphy, L. (2003), **Semantic Relations and the Lexicon ,** Cambridge University Press.
18- Plag, I. (2003), **Word-formation in English**, First Edition, Cambridge University Press.
19- Radford, A. (2003), **Transformational Grammar**, Eleventh Printing, Cambridge University Press.
20- Simth. N , (2004), **Chomsky Ideas and Ideals**, Second Edition , Cambridge University Press.
21- Spencer,A. &M.Zwicky, A. (2001), **The Handbook of Morphology**, Second Edition, Blackwell Publishing.
22 - ŠTEKAUER, P. (2005), **Handbook of Word Formation** , Published by Springer.
23 Trask, R.L, (2007), **Language and Linguistics** , Second Edition, Edited by Peter Stockwell, Routledge
24-W. Gibbs. Jr, (1994), **Poetics of Mind** ,Cambridge University press.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

1- www.linguistics.ucla.edu.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# الخــلاصـة

هذا البحث عنــوانه (( الإنتـاجية في صرف اللغة الكردية)) و هــو بحث و تحلــيل للإنتاجية (Productivity) التي هـــي من مبــاحث علم اللغة الحديث و علم الصرف (بناء الكلمة) في اللغة الكردية. البحث في إطار علم اللغة التوليدي و على منهج الوصفي التحليلي، و يقع في مقدمة و ثلاثة فصول:

جاء الفصل الأول بعنوان ((الإبداع و الإنتاجية في اللغة)) وهو عبارة عن عرض لسمات الإبداع و الإنتاجية في عمليات و قوانين اللغة، و علاقتها بالمستوى الصرفي.

ثم بعد ذلك عرض الإنتاجية الصرفية و أنواعها و قيودها و درجات الإنتاجية في المستوى الصرفي.

و الفصل الثاني بعنوان(( عمليات توليد الكلمات في اللغة الكردية)) إختص بعرض و تحليل العمليات الصرفية و غير الصرفية في اللغة الكردية، ثم بيان دورهما في تنمية و إثراء خزين المفردات و الالفاظ في اللغة الكردية.

الفصل الثالث الذي عنوانه(( الإنتاجية في طائفة من عمليات الصرفية في اللغة الكردية)) يقوم ببحث و عرض إنتاجية طائفة من العمليات الصرفية في اللغة الكردية في مستويات الإشتقاق (Derivation)و التركيب(Compounding) والتصريف(Inflection).

و في نهاية المطاف يأتي عرض بأهم نتائج البحث.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# *Abstract*

This study is entitled "Productivity in Kurdish Morphology". It aims at studying and explaining productivity as part of Kurdish linguistics and morphology. The theoretical framework that has been adopted in this thesis is generative Linguistic and it is carried out according to approved analysis procedure.The thesis consists of an introduction and three chapter:

***Chapter One:***

It is devoted to creativity and productivity in language. It is concerned with the characteristics of creativity and productivity of processes and rules in language and their relation to the levels of language morphology and then morphological productivity, its types and constraints and the levels of productivity in morphology are dealt with.

***Chapter Two:***

It is entitled the processes of word formation in Kurdish language. It shows the morphological and unmorphological processes of Kurdish language and their role in enriching the lexicon of Kurdish language.

***Chapter Three:***

It is devoted to productivity in some of the processes of producing morphology in which the productivity of some of the morphological processes of Kurdish language at derivational level,



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

compounding and inflectional morphology are discussed. This chapter is followed by the conclusions that the researcher has arrived at throughout her thesis and suggestions for further studies. The thesis ends with a list of references and abstract in Arabic and English.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner